# پرۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی

## دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

خاوەنی ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

**سەرپەرشتیارانی پڕۆژە**

**د. لوقمان رەئوف**

**بابان ئەنوەر**

# ویتگنشتاین

**وەرگێرانی: کۆمەڵێك نوسەر**

**بەشی چوارەم**

**75**

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

# ویتگنشتاین

وەرگێرانی: کۆمەڵێک نوسەر
دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ئومێد محەمەد
تایپو هەڵەچنی: کەیوان عومەر- نیاز کەمال- زریان ڕەحیم
ساڵی چاپ: 2017
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
تیراژ: 750 دانە
چاپخانە: حەمدی
نرخ: 2000 دینار
سەرپەرشتیاری چاپ: ژیار عەلادین - حسێن
لەبڵاوکراوەکانی: دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

www· ideafoundation· co
ideafoun@gmail· com
www· facebook· com/dezgai· idea
07701955044 - 0533220180
سلێمانی - گردی سەرچنار- نزیک کۆمەڵگەی بەهاران

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە ( 199 )



# ویتگنشتاین

وەرگێرانی: کۆمەڵێک نوسەر

بەشی چوارەم

75

## خوێنەری بەڕێز:

ئەم نامیلکانەی لەبەردەستدایە، بریتییە لەو پرۆژە فکری و فەلسەفیەی، کە دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە بە پرۆژەی (100) نامیلکەی فکری و فەلسەفی رایگەیاندبوو، ئەم بەشەش بریتییە لە بەشی چوارەم، بەم پێیەش تاوەکو ئێستا لەم پرۆژەیەدا (80) نامیلکەمان چاپکردوە.

بەشی یەکەم بریتییە لە (ئاشنابوون بە بێرکلی، ئاشنابوون بە باشلار، ئاشنابوون بە دیکارت، ئاشنابوون بە هایدگەر، ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 2 بەرگ، ئاشنابوون بە هانا ئارێنت، ئاشنابوون بە هیگڵ، ئاشنابوون بە سارتەر، ئاشنابوون بە نیچە، ئاشنابوون بە ڤۆڵتێر، ئاشنابوون بە سلاڤۆی ژیژەک، ئاشنابوون بە مارکس (8) بەرگ).

بەشی دووەم بریتییە لە (ئاشنابوون بە فیورباخ، ئاشنابوون بە تۆماس مۆر، ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر، ئاشنابوون بە گرامشی 1،2، ئاشنابوون بە ئەرستۆ، ئاشنابوون بە دیموکراسی، ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 3 بەرگ، ئاشنابوون بە ئەرکون، ئاشنابوون بە فۆکۆ، ئاشنابوون بە ئەکیونی، ئاشنابوون بە ئەنگڵس، ئاشنابوون بە جۆن ستوارت میل 3 بەرگ، ئاشنابوون بە جاک لاکان، ئاشنابوون بە لایبنتز، ئاشنابوون بە میکاڤیلی).

بەشی سێیەم بریتییە لە (ئاشنابوون بە پۆڵ ریکۆر، ئاشنابوون بە ئاڵتۆسێر ئاشنابوون بە سپینۆزا، ئاشنابوون بە پۆپەر، ئاشنابوون بە دۆرکهایم، ئاشنابوون بە دریدا،

ئاشنابوون بە لیوتار، ئاشنابوون بە لینین 2 بەرگ، ئاشنابوون بە ترۆتسکی، ئاشنابوون بە بێرتراند راسڵ، ئاشنابوون بە پۆپۆلیزم 2 بەرگ، ئاشنابوون بە ئەفلاتوون، ئاشنابوون بە رۆزا لۆکسۆمبۆرگ، ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار، ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی، ئاشنابوون بە تۆتالیتاریزم 2 بەرگ، ئاشنابوون بە مانیفێستی حزبی کۆمۆنیست)

بەشی چوارەم بریتییە لە (کۆنفۆشیۆس، جۆن دیۆی، پیەربۆردیۆ، مارتن لوسەر، ئالان بادیۆ، ویتگنشتاین، ماوتسی تۆنگ، لیڤی شتراوس، چۆمسکی، والتەر بنیامین، مارتین بوبەر، مۆنتیسکۆ ،سپێنوزا، جولیا کریستیڤا، رولان بارت، رۆدۆلف کارناب، جۆرج باتای، فۆکۆیاما، دیڤد هارڤی، سان سیمۆن).

خوێنەری بەڕێز: بەدەرلەم پرۆژەیەو لەساڵی (2011)دوو بەشی تر بە شێوەی تاک تاک و وەک پاشکۆی گۆڤاری ئایدیا بڵاوکراونەتەوە، بەشی یەکەمیان (16)فەیلەسوفن کە بریتیین لە ( ویتگنشتاین، ئاشنابوون بە دیکارت، ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین ،میشێل فۆکۆ، لۆژیک ئەپستۆمۆلۆژیا، میتافیزیک، لە دیدی فەلسەفیەوە، کۆمەڵگەو دەوڵەت، دیموکراسی ئازادی تاک و کۆمەڵگە،بزوتنەوەی فێمێنیزم، سوقرات، سۆسیال دیموکرات فرۆید، وێنەی ژیان لە بۆچوونی بیرمەنداندا، ئیخوان موسلیمین داینەمۆی بەرهەمهێنانی توندوتیژی، نیچە، ئاشنابوون بە هیوم، ئاشنابوون بە بێرتراند راسل).

بەشی دووەم (25) نامیلکە و بریتین لە (ئاشنابوون بە ئەفلاتوون، ئاشنابوون بە سپینۆزا، ئاشنابوون بە کیرگە

گۆر، ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر، ئاشنابوون بە کارل پۆپەر، ئاشنابوون بە ئالان تۆرین، ئاشنابوون بە سوقرات ئاشنابوون بە ئەرستۆ، ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین، ئاشنابوون بە جان جاک رۆسۆ، ئاشنابوون بە دیڤد هیومئاشنابوون بە نیچە، ئاشنابوون بە فرۆید، ئاشنابوون بە جۆن لۆک، ئاشنابوون بە لینین، ئاشنابوون بە ئەریک فرۆم، ئاشنابوون بە قوتابخانەی فرانکفۆرت، ئاشنابوون بە بزوتنەوەی فیمینیزم، بلیمەتی و شێتی، ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی، ئاشنابوون بە سکیۆلاریزم، ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار، ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف، ئاشنابوون بە یۆرگن هابرمانس، ئاشنابوون بە درێدا)

لە ئایندەیەکی نزیکیشدا بەشی پێنجەم کە خۆی لە کۆمەڵێک فەیلەسوف و چەمکی نوێ، کە ئەمڕۆ لە دونیای فکری و فەلسەفیدا هەن بڵاودەکەینەوە.

ئەم پـرۆژەیـەش لە سـاڵـی (2018)دا بە شێوازێکی نوێ و بە ناساندنێکی تر درێژەی دەبێت، چونکە بە پلەی یەکەم کار لەسەر بیرو هزری فەلسەفەی فەیلەسوفە نوێ و هاوچەرخەکانی دنیای بیریاری دەکات.

ئامانج لەم پرۆژەیەش مەبەستمانە ئەو کردارە بیری و عەقڵی و توانستە بیریانەی، کە بیرمەندو فەیلەسوفەکان بەدرێژایی مێژووی بیری مرۆڤایەتی ناویانە، بەئاسانترین رێگە بگەیەنینە خوێنەر، چونکە بیر هۆکارێکە مرۆڤ لەپێناو هێنانەدی خواست و دیوە شاراوەکانی مێشکدا لە بوارە جیاوازەکاندا بەکاریدەهێنێت، تاوەکو لەو رێگەیەوە داهێنان

و توانست و گەشەسەندنەکان بناسێنێت، لەبەرئەوەی ئەگەر ئەم شەپۆلە بیرییارییە نەبوایە، ئێستا ژیان و پێشکەوتن بەم شێوازە نەدەبوو.

هەروەها دەمانەوێت لەم ڕێگەیەوە خوێنەر هەست بە بیرو ئایدیا جیاوازەکان و گرنگی بیرکردنەوەکان بکات، لەپێناو چارەسەرکردنی گرفتەکان و روانین لە جیهان بەو شێوازەی کە پێویستە لێیبڕوانێت، تاوەکو بگاتە ئەو کردارەی کە دیکارت لەسەرەتای ڕێنیسانسدا رایگەیاند» من بیردەکەمەوە، کەواتە من هەم»، واتە بخوێنەرەوە، بۆئەوەی بتوانیت بیربکەیتەوەو بوونیەتی خۆی بسەلمێنێت.

بۆیە ئەگەر بمانەوێت بیربکەینەوە، پێویستە بەر لە هەر شتێک، هۆکاری بیرکردنەوەکە دەستەبەربکەین، خوێندنەوەش یەکێکە لە هۆکارەکان و بەهۆشیەوە، بیرکردنەوەکان بەرئەنجامی دەبن، چونکە پرۆسەی بیرکردنەوە، لەپێناو هێنانەدی داهێنان و گەشەو پێشکەوتنە، ئەم گەشەکردنەی تەکنۆلۆژیای ئەمڕۆش، بەرهەمی ئەم پرۆسەیەیە.

بۆیە نابێت پرۆسەی خوێندنەوەو بەرۆشنبیریکردن، نەک تاک، بەڵکو کۆمەڵگەش خۆی لێ نەبوێرێت، چونکە تەنها بیرەکان دەتوانن ژیان بگۆڕن، بۆیە پێویستە بەردەوام عەقڵەکان کراوەبن، لەپێناو بەرهەمهێنانی بیری نوێ و بنیادنانی ئایندەیەک، جیاوازتر لەرابردو.

**د. لوقمان ڕەئوف**

2017

# ویتگنشتاین

**پۆڵ ئەستراتێرن**

**وەرگێڕانی: سەباح مورادی، لوقمان ڕەئوف**

**پێشەکی:**

گەر بانگەشەکەی ویتگنشتاین قبووڵبکەین، بەوەی دوایین بیرمەند بوو، ئەوا لە ڕوانگەی ئـەوەوە فەلسەفە بـە چەمکە نەریتییەکەی (فەلسەفەیەک کە بیست و پێنج سەدە لەوەوپێش لەگەڵ یۆنانی کۆن دەستیپێکرد و ئێمە ناسیمان) گەیشتە کۆتایی ڕێگای خۆی، ئەمەش دوای ئەو کارەی دێت، کە لەبەرامبەر بە فەلسەفەدا کردبووی، ئیدی پێنەدەچوو فەلسەفە درێژەی هەبێت.

جێی خۆیەتی فەلسەفە لەڕێگەی بیرمەندێکەوە بگاتە کۆتایی ڕێگاکەی خۆی، کە بەربەستترین و سنووردارترین چەمکی فەلسەفەی هەڵبژاردبوو. (لۆدڤیگ ویتگنشتاین) لۆژیزانێکی بلیمەت بوو، ڕێگە چارەکانی بۆ مەسەلە فەلسەفییەکان، کـەمکـردنـەوەیـان بـوو بۆ گۆڕەپـانـی لۆژیک. بەم شێوەیە میتافیزیکا، جوانیناسی، ئاکار و لەکۆتاییشدا خـودی فەلسەفە، هـەم خۆشی وەلاخـران. ویتگنشتاین بە ئامانجی داخستنی یەکجارەکی و هەتاهەتایی پـەڕاوی فەلسەفە،

بەتەمای دۆزینەوەی (ڕێگاچارەی کۆتایی) بوو بۆ فەلسەفە. بەم ئامانجەش، جارێک هەوڵیدا نەگەیشتە ئەنجام، بەڵام جاری دووەم سەرکەوتنی بەدەستهێنا.

## ژیان و بەرهەمەکانی ویتگنشتاین

لەوانەیە جگە لە لایبنیتس، ویتگنشتاین تاکە فەیلەسوفی گەورە بێت کە دوو فەلسەفەی لێکجیاوازی دانا، لەگەڵ ئەوەی کاتێک ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، ئامانجی کۆتایی هەردوو فەلسەفەکەی کۆتاییهێنان بووە بە فەلسەفە، لێرەوە جدییەت و مکوڕیی شێلگیرانەی هەڵدەسەنگێنین.

باوکی ویتگنشتاین لەم ئامانجەدا ڕۆڵی هەبوو. لەخۆڕا نییە ویتگنشتاین هەر لەو شارەدا گەورەبوو کە زیگمۆند فرۆید تازە لەوێدا بەناوبانگترین بیرۆکەی دنیای خستبووەڕوو. باوکی ویتگنشتاین (کارڵ)، پیاوێکی دیکتاتۆر بوو. کاتێک کە لۆدڤیگی لاو پێینایە گۆڕەپانی ژیانەوە، باوکی بە یەکێک لە سوڵتان و پاشاکانی پیشەسازی ئەوروپا دادەنرا (تەنانەت بەهێزتر لە

بنەماڵەی کرۆپ[1])، زۆرترین کاریگەری لەسەر لایەنی کولتوری هەبوو لە ڤیەننادا (برامس دوای خواردنی نانی ئێوارە پیانۆی بۆ دەژەنی، و لە دنیای هونەردا بە تاکی تەنیا خەرجیەکانی پیشانگای تەلارسازیی ڤیەننای دەستەبەرکرد[2]).
کارڵ ویتگنشتاین کەسایەتیەکی زاڵخواز، ئەندێشەیەکی پلەیەک، تێگەیشتنێکی قووڵی لەسەر کولتور و متمانە بەخۆبوون هەبوو، هەتا ئەو ئاستەی لەو بڕوایەدابوو گەر بیهەوێت دەتوانێت پەلەوەرەکان لەسەر دارەکانەوە شەیدابکات (ئەو ڕۆژانەیش هەستێکی وەهای نەبووایە، پێی خۆشبوو لەسەر لقەکان هەڵیانفڕێنێت).

کارڵ کاریگەریەکی کارەساتباری لەسەر بنەماڵەکەی هەبوو. لۆدڤیگ چوار برای هەبوو، هەموویان زۆر زیرەک و بەچەشنێکی تایبەتی هەستیار و تووڕە و هاوڕەگەزخوازبوون. سێ کەسیان دەستیاندایە خۆکوژی، دەستدانە وەها کارێک، وەک خۆرە تەواوی ژیانی لۆدڤیگیشی داگرتبوو. ئەو برایەی کە زیندوو مایەوە، بوو بە پیانیست و لە شەڕی جیهانی یەکەمدا،

دەستی ڕاستی لەدەستدا، بەڵام سەرەڕای ئەوەش وەک پیانیستێکی چەپلەر، درێژەی بە پیشەکەی خۆیدا، لەگەڵ ئەوەشدا پێشنیاری بە مۆسیقازانە هاوچەرخەکانی دەکرد، تاوەکو چەند کۆنسێرتێکی پیانۆ ڕێکبخەن بۆ چەپلەرەکان، کە لە بەناوبانگترین بەرهەمی لەم چەشنە، ئەو کۆنسێرتەی بوو کە بە ناوی مۆریس ڕاول ڕێکخرابوو، لەگەڵ ئەمانەشدا بە ژیری و زیرەکی براکانی، یان تەنانەت پیانیستێکی پلە یەک دانەدەنرا.

لۆدڤیگ ویتگنشتاین لە (1889/4/26) لە گەڕەکی دەوڵەمەندەکانی ڤیەننا بەناوی «ئالیگاسە» لە کۆشکێکدا لەدایکبوو، (کە ئەمڕۆ بەناوی ئارژەنتینێر شتراسە دەناسرێت)، هەر لەوێش گەورەبوو. بنەماڵەی ویتگنشتاین سەرەڕای ئەوەی بە ڕەچەڵەک جولەکە بوون، ببوونە مەسیحی، بۆیە لۆدڤیگ وەک کاسۆلیکەکان، کەوتە بەر گۆڕینی بەمەستەوە (غسل تعمید). فێرکردنی لە ئەستۆی مامۆستا سەرماڵییەکان بوو (برا گەورە و بلیمەتەکانی کە خۆیانکوشت، تاوەکو کاتە درەنگەکانی نیوەشەو،

لەپشت پیانۆیەکی گەورەوە مۆسیقایان دەژەنی، یەکێک لە خۆشکەکانی، پۆرترەی خۆی پیشنیارکرد و تەواوی بەرهەمە بەرچاوەکانی لە کۆلێکسیۆنە بنەماڵەییەکانی خستەلاوەوە، لەبەرئەوەی کە «ڕەنگ و بۆیان لەگەڵ کەش و هەوای ماڵەکەدا یەکینەدەگرتەوە». لۆدڤیگ لە تەمەنی دە ساڵیدا، بەتەنیا خۆی بە سوودوەرگرتن لە دار و تەل، مەکینەیەکی درومانی دروستکرد. لە چواردە ساڵیدا توانی بە فیکەلێدان هەموو موومێنتەکانی چەندین سەمفۆنیای بەناوبانگ جێبەجێبکات. هەتا ئێرە لۆدڤیگ کەم تا زۆر هاوشێوەی مێردمنداڵێکی گونجاو بوو.

لە ساڵی (1903)دا لۆدڤیگی لاو بۆ یەکەمجار ماڵەوەی بەمەبەستی ڕۆیشتن بۆ خوێندنگەی ڕیالشۆلە کە دەکەوێتە شاری لینتسی بەجێهێشت، هەتا لەوێدا بیرکاری و زانست بخوێنێت. سەیر ئەوەیە لە هەمان کاتدا ئادۆلف هیتلەریش هەر لەم خوێندنگەیەدا بوو. ئەم دووکەسە هاوتەمەن بوون، و بە شێوەی باو دەبێت هاوپۆلیش بن. ویتگنشتاین خۆی بە

خوێندکارێکی ناونجی دەزانـی، کە خرابوویە پۆلێکی بانتر لە هاوتەمەنەکانی، بەڵام هیتلەر لە درەوشانەوەی خۆی لەنێوان هاوقوتابیە کوێر زەینەکانیدا دەدویێت. وێڕای ئەمانەش بەڵگەکانی خوێندنگە ئەوە دەخەنەروو، کە هیتلەر لە پۆلێکی خوارتر لە هاوتەمەنەکانیدا ڕاگیرابوو، کەواتە لەم لایەنەوە ئەم خوێندکارە نێونجیە و ئەو بلیمەتەی ڕەگەزی بانتر قەت هاوپۆل نەبوون.

دوای ئەم قۆناغە ویتگنشتاین بۆ ماوەی دوو ساڵ، خولی ئەندازیاری میکانیکی لە کۆلیژی هونەری شارلۆتنبێرگ لە بەرلیندا بینی، لە ساڵی (1908)دا بۆ درێژەدان بە خوێندن چوو بۆ بەریتانیا. لەماوەی سێ ساڵی سەرەتای نیشتەجێبوونی لەم وڵاتەدا، لە بەشی فڕۆکەوانی زانکۆی مانچستەر سەرقاڵی لێکۆڵینەوە بوو، بەیارمەتی کایت چەند تاقیکردنەوەیەکی لە وێستگەی خوێندنەوەی سەرەوەی بۆشایی لە درێبیشایردا ئەنجامدا. تا ئەم قۆناغە هیچ هێمایەک لەو هێمایانەی کە لەدواییەکاندا تێیدا سەریهەڵدا نەدەبینرا. لەبارەی فەلسەفەوە هیچی نەدەزانی، هاوڕێکانی بە کەسێکی زیرەکیان

دەزانــی، بـەڵام بە بلیمەت دانـەدەنـرا. هـاوڕێ بەریتانییەکانی، لەو سەردەمەدا بەپێی نەریتی تایبەتی بەریتانیا، تەنیا وەک کەسێکی بەڕەگەز ئەڵمانی بە هەڵسوکەوتی سەیروسەمەرەوە لێیـانـدەڕوانـی. ئـەوان هـەڵـە بـوون، چونکە ڕاستە کەسێکی بەڕەگەز نەمسایی بوو، بەڵام هەڵسووکەوتێکی سەیر و سەمەرەی هەبوو.

ویتگنشتاین هەرچەندە زۆر پابەندبوو بە دابەکانەوە، هەندێک جار تاقیکردنەوەکانی بە ڕێکوپێکی دەرنەدەچوو، بەڵام زریانی تووڕەیی سەرتاپێی دەگرتەوە. لە پەیوەندیی لەگەڵ ئەوانی تـردا بیـرئـازادی ڤیەننایی خـۆی ئاشکراکرد، بـەڵام هـەر خێرا هاوڕێکانی تێگەیشتن، کە هەتا چ ڕادەیــەک لـە پێوەندی کۆمەڵایەتیدا لەگەڵ خەڵکی ئاساییدا تووشی سەرلێشێواوی بـووە (واپێدەچێت ئـەم شێوە هەڵسووکەوتە بڕێک لـە مامۆستایان، سـەرمـایـەدارەکـان، و ئـەو وەزیـرانـەی کـە هـاتـۆچـووی ماڵەکەیان دەکرد گرتبێتەوە). هەندێک جار واڕێدەکەوت ڕۆژێکی تەواو و بەبێ ڕاوەستان بەکارێکەوە خـەریـکـدەبـوو، ئـێـوارە کاتێک کـە لـە بانوی

حەمامەکەدا ڕاکشابوو، دەکەوتە بیری خۆکوژی. ڕۆژێکی شەممەش کاتێک کە لەگەڵ هاوڕێکەیدا نەگەیشتنە شەمەندەفەری بلکپۆلدا، بەشێوەیەکی زۆر جیدی پێشنیاری بەکرێگرتنی شەمەندەفەرێکی کرد بە دوو کەس.

لە پرۆژە، یان میکانیزمی دارشتنی باڵی فڕۆکەدا، ڕووبەڕووی هەندێک مەسەلە بووەوە، بەهۆشیەوە کەوتە بیری تیۆری بیرکاریەوە، بەمەش هاندەرێکی خۆڕسکانە و ناخودئاگای تێدادەرکەوت. لە ماوەیەکی کورتدا هەموو بیری خۆی لە بیرکاریدا خستەگەڕ و بە جیدیەتی تەواوەوە هەموو هێزێکی تاکەکەسی خستەسەری. هەرزوو دارشتنی باڵی فڕۆکە و مەسەلەکانی پەیوەندیدار بە بیرکاری لە بیری خۆی بردەوە، هەتا بکەوێتە گەڕان و پشکینی قووڵتر لەبارەی بناغە رەسەنەکانی بیرکارییەوە. دەڵێی هەموو بیری تەرخانکراو بوو بۆ دۆزینەوەی بەردی بناغەی تەواو، لەپێناو دەستگەیشتن بە بڕاوەیی لەدنیادا. هەر لەم کات و ساتەدا سێ برای خۆیان کوشت و باوکی تووشی شێرپەنجە بوو.

کێ لە بارەی بنەماکانی بیرکارییەوە زانیاری هەبوو؟ ویتگنشتاین بە دوایین لێکۆڵینەوە و پێشەنگییەکەی برتراند ڕاسڵی زانی، لەم بوارەدا خێرا دەستی بە خوێندنەوەی پەرتووکە نوێکەی کرد، بەناوی بنەماکانی بیرکاری. لەڕاستیدا لەم کتێبەدا ڕاسڵ هەوڵیدەدا بیسەلمێنێت بنەماکانی بیرکاری لۆژیکین و دەتوانرێت تەواوی بیرکارییە پەتییەکان، لە چەند بنەمایەکی لۆژیکیەوە وەربگیرێت. ویڕای ئەم هەموو هەوڵە، ڕاسڵ دەگاتە لێکدژییەک، ئەو هەوڵیدەدا ژمارەکان بە کەڵک وەرگرتن لە کۆمەڵەکان پێناسە بکات. هەندێک لە کۆمەڵەکان بۆخۆیان ئەندامێکن و هەندێکێکی دیکە ئەندام نین. بۆ نموونە، کۆمەڵەی مرۆڤەکان بۆ خۆیان ئەندام نین لەم کۆمەڵەیە، چونکە ئەم کۆمەڵەیە مرۆڤێک نییە. ویڕای ئەمە کۆمەڵەی نامرۆڤەکان ئەندامێکن لە خۆیان، چونکە خۆشی مرۆڤ نییە، بەڵام ئاخۆ کۆمەڵەی تەواوی ئەو کۆمەڵانەی کە ئەندامی خۆیان نین ئەندامی خۆیەتی؟ گەر ئەندام بێت، کەوایە ئەندام نییە. گەر نەبێت، کەوایە هەیە. تەواوی بیرکارییەکان لەسەر بنەمای

وەها لێکدژیەکی بەڕواڵەت بێ ناوەڕۆکەوە جێگیرکراوە، لێکدژییەک کە بەپێی وتەی ڕاسڵ کاریگەری لەسەر «هەموو بنەماکانی بەڵگەهێنانەوە» بەجێدەهێڵێت. ڕاسڵ کتێبە بیرکارییەکانی خۆی بە بانگهێشتکردنی «هەموو خوێندکارەکانی (لۆژیک)» بۆ چارەسەری ئەم لێکدژیە کۆتاییپێهێنا. ویتگشنتاین بەخێرایی هاتە گۆڕەپانەکەوە. ڕێگاچارەی بگۆڕی ئەو بریتیبوو لە لابردنی تەواوی چەمکی کۆمەڵەکان وەک گریمانەیەکی پاساو هەڵنەگر.

ڕاسڵ وێڕای ستایشی بەهرەی ویتگنشتاین، ڕێگاچارەکەی ڕەتکردەوە، بەڵام قوتاربوون لەدەست ویتگنشتاین، کارێکی ئاسان نەبوو. لە ساڵی (1911)دا بۆ بینینی ڕاسڵ چوو بۆ کەمبریج و لەم چاوپێکەوتنەدا بڕیاریدا، کە لەژێر چاودێریی ڕاسڵدا دەستبکات بە فەلسەفە و ئەندازیاری و واز لەو پیشەیە بهێنێت کە باوکی بۆی هەڵبژاردبوو.

ڕاسڵ ئەم جارەیان لە بەرانبەر دیاردەیەکی زیاتر لە چاوەڕوانکردندا خۆی دەبینییەوە. لەو سەردەمەدا ڕاسڵ تاڕادەیەک بە دیارترین

بیرمەندی ئەوروپا دادەنرا، لەگەڵ ئەوەی ویتگنشتاین بەزەحمەت کتێبێکی فەلسەفیشی دەخوێندەوە. زۆری نەخایاند ویتگنشتاین شەو و ڕۆژ لە ژوورەکەی ڕاسڵدا بوو، لە بابەت تیۆرە دارێژییە فەلسەفییەکانەوە، چەندین کاتژمێر لەگەڵیدا سەرقاڵی مشتومڕ دەبوو، هەندێک جار لە بارەی لۆژیک و هەندێک جار لەبارەی خۆکوژییەوە. بەپێی وتەیەکی ڕاسڵ، ویتگنشتاین «گوڕوتینێکی نامۆی» لەم مشتومڕانەدا بەکاردەهێنا و ئەو هەستەی هەبوو کە »مرۆڤ دەبێت یان تێبگات یان بمرێت». وێڕای ئەمانەش، کاتێک دەگاتە قەناعەت، کە لە دەقێک تێگەیشتووە، هیچ شتێک نەیدەتوانی هاندەری بێت، تەنانەت شوێن پێچەوانەکەشی بکەوێت. ویتگنشتاین بڕوای ڕاسلی بە ئەزموونخوازی، لەسەر ئەم بنەمایەوە کە دەتوانین لە ڕێگای ئەزموونەوە زانست بەدەستبهێنین، قبووڵنەدەکرد. بە بۆچوونی ویتگنشتاین زانست گرێدراوبوو بە لۆژیکەوە. جارێکیان ڕاسڵ بانگەشەی ئەوەی کرد، کە دەزانێت کەرکەدەنێک لە ژوورەکەدا

نییە، بەڵام قبووڵی نەکرد. لە ڕوانگەی لۆژیکیەوە پێدەچوو، کە کەرکەدەنێک لە ژوورەکەدا بێت. دوایی ڕاسڵ لێی پرسی، کە وەها کەرکەدەنێک لە وانەیە لەکوێی ژوورەکەدا بێت و دەستیکرد بە گەڕان لەپشت کورسیەکان و ژێر مێزەکە، بەڵام ویتگنشتاین بە لاسارییەکی زۆرەوە ملی بە قبووڵکردنی ئەوە نەدا، بەدڵنیاییەوە کە ڕاسڵ دەتوانێت ئەوە بزانێت کە کەرکەدەنێک لە ژوورەکەدا نییە.

بەختەوەرانە(یان لەوانەشە بەدبەختانە بۆ فەلسەفە) ڕاسڵ خێرا تێگەیشت، کە ئەم قوتابیە نوێیە پڕ وروووژان و سەرسەختە، شتێک زیاتر لە ڕەزاگرانێکی کۆڵنەدەر و کەسەرهێنەر، هەروەها تێگەیشت کە قوتابییە نوێکەی، پێویستە فێری بنەماکانی لۆژیک ببێت. ڕاسڵ بە بڕێک کێشە و دژوارییەوە وبەکەڵک وەرگرتن لە دەسەڵاتی لەکەمبریجدا، توانی ویتگنشتاین لەپۆلی «جانسۆن»دا بە لۆژیکزانی دیاری کەمبریج دابنێت. بەرهەمی ئەم هەوڵەی ڕاسڵ، شەرمەزاریەکی پەتی بوو. ویتگنشتاین ئەوەی خستەروو »هەر لە یەکەم کاتژمێرەوە،

تێگەیشتم کە جانسۆن بابەتێکی شیاوی بۆ فێرکردن بۆ من نییە». جانسۆنیش بە تانەوە وتی »هەر لەو چاوپێکەوتنە سەرەتاییەدا، خەریک بوو وانەی بە ئەم دەگوتەوە». ئەم چاونەترسی و گوێنەدانە بەوانی تر، بەرەبەرە بوو بە خەسڵەتێکی بەرچاوی ویتگنشتاین.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، ڕاسڵ بە گەورەیی هەرچی تەواوتر لەم قۆناغەی ئاشنایەتیدا، لەگەڵ ویتگنشتایندا وەک »یەکێک لە وروژێنەرترین ڕووداوە هزرییەکانی ژیانی» ناویدەبات. ویتگنشتاین و ڕاسڵ دەستیانکرد بە مشتومڕ لەبارەی بابەتی لۆژیکی بیرکارییەوە، لەو سەردەمەدا ئەوەندە ئاڵۆزبوو، تەنها کەسانێک لە دنیادا کە بە پەنجەکانی دەست دەژمێردران، توانای لێتێگەیشتنیان هەبوو. بە وتەی ڕاسڵ ویتگنشتاین لە ماوەی دوو ساڵدا توانی «تەواوی ئەوەی کە من دەمتوانی پێی فێربکەم فێرببێت». تەنانەت لەمەش زیاتر، ویتگنشتاین توانیبووی ڕاسڵ قایلبکات ئیدی قەت فەلسەفەیەکی داهێنەرانەی نابێت، کە بۆ ئەو کارێکی ئیجگار دژوارە. لەوانەیە تەنیا خۆی

بتوانێت ڕێگایەک بۆ بەرەوپێشبردنی فەلسەفە بدۆزێتەوە.

بەم پێیە ویتگنشتاین هەم باوکێکی نوێی بۆ خۆی دۆزیبووەوە، هەم وردوخاشی کردبوو. خۆشبەختانە ویتگنشتاین هەم زەین و هەم کەسایەتیەکی بەهێزی هەبوو. لەڕاستیدا بەزەحمەت دەتوانرێت لەنێوان ئەم دوانەدا جیاوازی ببینرێتەوە و هەردوولا ئامانجیان لە ژیاندا بەدەستهێناوە. ئەمەش بەتەنیا ڕووخانێکی دەروونی نەبوو لەلایەن ویتگنشتاینەوە. هەنووکە تەنیا شتێک کە دەیتوانی لە ڕووخانی هەموو شتێک، لەوانە خۆی، ڕاییبگرێت «حەقیقەت» بوو.

زیادەڕۆیی نییە گەر زۆرانی ویتگنشتاین لەگەڵ مەسەلەکانی لۆژیکدا، بە خەباتی یەعقووبی پێغەمبەر لەگەڵ فریشتەکەیدا بشوبهێنین. بەو جیاوازییەی کە ویتگنشتاین فەلسەفەی دۆزییەوە، بۆی بوو بە پرسی مان و نەمان. ئەو هەرکەسێکی دیکەی بە سووک تەماشا دەکرد کە جیاواز لەمە بیری دەکردەوە.

بەڵام ئەم قۆناغی لەخۆبایی و خۆسازییە،

هـاوتـابـوو لـەگـەڵ دۆزیـنـەوەی گەلێک لایەنی سەرهەڵدانی دەستخەڕۆیی تیایدا. ویتگنشتاین تێگەیشتبوو کە هـاوڕەگـەزخـوازە. لـەوەی کە زۆربەی کاتی خۆی بە مشتوومڕی جیدی لەگەڵ بیرمەندانی گەنج و تەنیادا بەسەربەرێت، چێژی دەبینی، بەڵام نەیدەتوانی پانتایی ئەم تێکەڵاوێتییە بە هەستی نائاسایی خۆی سـەبـارەت بـەوان پیسبکات. ئـەم خەسڵەتە سروشتییە زۆربـەی بە چاوپێکەوتنە دەگمەنەکانی لە لەندەندا، یان کاتێک کە گەڕایەوە بۆ وڵاتەکەی، چاوپێکەوتنە جـاروبـارەکـان لـە پـراتـێـر، پـارکـی نـاوەنـدی ڤیەننا، تـاڕادەیـەک هـێـوردەبـووەوە. هـەر ئەم پەرچەکدارانە پەرەی بە قەیرانە دەروونییەکەی دەدا. ئەو کە لە لوتکەکاندا بوو دێوێکی بلیمەت بـوو، بـەڵام بــەردەوام لـە سـێبـەردا دەژیـا و گەیشتبووە جێگایەک، کە ئیدی هەموو شتێک لە دەستی دەرچووبوو. ویتگنشتاین دوای مردنی باوکی «جوانترین مردنێک کە دەتوانم وێناییبکەم، ئـەوەیـە کـە وەک مـنـداڵ خــەوی لـێـکـەوت»، بەمەبەستی بـەربـەرەکـانێ لـەگـەڵ پرسەکانی لۆژیکدا، بەهێزێکی نوێوە گەڕایەوە بۆ کەمبریج.

هەنووکە کاتێکی تاڕادەیەک خۆشی لەبەردەمدا بوو. لە ساڵی (1913)دا لەگەڵ هاوڕێکەی دەیڤید پینسنت، کە بیرکاریزانێکی گەنجی پڕبەهرە بوو، لەپێناو بەسەربردنی پشووی هاوینە، چوو بۆ گوندێکی دوورەپەرێز بەناوی ئیسکیۆلدێن لە باکوری هاردانگرفیۆرد لە نەرویج. هەردووکیان وەک منداڵ لە پێکەوە ئاخاوتن چێژیان وەردەگرت. وێڕای ئەم وەسفەش ویتگنشتاین پێدەچوو بۆ کەسێکی ئاسانگر و ڕەچاوکاری وەک پینسنێت هاوسەفەر و هاودوێنێکی ئەوەندە ئاسودە و بەردڵ نەبوو. ویتگنشتاین پێداگربوو لەسەر ئەوەی، هەموو ڕۆژێک چەند کاتژمێرێک سەرقاڵی لۆژیک بێت. پینسنێت دەیگێڕێتەوە «ئەو لەکاتی کارکردندا وەها ڕاهاتبوو پیاسەبکات و بەردەوام لەگەڵ خۆیدا (بەزمانێکی تێکەڵ لە ئینگلیزی و ئەڵمانی) دەدوا». هەرچەندە جارناجارێک لەسەر بێ بایەخترین مەسەلە دڵگران دەبوو. ڕاوەستانی پینسنێت بۆ وێنەگرتن لە دیمەنێک، یان ئاخاوتن لەگەڵ کەسێکی نەناسراو لە شەمەندەفەردا، دەیتوانی ببێتە هۆی توورەبوونی ویتگنشتاین

و بەهۆی ئەمەشەوە تۆرانێکی درێژماوەی لێبکەوێتەوە. ئاشکرا نییە کە تا چ ڕادەیەک ئەم هەڵسووکەوتە نارێسایییە ڕیشەیەکی لە غەریزەی زاڵخوازانەی ئەودا هەبوو، هەروەها تا چ ڕادەیەک لە هەستی ئێرەییەتی لە بارەی کەسێکەوە، کە خۆشی دەویست سەرچاوەگرتوو بوو (یان ئیتر لێکدژییە سەرچاوەگرتووەکان لە ئەوینێکی نەدرکاو)دا بوو.

لەگەڵ بەسەربردنی کاتی پشوودا، هەڵسووکەوتی ویتگنشتاین سەیرتر و تووڕەتر دەبوو. ئەو کەوتبووە سەر ئەو بڕوایەی بەم زووانە دەمرێت، لەم بارەوە لەگەڵ پینسنێتدا دەدوا. پینسنێتیش بەو ئاکامە گەیشتبوو کە «ویتگنشتاین شێتە». ڕێک هەر لەم سەردەمەدا ویتگنشتاین لە کۆمەڵە پێشڕەویەکی نوێدا بوو لە لۆژیکدا و نزیکببووە لە ڕێگەچارەی کۆمەڵە پرسێک کە لەمپەڕ بوون لە ڕێگای ڕاسڵدا، لە بەرامبەر دۆزینەوەی بنەماکانی لۆژیکی بیرکاری. تەنیا پەرۆشییەکەی ئەمە بوو، کە وای هەستدەکرد بەرلەوەی هەقیقەت بە خەڵکی ڕابگەیەنێت، دەمرێت. ویتگنشتاین لە دووتۆی

نامەیەکدا بۆ ڕاسڵ داوایکرد کە «تازووە» یەکتر ببینن، هەتا بتوانێت ئەو هەڵوێستانەی کە ڕاسڵی بەلاڕێدا بردبوو پیشانیبدات.

وێڕای ئەم قەیرانانە، لەم سەفەرەدا گەڕایەوە بۆ بەریتانیا و بە پینێستی وت، ئەمە باشترینی ئەو پشووانەی بووە، کە هەتا ئەم سەردەمە هەیبووە. پینێست لە پەڕاوی بیرەوەریەکانیدا وەک ئینگلیزیەکی تەواو، بە تێبینییەکی تایبەت نوسیبووی: هەرچەند ویتگنشتاین «چەندجارێک هەولّیداوە»، بەڵام ئیدی ئامادە نییە قەت بۆ جارێکی دیکە لەگەڵیدا هاوسەفەربێت. لەم کات و ساتەدا، ویتگنشتاین چەندجارێک بە پەرۆشەوە داوای چاوپێکەوتنی لە ڕاسڵ کرد. لەم چاوپێکەوتنانەدا بەڕادەیەک ورووژابوو، کە ڕاسڵ لە لۆژیکدا سەری لە بەڵگەهێنانەوە ئاڵۆزەکانی ئەو دەرنەدەکرد، بەڵام کاتێک کە ویتگنشتاین ملی بە پێشنیارەکەی ڕاسڵ نەدا، کە دەیویست بیرۆکەکانی بخاتە سەر کاغەز، هەتا گەیشتە قۆناغی بنبەست، ئەم جارە ڕاسڵ بەجیدی تووڕە بوو. وێڕای ئەمانەش ڕاسڵ سەرکەوتنی بەدەستهێنا، کە هاوڕاییەتی

ئــەوی بـۆ ئـامـادەبـوونـی خـێـرانـوسـێک لە مشتوومڕەکەیاندا ڕاکێشا، هەتا دەقی تەواوی وەڵامەکانی ویتگنشتاین بە پرسیارە وردەکانی ڕاسڵ بنووسرێتەوە.

یاداشتەکانی ئەم خێرانووسە، بوو بە بنەمای یەکەم بەرهەمی ویتگنشتاین بەناونیشانی «چەند یاداشتێک لەبارەی لۆژیکەوە». لەم یاداشتانەدا ویتگنشتاین کۆمەڵێک ڕەچاوکاری هۆشمەندانە و ژیرانە پێشنیاردەکات، کە بڕێکیان بە شێوازێکی سەرسوڕهێنەر ساکارن (بۆنموونە: ئەمەی کە (A)شتێک نییە، جگە لە پیتە ئەلفبێکانی(A)). ڕاسڵ خێرا ئەوەی وەرگرت کە ویتگنشتاین هەوڵیدەدا بیچەسپێنێت: لەپێناو خۆلادان لەو لێکدژییانەی کە لە بیرۆکەی کۆمەڵەکانی ڕاسڵ بەدەستهاتووە، شتەکان لەبری وتن، دەبوو بە شێوەی سیمبوڵ پیشانبدرێن، (چونکە ئەوانە بۆ وتن نابن و لەڕاستیدا نەوتراون). ئەم خاڵە لە باشترین هەلومەرجیشدا، دەکرا بە دژواری تێبگەین. لەڕاستیدا پێدەچێت ڕاسڵ تەنیا کەسێک بووبێت، کە تێگەیشتبێت ویتگنشتاین دەیەوێت چی بڵێت، گوایە بڕیاربووە ئاوەهاش بمێنێتەوە،

لەبەرئەوەی کە هەر بەو چەشنەی ڕاسڵ دەڵێت «پێموت کە نابێت بەتەنیا ئەو شتەی کە تۆ پێت ڕاست بێت، بەس بێت، بەڵکو دەبێت بۆ سەلماندنی بەڵگە پێشکەشبکات، بەڵام ئەو لە وەڵامدا وتی: بەڵگە جوانیی ڕاستی قیزەون دەکات، هەستدەکات کە جوانیی گوڵ بە دەستە پیسەکانی پیسکردوە». ویتگنشتاین تەواوخواز بوو. لە ڕوانگەی ئەوەوە گوێگرەکەی، یان دەبوو خێرا مەبەستەکەی بەتەواو و کەماڵ تێگەیشتبا، یان هەر گوێدان بە وتەکانی بە شێوەیەکی ڕەها بێبەرهەم بوو. لەم کتێبە بڵاونەکراوەیدا ویتگنشتاین بڕێک ڕای خۆی لە بابەت فەلسەفەشەوە گونجاند. لەئێستادا ئەم ڕایە خراوەتەڕوو. لە ساڵی (1912)دا هیچ کەس بەم شێوەیە بیری نەدەکردەوە. لەم ڕایانەدا هەر ئەو هەڵنجێنانە لە فەلسەفە دەبینرێت، کە ئەو لە تەواوی تەمەنی خۆیدا هەڵیگرتن. لە جێگایەکی دیکەدا نوسیویەتی «دەرئەنجام جێگایەکی لە فەلسەفەدا نییە، هەرچییەک کە هەیە وەسفێکی ڕووتە». لە ڕوانگەی ویتگنشتاینەوە فەلسەفە هیچ وێنەیەک لە ڕاستێتی بەدەستەوە نادات.

فەلسەفە نە لێکۆڵینەوەی زانستی بەڕاست دەزانێت، نە ڕەتیشیدەکاتەوە. ئەو دەیوت «فەلسەفە بریتییە لە لۆژیک و میتافیزیکا، کە شادەماری سەرەکی لۆژیکە». لەڕوانگەی ئەوەوە فەلسەفە کەمتر لەگەڵ ڕاستیدا و زۆرتر لەگەڵ خوێندنەوەی زماندا سەروکاری هەیە. دەیوت «بێمتمانەیی بە دەستوری زمان، مەرجی یەکەمی کاری فەلسەفییە».

ویتگنشتاین فەلسەفە و لۆژیکی بە یەکسان دەزانی. لەم ئاراستەیەدا تەواوی ئەو فەلسەفەی کە دواتر دایڕشت، دەتوانرێ بەوشێوەیەی دەڵێت بیدۆزێتەوە. بەواتایەکی دی، لەم قۆناغە بەدواوە تەواوی ژیانی بۆ شرۆڤە و کردنەوەی ئەم تێبینیانە و پێویستییەکانی تەرخانکرد. وێڕای ئەمانەش بەر لە سەرقاڵبوون بە فەلسەفە نوێکەیەوە، بەم ئەنجامە گەیشت، کە لەوانەیە کاتی ئەوە بێت، خوێندنەوەیەکی بۆ ئەم بابەتە سەرنجڕاکێشە هەبێت. هەتا تێگەیشتن لەوەی کە خەڵکی بە چ ئەنجامێک گەیشتوون، زیانی نەبوو. پینسنێت دەنوسێت» لەکۆتاییدا ویتگنشتاین دەستی کردوە بە خوێندنەوەیەکی

ڕێکوپێکی(فەلسەفە) و سەرسوڕمانی ساویلکانەی خۆی دەردەبڕێت، لە هەڵە و خراپ تێگەیشتنە شەرمهێنەکانی ئەو بیرمەندە گەورانەی، کە ڕۆژگارێک لەڕووی نەزانییەوە ستایشی دەکردن».

لەم سەردەمەدا ویتگنشتاین بڕیاری گەڕانەوەی دا بۆ نەرویج و دوو ساڵ لەوێ گۆشەگیر بوو «هەتا بتوانێت سەرقاڵی لۆژیک بێت». تەنانەت بۆ مرۆڤێکی وەک ویتگنشتاینیش ئەمە کارێکی قورس و دژوار بوو. بەپێی بەسەرهاتە درەوشاوەکەی کە لە نوسینی «ڕی مۆنکە»، ڕاسڵ ئەم هزرەی بە هزرێکی گۆترەکاری و شێتانە دەزانی و ئەوپەڕی هەوڵی خۆی خستەکار، بۆ پاشگەزکردنەوەی لەو سەفەرە «پێموت لەنەرویج دا ئاسمان زۆربەی کات تاریکە. لەوەڵامدا وتی کە بێزارە لە ڕووناکی ڕۆژ. پێموت کە تەنیا دەبیت، لەوەڵامدا وتی لەوەی کە تا ئەو ڕۆژە، کاتی خۆی بۆ ئاخاوتن لەگەڵ بیرمەنداندا بەکاربردوە، هەست بەخۆفرۆشی دەکات. کاتێک کە پێموت شێتی، لەوەڵامدا وتی کە خوداوەند لەعاقڵبوون بەریم

بکات (خـوداش بێکەم و زیاد کارێکی وەهای کرد)».

پینسنێت لـە کـاتـی ماڵئاواییکردن لەگەڵ ویتگنشتایندا، ئیجگار پەرۆش بوو (هەرچەندە هیچ کامیان نەیاندەزانی ئەم ماڵئاواییە درێژە دەکێشێت). ویتنگشتاین حـەپـەسـاو دەهـاتـە بەرچاو، وێڕای ئەمانەش بە تەواوەتی دیاربوو کە بۆ ئەم سەفەرە قۆڵی لێهەڵماڵیوە.

لەکۆتاییدا بە بەلەم کەوتەڕێ بۆ نەرویج و ئەو جێگەی کە دەیویست بە زوویی دۆزییەوە. کەوێڵێک بوو لە «نەوەد مایلی باکوری هاردانگر فیـۆرد» کـە لـە نزیکترین گوندبوو بـە نـاوی (ئیسکیۆلدێن)، دەبوو تائەوێ تەنیا بە پاپۆڕی سـەوڵـی بڕویشتایە. لـە تـەواوی ئـەوروپـادا زەحمەت بوو بتوانرێت جێگایەکی دوورتر لەمە بدۆزیتەوە، کە تا بەم ڕادەیـە دوور بێت لەو شوێنەی، کە ئـەوی تێدا پـەروەردەببوو ــ و لەوانەشە جگە لەمە هیچی تری نەویستبێت، یان خوی هەر ئەمەی ویستبێت.

لـەگـەڵ ئـەوەی ویتگنشتاین لـە زستانێکی دووورودرێـــژ و تـاریـک و ســـارددا کـەتبووە

گۆشەگیرییەکی قوولەوە، لەبەرئەوەی «سەرقاڵی لۆژیک بێت» سەیر نییە، کە هەر خێرا لە دوتوێ نامەیەکدا بۆ ڕاسڵی نوسی «زۆربەی کات بیردەکەمەوە کە خەریکم شێتدەبم»، بەڵام نامەکانی بۆ ڕاسڵ باسی لە پێشکەوتنە سەرسامکەرەکان لە بواری لۆژیکدا دەکرد. ئەو ڕاستەوخۆ کەوتبووە دوای ئەو هەوڵەی ڕاسڵ لەبەرانبەر دۆزینەوەی بنەمای لۆژیکی لەکایە بیرکاریەکاندا، بەڵام ئەم زیاتر لە ڕاسڵ شتی خستەڕوو، لەبەرئەوەی بەدووی دۆزینەوەی ڕێچکەیەکەوە بوو بۆ خودی لۆژیک.

ویتگنشتاین گەیشتە ئەو ئەنجامەی دەتوانین دروستی یان نادروستیی ڕاڤەکارییە لۆژیکییەکان بەجیا لە بەشە پێکهێنەرەکانیان پیشانبدەین. بۆنموونە گەر بڵێین «ئەم سێوە، یان سورە، یان سور نییە» ئەم لێکدانەوەیەمان هەمان شتە (بەو واتایەی کە بەردەوام دروستە) و بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەم مەسەلەیە، کە داخۆ سێو سورە یان نا، ئەم لێکدانەوە بەردەوام دروستدەبێت. بەم پێوانەیە گەر بڵێین»ئەم سێوە نە سورە و نە سور نییە» ئەمە لێکدژیە

(بەو واتایەی کە بەردەوام هەڵەیە). گەر ئێمە شێوازێکمان هەبوایە بەیارمەتی ئەو دەمانزانی کە کام گوزارشتی لۆژیکی هەمان وتەیی، یان لێکدژیە، یان هیچکام لەمانەیە، ڕێسایەکمان دەبوو کە دەمانتوانی دروستی هەموو ڕاڤەکارییەکانی پێ دیاریبکەین، ئەم ڕێسایە کە لەشێوەی لێکدانەوەیەک دەخرێتەڕوو، دەبێتە ماک و توخمی هەموو لۆژیک.

ویتگنشتاین بۆ پرسێکی وەک پاراستنی تەندروستی خۆی، ئامادە نەبوو بگەڕێتەوە باوەش ژیار، بەڵام لەگەڵ بیستنی هەواڵی نەخۆشیی دایکی، هەستی بەوەکرد کە دەبێت بڕوات بۆ ڤیەننا. لە سەرەتای گەیشتنی بۆ شار، زانی کە بووەتە خاوەن سامانەکەی باوکی، بەڵام پێی باشتر بوو کە سامانی بنەماڵەکەی هێمنی ژیانەکەی نەشێوێنێت، هەربۆیە بڕیاریدا خۆی لەو شەڕە قوتاربکات. بۆ ئەم مەبەستە بە شێوەیەکی نەناسراو دەستیکرد بە تەخشان و پەخشان بۆ ژمارەیەک لە شاعیرە نەمسابییەکان. لەم بوارەشدا ئەوانەی هەڵبژارد، کە پەیوەندیکی ڕۆحی لەگەڵیاندا هەبوو، یەک لەوانە ڕیلکە بوو،

چونکە هونراوە غەزەلیەکانی باسیان لە لایەنی مەعنەوی توندوتیژ دەکرد، یەکێکی تر »تراکل« بوو، کە هۆنراوەکانی باسیان لە ڕازە ئاڵۆز و خەماوییەکان دەکرد، چونکە لەبارەی دڵەڕاوکەی تاوان و لەناوچوونەوە بوون.

بە دەستپێکردنی جەنگی جیهانیی یەکەم، ویتگنشتاین داوای کرد بچێتە خزمەتکردن لە سوپای ئیمپراتۆری نەمسا-هەنگاریادا. هاوڕێی پینسێنتیش لە سوپای بەریتانیادا ناوی نوسی و بەم شێوەیە دوو هاوڕێ کەوتنە دوو بەرەی دژبەیەکەوە. خوازیاربوونی ویتگنشتاین بۆ چوونە خزمەتکردن لە شەڕدا، نەک بەهۆی هاوڕابوونی لەگەڵ ئەندێشە دەسەڵاتخوازانەکانی ئەڵمانیادابوو، بەڵکو وەڵامێک بوو بۆ چەشنێک لە هەست بە ئەرکدارێتی. وەک ئەندامێک لە بنەماڵەی ویتگنشتاین، تەنانەت دەیتوانی وەک پلەی ئەفسەری بچێتە ناو ڕژیمەکەوە، بەڵام پێی باشبوو سەربازێکی سادەبێت_ کە بڕیارێکی ئیجگار مەترسیداربوو. ئەو هەر لەو سوپا نەشیاوەدا خزمەتی دەکرد، کە «هاشک» لە کتێبی «شوایک سەربازی جەربەزە» دەیداتە

بەر تیری گاڵتەپێکردن و فەرماندەی بەرەی ڕۆژئاواییەکەی ئەم تەلیگرامە لەبیرنەچووەی بۆناردبوو: «هەلومەرج بەتەواوەتی هیوابڕە، بەڵام قەیراناوی نییە». ویتگنشتاین بۆ شەڕکردن لەگەڵ ڕووسەکاندا چووە بەرەی ڕۆژئاواییەوە، کە لە پڕخەسارترین گۆڕەپانەکان بوو. شوێنی خزمەتی ویتگنشتاین لەبەرەی ڕۆژهەڵاتیدا سەرەتا لەسەر پاپۆڕێکی شەڕکەری تۆپدار لە گالیسیا(لە باشووری ڕۆژهەڵاتی پۆلۆنیای ئێستا)دا بوو، بەڵام دواتر ڕاگوێزرایە یەکەی تۆپخانەوە. لەسەردەمی شەڕدا درێژەی بە نوسینی بیرە فەلسەفیەکانی خۆی دا لەناو پەڕاوێکدا کە پێی بوو. لەم سەردەمەدا جگە لە کاری بنەڕەتی لەسەر فەلسەفە دووبارە تووشی وەسوەسەی خۆکوژی ببووە. ویتگنشتاین سەرەڕای ئەم ئاڵۆزیە زەینیانە، سەربازێکی بوێر و ئازا بوو، ئەم بوێریە لە سەردەمی شەڕدا، دوو میدالیای شانازی پێوەرگرت(لەنێوان بیرمەندە سەربازەکاندا(تەنیا ڕکابەری سوقرات بوو).

کەسایەتی ویتگنشتاین لێوانلێو بوو لەم

لێکدژییانە. بەپێی ئەم خەسڵەتە، هیچ هۆکارێکی نەبینی، تاوەکو هۆکاری ئەم ئاڵۆزیە لەدەروون و زەینی خۆیدا بارودۆخەکە چاک بکات، بەڵکو لەسەر ئەم بڕوایەبوو، کە نمونەیەکە بۆ سروشتی مرۆڤی ڕاستگۆ ودروستکار. ویتگنشتاین، ئاوەها باسی ژیانی خۆی دەکرد، کە ژیان «پرسێکی عەقڵانی و ئەرکێکی ئاکارییە». ئاراستەی هزرانی و ئاکاری کەسایەتی ئەو تا ئەم سەردەمە دوو دەق و بابەتی لێکجیابوون، کە هەریەکێکیان دەبووە هۆی جوڵانی ئەویدی. تەنیا لەڕەوتی شەڕدا ئەم دووانە پێکەوە گرێدران.

لەژێر گوشاری هزری بەردەوامدا (لەلای خۆیەوە) و هەڕەشەی مردن (کە هەم لە شەڕەوە سەرچاوەگرتوو بوو هەم لە وەسوەسەی خۆکوژی) ویتگنشتاین جارێکی دی خۆی لەو بارودۆخە ئاشنایەی، سەر لێوارەی هەڵدێردا بینییەوە. لەسەردەمی ئارامیەکی کاتیدا لەبەرەی گالیسیادا، کتێبفرۆشیەکی بینی نوسخەیەک لەکتێبی «کورتکراوەی ئینجیل»لەنوسینی تۆلستۆی دەستکەوت، لەبەرئەوەی کە جگە

لەمە کتێبێکی دی لە جانتای کتێبفرۆشیەکەدا نەبوو کڕی. هەتا ئەم سەردەمە ویتگنشتاین لەگەڵ مەسیحیەتدا ناکۆک بوو. بە پێوەندیداری دەزانــی لـەگـەڵ ژینـگـەی ڤـیـەننا، بنەماڵەی خـۆی، وەک لـەدەسـتـدەری بنەمای لۆژیکی، هەڵسووکەوتی خۆشکێنانە و نـەرم و نیان، هـەروەهـا شتە بـێـزراوە ناپێوەندیدارەکانی دەبینی، بـەڵام خوێندنەوەی کتێبی تۆلستۆی کاریگەری ئاینی لەسەر ویتگنشتاین هەبوو. لـەمـاوەی چەندرۆژێکدا، بـوو بەمەسێحیەکی بـاوەڕدار. هەرچەندە ئەم برِوا گۆڕینە ڕەنگ و ڕوویەکی بەتەواوەتی ویتگنشتاینی هەبوو. لـەگـەڵ ئـەوی بەجیدی هـەوڵـیـدەدا بڕواکانی بهێنێتە چوارچێوەی ژیانییەوە.

لەمە بـەدواوە لە یادداشتەکانیدا تێبینییە ئاینییەکان لەپاڵ باسی لۆژیکدا دەبینرێن. هەر زوو لێی ڕوونبووە، کە ئەم دوو بابەتە جگە لە لاساری هزری هاوبەشیگەلێکیان پێکەوە هەیە. هەریەکەیان بەشێوەیەکی بەرچاو کاریگەرە لەسەر ئەویتر. تەنانەت ئاینییەتی ویتگنشتاینیش دەبوو هەڵگری هێز و ڕوونییەکی لۆژیکی با

«دەزانم کە ئەم دنیا بوونی هەیە، لەبەرئەوەی منی تێدام، هەر وەک چاو لەپانتایی بینیندا»، بەڵام مەسەلەیەکی ئاڵۆز وکێشەدار لەبارەی ئەم دنیایەوە هەیە، کە ئێمە ناوی دەنێین واتای جیهانی، بەڵام ئەم واتایە نییە لە هەناوی دنیادا، بەڵکو دەکەوێتە دەرەوەی دنیا «واتای ژیان، واتە واتای دنیا، دەتوانین ناوی بنێین خودا». لەڕوانگەی ئەوەوە، پەرستن هەر ئەو بیرکردنەوەیە بوو لەبارەی واتای ژیانەوە(هەر بۆیە لە سەراسەری ژیانیدا، تەنانەت سەردەمێکیش کە نە بڕوای بەخودا هەبوو، نە بەواتای ژیان، لەهەموو حاڵەتێکدا خەریکی پەرستش بوو، ویتگنشتاین قەت نەیتوانی زاڵ ببێت بەسەر هەڵەبوونی خۆیدا).

ویتگنشتاین دوایی دەچێتەسەر پرسی ویست و ئیرادە. مەبەستێک کە لە ژیانیدا، گەر نا لە فەلسەفەکەیدا، بە توخمێکی بەجەستە دەژمێردرا. ئەو بەم بانگەشە ئاشکرایەوە دەستپێدەکات، کە دەزانێت ویست و ئیرادەی دنیا دەتەنێتەوە، دواتر ئاوەها بانگەشە دەکات کە «ئیرادەی من یان چاکەیە، یان خراپە، هەر بۆیە چاکە و خراپە

بە جۆرێک لە جۆرەکان لەگەڵ واتای جیهاندا پێوەندی هەیە»، بەڵام بەڕاستی ویتگنشتاین لە کوێوە دەزانێت کە ویستی، یان چاکەیە یان خراپە و لە بنچینەدا مەبەستی لە چاکە و خراپە چییە؟ لە لایەکی ترەوە گەر ئیرادەی ئەو دەکەوێتە ناوەوەی جیهانەوە و واتای جیهان لە دەرەوەی ئەوەیە، دژوارە بتوانین تێبگەین، کە ئەم دووانە چۆن دەکرێت»بەجۆرێک پێوەندیان بە یەکەوە هەبێت؟».

بەم جۆرە جارێکی دی ویتگنشتاین پێیوابوو کە بەڵگەهێنانەوە، جوانی بانگەشە و داوا سەرسوڕهێنەکانی دەڕووشێنێت. ڕاسڵ هەوڵیدابوو ئەم خووە خراپە فەلسەفیەی چاک بکات، بەڵام هەنووکە بە تاوانی دژایەتی لەگەڵ شەڕدا لە زیندانێک لە بەریتانیادا دەستبەسەر بوو. بەهەرحاڵ بڕیاربوو ویتگنشتاین پێداگری بکات لەسەر ئەم شێوە بێزارکەرەی خۆی، کە کەم و کوڕیەک بوو بۆ فەلسەفە سەرەتاییەکەی. ئایا ئەمە خاڵی لاوازی بوو؟ وادیاربوو کەم تا زۆر دەیزانی دەیەوێت چ بکات. خستنەڕووی بانگەشەگەلێکی وەها سەرسوڕهێنەر، بەبێ

هەرچەشنە ئاراستە و بەڵگەیەک هێزێکی شێوەسەرۆی دەدایە وتەکانی. ئایا ویتگنشتاین لەوەی زیاتر بەپەرۆشی هەقیقەتەوە بێت بیری لە کارتێکردن دەکردەوە؟ پێدەچوو لەبەرانبەر وەها ڕادەربڕینێکدا دەتۆقا. وێڕای ئەمانەش جێگای نکوولێلێکردن نییە کە پۆیەکی ناسک، بەڵام جیاواز لەهەموو ژیانیدا تەنرابوو، کە بە شێوەیەکی گوماناوی بە مرۆڤێکی ڕواڵەتی و خۆنوێن دەیخستەبەرچاو. ویتگنشتاین چ مرۆڤێکی ڕواڵەتی بووبێ یان نا، کەسێتیەک بوو لەڕەهەندێکی ئەفسانەییدا (هەرچەند خۆی ڕاستگۆیانە ئەمەی پێ خۆش نەبوو). تەنیا دەتوانین وەها گریمانەیەکمان هەبێت، کە مەیلی بەوەی کە ببێتە جێی سەرنج، لانیکەم تاڕادەیەک نائاگایانە بوو.

لە ساڵی (1918)دا ویتگنشتاین پلەکەی بەرزکرایەوە بۆ پلەی ئەفسەری و گوێزرایەوە بۆ بەرەی ئیتاڵیا. بە درێژایی شەڕ توانیبووی بەهەر شێوەیەک بووبێت، نوسینە جارجارەکانی لەگەڵ هاوڕێکەی دەیڤید پینسێنتدا بپارێزێت، بەڵام لەکۆتاییدا نامەیەکی پێگەیشت کەباسی

لەکوژرانی دەکرد لەشەڕەکەدا. دایکی پینسنێت لەم نامەیەدا نوسی «دەمەوێت پێتبڵێم کە تا چ ڕادەیەک و تا دوایین سات خۆشی ویستووی». بەبێ ئەوەی لەواتایەکی تایبەتی تێبگات، کە ئەم قسەیە بۆ ویتگنشتاین بوو. (هەموو بەڵگەکان باسکاری ئەمەیە، کە پینسنێت لەناوەڕۆکی ڕاستەقینەی هەستی ویتگنشتاین سەبارەت بەخۆی، بەتەواوەتی نائاگابوو). ویتگنشتاین لەوەڵامی دایکی پینسنێتدا نوسی» دەیڤید یەکەمین و تەنیا هاوڕێی من بوو» ئەو یەکەم بەرهەمی گەورەی خۆی پێشکەش بە بیرەوەری دەیڤید پینسنێت کرد.

سەرئەنجام لە ساڵی (1918)دا هەوڵە شەڕانییەکەی نەمس- هەنگاریا بە خۆبەدەستەوەدانێکی سەرشۆڕانە کۆتاییپێهات، لەبەرەی ئیتاڵیادا زۆرێک لە ئەفسەرە نەمساییەکان بەرەڵاکرد و خێرا بە شەمەندەفەر ڕێی نەمسایان گرتەبەر، بێگومان ویتگنشتاین کەسێکی وەها نەبوو. دژوارە بتوانین زیادەڕۆیی بکەین لەوەدا، کە ویتگنشتاین تا چ ڕادەیەک لەژیاندا پابەندی بنەما بوو. گەورەترین

ساتەکانی بێ هیوایی لەژیانیدا، بەردەوام ئەو کاتانەبوون، کە بەکاتی کارەکەی سوک دەبوو و دەیبینی تا چ ڕادەیەک لەبنەمایەکی ئیجگار بەرز و نەگونجاو کە بۆ ژیانی لەبەرچاوگرتبوو، دوورکەوتووەتەوە.

سەردەمێک کە ویتگنشتاین لەلایەن ئیتاڵییەکانەوە بەدیلگیرا و لە کۆڵەپشتەکەیدا تەنیا بەرگی دەستنوسی کتێبە فەلسەفییەکەی هەبوو، کە لە سەردەمی شەڕدا نوسیبووی. کە لە ئەنجامدا ئەم کتێبە ناوی تێزی لۆژیکی – فەلسەفی لێنراو بوویە یەکەم بەرهەمی فەلسەفی گەورە لەم چاخەدا. ڕێک لەیەکەم ڕستەکانی ئەم کتێبەدا دیاربوو کە فەلسەفە پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێوە.

1. «جیهان هەمووی ئەوەیە کە دۆخی ڕاستەقینەیە».

1 .1 «جیهان کۆی بوونەکانە، نەک کۆمەڵەی شتەکان».

بڕیارە ڕوون و پڕدەنگەکان، یەک لەدوای یەک گەلاڵە دەکرێن و لکەمێک ڕەها لە یاسا یان بەڵگەهێنان لێکیان دەئالێنێت.

1. 13»بوونەکان لە کەشی لۆژیکیدا بریتین لە جیهان. »

1. 2» جیهان دابەشدەکرێت بۆسەر بوونەکان. »

ئەنجامگیری کتێبەکە تەنانەت لە دیکەی بڕیارەکان زیاتر لەبیرنەکراوە:

7) «ئەوەی کە ناتوانین لەبارەیەوە بدوێین، دەبێت لەبارەیەوە بێدەنگبین». (وەرگێڕانی دێڕەکان گێڕانەوە لە «تێزی لۆژیکی- فەلسەفی» وەرگێڕانی میر شەمسەدین ئەدیب سوڵتانی، (1371)، تاران، بڵاوگەی ئەمیرکەبیر).

کەمن ئەو کتێبانەی کە بەڕاستی ڕێچکەی فەلسەفەیان بە چەشنێکی ئاوەها سەرنجڕاکێش گۆڕابێت. وەها پوختبێژی و ژیرییەک تەنیا لە وتەی سوقرات «خۆت بناسە»، دیکارت «بیردەکەمەوە کەوایە هەم» و نیچە «خودا مردووە»دا دەبینرێت. تێزی لۆژیکی-فەلسەفی ویتگنشتاین گەر لە چەند بەشێکیدا کە زۆر پسپۆڕانە (لە بواری لۆژیک)دان تێپەڕین، وروژێنەرترین پەرتوکی فەلسەفییە، کە تا وەکو ئێستا نوسراوە. ڕوونی دەربڕین و بازدانە

بوێرانەکەی لە بەڵگەهێنانەوە لەم کتێبەدا، هەروەها بە زۆرێک لە ئەنجامگیریەکانی تۆنێکی شاعیرانەی پێدەبەخشێت. ئەندێشەی سەرەکی کتێبەکە بەئاسانی شیاوی تێگەیشتنە.

کتێبی تێزی لۆژیکی-فەلسەفی هەوڵێکە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەی، کە ئێمە لە بارەی چ شتێکەوە دەتوانین بەشێوەیەکی واتادار بدوێین. ئەم هەوڵە دەمانباتەوە سەر ئەم پرسیارەی کە زمان چییە؟ ویتگنشتاین بانگەشەکاری ئەوەیە کە زمان وێنەیەک لە جیهانمان بەدەستەوەدەدات. سەروبەخشی ئەم بیرۆکەیەی، ڕاپۆرتێک بوو لەڕۆژنامەیەکدا لەبارەی دادگایەکەوە، کە تیایدا بۆ چێکردنەوەی دیمەنی پێکدادان کەڵکیان لە ماکێتی ئۆتۆمبیلەکان وەرگرت. ویتگنشتاین بیریکردەوە کە ماکێتەکان ڕێک وەک زمان، دۆخی ڕاستەقینەی کاروبارەکانیان باسیاریکردوە. ئەوان ئەوەی کە هاتبووەپێش کردیان بەوێنە، بەڵام لەو گرنگتر ئەو ڕووداوە و وێنەکەی لە »فۆرمێکی لۆژیکی« هاوشێوەیەدا بەشداربوون- هەردووکیان پێڕەوییان لە ڕێساکانی لۆژیک دەکرد، هەروەها ماکێتی

ئۆتۆمبیلەکان (یان زمان) دەتوانێت هەموو ئەگەرەکانیش باسیاربکات (ڕەچاونەکردنی مەودا، قەرەباڵغی قورس، نائامادەبوونی ئەو ئۆتۆمبیلەی کە داوادەکرێت، کە هۆکاری پێکدادانەکە بووە و هتد... ). بەڵام ناتوانێت دوو ئۆتۆمبێل لەیەککاتدا لەشوێنێکداو یان ئۆتۆمبیلێک لە یەککاتدا لەدوو شوێنی جیاوازدا باسیاربکات. فۆرمی لۆژیکی - چ لەڕاستیەتدا و چ لە زماندا- لەڕێی وەها باسیاریەکدا لەمپەرە.

زمان کاتێک کە دابەشدەبێت بەسەر وردترین شیکاریەکانی خۆیدا »شیکارییە ناوەکییەکان»، لە وێنەگەلێک لە ڕاستی پێکدێت. بەم شێوەیە شێکاریەکان دەتوانن کۆی ڕاستی -بوونەکان- بنووێننەوە، لەبەرئەوەی کە شیکارییەکان و ڕاستیەتی فۆرمێکی لۆژیکی چۆنییە لایان هەیە، ناتوانن نالۆژیکی بن.

سنورەکانی زمان هەر ئەو سنورانەی ئەندێشەن، لەبەرئەوەی کە ئەندێشەش ناتوانێت نالۆژیکی بێت. ئێمە ناتوانین لە سنووری زمان بچینە ئەولاتر، لەبەرئەوەی کە بۆ ئەم کارە دەبێت بەربەستە ئەگەرییەکانی بیرسایی تێپەڕێنین.

شیکاریە لۆژیکییەکانی زمان وێنایەکن لە جیهان و ناتوانن جگە لەوە شتێکی دیکەبن. ئەوان لەبارەی هیچ شتێکی دیکەوە نادوێن، واتای ئەم وتەیە ئەمەیە، کە بڕێک لە شتەکان بەتەنیا لەدەربڕیننایەن. بەداخەوە خۆی بانگەشەکانی تێزی لۆژیکی- فەلسەفش لەو وتانەیە، چونکە ئەم بانگەشانە وێنەیەک نین لەڕاستیێتی.

ویتگنشتاین بەم کێشەیەی دەزانی و لە هەوڵدا بوو بۆ زاڵبوون بەسەریدا بەردەوام لەسەر قسە پێشووەکەی خۆی پێداگری کرد، کە هەرچەند بڕێک لەشتەکان بۆ وتن نابن، دەتوانین ڕاستبوونیان بخەینەڕوو. ئەو قبووڵیکرد کە لە کتێبی تێزدا هەوڵیداوە ئەوشتانەید بڵێت، کە لەڕاستیدا تەنیا دەتوانرێت پیشانبدرێن.

بەڵام تێز بە دەربڕینی لێبڕاو و بەنێوبانگی ئەم ڕستەیە کۆتایی پێدێت، کە »ئەوەی کە ناتوانین لەبارەیەوە قسەبکەین، دەبێت لەبارەیەوە بێدەنگ بین« و خەڵکی لە هەوڵدان لەڕێچکەیەکی هاوشێوەدا دەپرینگینێتەوە.

بەناچاری خودا دەکەوێتە ئەو پۆلێنەوە کە ناتوانرێت لەبارەیەوە قسەبکرێت. هیچ شتێک

لەبارەی خوداوە ناتوانین بڵێین، چۆن زمان تەنیا ڕاستی پیشاندەدات. وێڕای ئەمانەش ویتگنشتاین بانگەشەدەکاتو کە خودا بوونی هەیە (هەروەها شتگەلێکی دیکەش لەم بارەوە)، کەتەنیا لەبارەیانەوە ناتوانین بیربکەینەوە یان قسەیەک بکەین، دەڵێت»هەروەها کۆمەڵێک شت هەن کە ناتوانین لەقاڵبی وشەکاندا بیانگونجێنین ئەوانە خۆیان دەردەخەن. وەها لایەن و بوارگەلێک واتە لایەنە عیرفانییەکان».

بەم شێوەیە کۆتایی تێزی لۆژیکی-فەلسەفی، وەک بڕێک لە یاداشتەکانی سەردەمی شەڕی، تێکەڵەیەکی سەیرە لە لۆژیک و عیرفان. دژوارە بتوانین وەک هەروا چاوپۆشی لەم باسانە بکەین، بەتایبەت کاتێک وەها بە ڕوونیی و بەهێزییەوە دەخرێنەڕوو. بەداخەوە ئەم کتێبە کتێبی فەلسەفە نییە، وێڕای ئەمەش لەوانەیە بتوانین لەبەرزترین ئاستدا وەک شیعرێکی فەلسەفی وەریبگرین.

بەداخەوە چەند نارەزایەتییەکی گشتی دیکەش هاتووەتە سەر تێزی لۆژیکی-فەلسەفی، بێگومان زمان و ڕاستێتی هاوپێوەندن

پێکەوە، بەڵام لە کوێ دەزانین کە ئەم پێوەندییە لەڕاستیدا هەمان «فۆرمی لۆژیکییە؟ ویتگنشتاین بەناچاری ئەم دەساودەستە دەکات لە خۆهەڵقورتانە ئەم مەیدانەوە (هەرچەند کە خۆی بەدڵنیایەوە ئەو بڕوایەی نەبوو، کە کارەکەی ئەم دەساودەستە). لەمەش تێپەڕین، پۆلێنی ئەو شتانەی کە ناتوانین لێیانەوە بدوێین، هەڵگری بەشێکی بەرینە لەوشتانەی کە، بەهەرحاڵ، گەر ناچارین بەشێوەیەکی شارستانیانە بژین، دەبێت قسەیان لێوەبکەین، بۆنموونە ناتوانین لەسەرەتاوە لەبارەی چاکە و خراپەوە (یان تەنانەت ڕاست و هەڵە)وە بدوێین، هەر بەم شێوەیە، «زمانی»هونەریش دەچێتە خانەی ئەم گوتارەوە، بۆچی؟ چونکە لە بنەڕەتدا نالۆژیکیە. بەرهەمی هونەری ئاماژەیەکە، کەوایە لەیەککاتدا هەم خۆیەتی و هەم شتێکی دی. وتنی ئەمەی کە بەرهەمی هونەری دەربڕیەتی جۆرێک لێکدژییە (تەنانەت ویتگنشتاینیش بەڵگاندنی بۆئەوەی کە بەرهەمی هونەری لەبنەڕەتدا دەربڕی شتێک نییە بەدژوار زانی). هەندێک کەس وەها بەڵگەیان هێناوەتەوە،

که خودی زمانیش دەچێتە خانەی ئەم گوتارەوە. ویتگنشتاین بەدەربڕینی ئەمەی کە لێکدانەوە بیرساییەکان هەمان بێژین و لەڕاستیدا »شتێک نالێین« زاڵ دەبێت بەسەر ئەم پرسەدا، وەها ڕادەربڕینێک بەڕواڵەت فەلسەفە دەگەیەنێتە خاڵی کۆتایی. ئەڵبەت ویتگنشتاینیش ئەوەندەی نییە تا پاکی(یان بەدەماری خۆبینانە)ی هەبوو، کە لەپێشەکی تێزەکەدا دان بەم خاڵەدا بنێت.

ویڕای نارەزایەتییە جیدیەکان لەم بابەتە و ڕاگەیاندنی تێکشکانی فەلسەفە، تێزی لۆژیکی- فەلسەفی ویتگنشتاین بڕیاروابوو کارتێکەرییەکی قووڵی هەبێت. بەتایبەت دەنگ و ڕای ئەو، سەروبەخشی بازنەی ڤیەننا بووە لەدارشتنی پۆزیتیۆیسمی لۆژیکیدا. وادیاربوو فەلسەفە گەیشتبووە کۆتایی ڕێگە، بەڵام ئەمە نەبووە بەربەست لەڕێی ئەوەدا، کە پۆزیتیۆیستە لۆژیکییەکان ئەم کۆتاییە بکەنە خاڵێکی دەستپێکی فەلسەفەی داهاتووی خۆیان. بەبۆچوونی ئەوان واتای هەر لێکدانەوەیەک لەشێوەی ڕاڤەهەڵگریەکەیدا حەشاردراوە. بەپێی ئەم بۆچوونە دوو جۆر لێکۆڵینەوەی بەواتامان

هەیە: جۆری یەکەم هەڵگری شیکاریەکانی بیرکاری و لۆژیکە، کە واتای دەقەکە لە واتای هەڵگرەکەیدایە، ئەم شیکاریانە هەمان بێژین و دەتوانین ئەمە بە پێوانەکردنی دەق و هەڵگر بەدەستبێنین، وەکو ئەوەی کە بڵێین «12-10= 2 دەبێتە دوو». چەشنی دووەم ئەو شیکاریانەن کە تەنیا بەبینین لێکدەدرێنەوە- وەک»تۆپ لە سەرەولێژی تەپۆڵکەدا بەرەوخوار خڕدەبێتەوە». گەر نەتوانرێت لەفەرمانێک بکۆڵینەوە، ئەوا ئەو حوکمە بێواتایە.

هەموو شتەکانی دوای سروشت، لەوانە حوکمی پەیڤێک چەشنی »خودا هەیە» بەم پێیە لادەدرێن. بەپێی بۆچوونی ویتگنشتاین »پرسیارگەلێک هاوچەشنی «ئایا خودا بوونی هەیە؟» نەک تەنیا ئەگەری وەڵام وەرگرتنەوەی نییە، بەڵکو لەبنەڕەتدا ئەگەر و توانستی پرسینیشیان نییە. بۆچی؟ چونکە بێواتان. بەسادەیی دەبێت بوترێت: ناتوانین لەبابەت شتانێکەوە کە هاوبێژی نین، یان بە سەیرکردن لەڕاڤەکردن نایەن، بەهیچ شێوەیەکی واتادار بدوێین. بەم حاڵەوە، ویتگنشتاین بەپێچەوانەی

پۆزیتیۆیستە لۆژیکییەکان، بەردەوام بڕوای بەخودا هەیە. تەنانەت گەر ئاخاوتن لەبارەشیەوە نەشیاو و خەتا بێت.

ڕەچاوکاری کۆتایی ویتگنشتاین- ئەوەی کە لەبارەیەوە ناتوانین قسەبکەین، دەبێت لەبارەیەوە بێدەنگبین- کێشەیەکی دیکەی هێنایەپێشەوە: گەر ئاخاوتن لەبارەی شتێکەوە بەشێوەیەکی واتادار نامەیسەرە و دەبێت لەبارەیەوە بێدەنگ بین، نەتەنیا بابەتانێکی چەشنی خودا، ئاکار و جوانیناسی، بەڵکو پێشبینی ئاکامی کێبڕکێیەکیش لەخانەی ئەو شتانەدان، کە دەبێت بەبێ دەنگی بەڕێوەببرین. بەداخەوە خۆی هەر ئەم بڕیارەی تێزی لۆژیکی-فەلسەفییەش جێگای هەر لەم توێژەدایە، بەڵام ویتگنشتاین سەرنجینەدایە کەم و کوڕی مەترسیداری بەڵگەکەی.

ویتگنشتاین تێزی لۆژیکی- فەلسەفی خۆی لەتەنیایی و گرانی گۆشەی بەندیخانەی دیلەکانی شەڕ لە کاسینۆی ئیتاڵیادا کۆتاییپێهێنا. هەر لێرەوە توانی لەگەڵ ڕاسڵدا پێوەندی بگرێت و لەکۆتاییدا کتێبی ناوبراو بەپێشەکی بێرتراند ڕاسڵ چاپکرا. پێشەکی ڕاسڵ بۆ ئەم

کتێبە بوو بەهۆی پێناخۆشبوونی ویتگنشتاین و دڵساردی کردەوە، چونکە بەبەڵگەوە لە ناتێگەیشتوویی ڕاسڵی لە نووسراوەکانی کتێبەکەی زانی و پێیداگرت کە پێویستە پێشەکیەکەی خۆی وەک چاکسازییەک لەکتێبەکەدا بگونجێنن. لەم پێش وتارەدا بە خاکەڕاییەکەوە ئەوە باسدەکات کە کتێبەکەی هەڵگری «هەقیقەتی بڕاوە، گومان هەڵنەگر... ڕێگاچارەی کۆتایی پرسەکانی(فەلسەفە)یە» و بەشەرمەوە قبووڵدەکات کە»هەنووکەش ئەم پرسانە چارەسەربوون و شتێکی زۆر بەدەست نەهاتووە».

به کۆتاییهێنان به فەلسەفە، ویتگنشتاین بەپێی لۆژیک ئیدی هیچ بەڵگەیەکی بۆ درێژەی ئەم بابەتە نەدەبینی. دوای شەڕ کاتێک کە گەڕایەوە بۆ نەمسا بەدووی بوارێکی نوێوە بوو بۆ چالاکی. سەرەتا کەوتە بیری ئەوەی بچێتە دێڕێکەوە «پەرستگە»، بەڵام لەبەرئەوەی کە هەڵسووکەوتی ئەو ڕەبنانییەی کە لەگەڵی ڕووبەڕوو بوو، بەشێوەیەکی سوکایەتی ئامێز وشک و بێ ڕەوشتانە بینی، لەم بڕیارەی

پاشگەزبووە و بەجێگای بڕیاریدا وەک باخەوانێک لە زەویەکانی دێردا دەستبەکاربێت. ئەو هەوڵی ئەوەیدەدا، ژیانی سادەی پیرۆزەکان بگرێتەبەر (ئێستا ئەوەی کە فەلسەفەکەی هەرچەشنە بوونێکی واتاداری پیرۆزەکانی بەم لێکدانەوەیەوە، کە ناتوانرێت لەبارەیانەوە قسەبکرێت، حاشا لێدەکرد). لەڕاستیدا ویتگنشتاین دووبارە بەخراپی دووچاری کێشە هاتبوو. لەلوتکەی شەڕدا بەرەولای چەشنێک ئاین ڕۆیشتبوو، هەنووکە بڕوای هێنابوو بەژیانی واتایی (مەعنەوی) بێ هەڵپەرتاوتەیی وەک ئەوەی کە تۆڵستۆی لەکۆتاییەکانی تەمەنیدا خەریکی وتاردانی بوو.

ئیمپراتۆریەتی نەمسا-هەنگاریا لە کەوتندا بوو، نەمساش لەبواری مادی و مەعنەوییەوە تێکشکابوو. بنەماڵەی ویتگنشتاین لەم سەردەمەدا لەسەر ڕاسپاردەی باوکیان سەرمایەکەیان لەئەمریکادا خستبووەگەڕ. ئەمە بەم واتایە بوو، کە سەرەڕای ویستی دەروونی ویتگنشتاین، ئەو تەنانەت لەبەردای شەڕیشدا کە بۆ قوتاربوون لە دەست سامانە مەزنەکەی

باوکی هەوڵیدابوو، دەوڵەمەندتر ببووە. هەر لەو سەردەمەیدا کە پێمەڕەکردنی باخچەی دێری دەستپێکردبوو، سەفەرێکیکرد بۆ ڤیەننا هەتا دڵنیابێت کە پارێزەری بنەماڵەکەی بەوردی بەپێی فەرمانەکانی ئەو جووڵاوەتەوە و ئەوی لەدەست ماڵ و دارایی بنەماڵەییەوە قوتارکردوە. ئەم کارە ماوەیەکی خایاند، لەبەرئەوەی پارێزەرە خێزانییەکەیان سەرەتا دەستوورەکانی بە باوەڕپێنەکراوی دەزانی و دوایی لەڕادەی مەزنی سامانەی کە ئەو بەدووی قوتاربوون بوو لەدەستیەوە سەری سوڕما. لەئەنجامدا پارێزەری ناوبراو توانی بەشێکی مەزن لەم میراتە بگوازێتەوە بۆ خۆشکەکانی، کە هیچ خوازیارنەبوو ببینن کە سامانی بنەماڵەی ویتگنشتاین لەنێوان شاعیرە تالانکەر(هەپەرووتی) و کحۆلیەکاندا لەکیس و بەفیڕۆ دەچێت.

دوای قوتاربوون لە دەست فەلسەفە و ملیۆنان سامانی باوکی، ویتگنشتاین بڕیاریدا لە گوندێکی کوێستانی دوورەدەست لە باشوری نەمسادا ببێتە مامۆستا. گوندێکی تێپەڕاند کە

باخێکی بچووکی جوان و کانییه کی تێدابوو «ئێره بەکەڵکی من نایەت، من شوێنێکی بەتەواوتی گوندیم دەوێ» و ڕۆیشت بۆ گوندێکی هەژار بەنێوی تراتنباخ.

نیشتەجێبوونی ویتگنشتاین لەم گوندەدا سەرشۆڕییەکی تەواو شەش دانگ بوو. ئەم پیرۆزە خانەدانییە بەداسەپاندنی بنەما دژوار و لەکردەوەییە دوورەکەی خۆی بەسەر منداڵانی جووتیاراندا بوو، بەهۆی تووڕەیی باوک و دایکانیان(ئەم منداڵانە پێویستیان بە وانەفێربوون لەبارەی هەژاری و سادە ژیان کردنەوە نەبوو)، لەلایەکی دی گوندیە خوداپەرستەکان کاتێک بینیان ئەم تازەهاتووە، لەبەرئەوەی وتارە پیرۆز ئاساکانی کلیسای لەبواری واتاییەوە بەبێ ناوەڕۆک و بەتاڵ دەزانێو لەڕۆیشتن بۆ کڵیسا خۆی دەبوێرێ، تووڕەبوون، و کاتێک تووڕەییەکەیان زیاتربوو کە بینیان تازەهاتووە کە پێی باشترە بەجێگای هاورێیەتی لەگەڵ ئەواندا لە چاخانەی گوندەکەدا، لەژوورە بەتاڵەکەی خۆیدا کلارینت بژەنێت(بیر لەخۆکوژی بکاتەوە). لەکۆتاییدا

دوای دووساڵ تووڕەییەکەیان گەیشتە لوتکە. بەهۆی ڕوودوایێکەوە ویتگنشتاین خوێندکارێکی لەخوێندنگەدا سزادا. ئەم دۆزە بوو بەبیانوویەک هەتا گوندیەکان خۆ لەشەڕی ئەم پیرۆزییە لەبواری فەلسەفی و لەتاقەت بەدەرە قوتاربکەن.

ویتگنشتاین گەڕایەوە بۆ ڤیەننا. بنەماڵەکەی بەجیدی پەرۆشی دۆخی دەروونی لۆدڤیک بوون. یەکێک لە خۆشکەکانی بەرفەرمانی چێکردنی خانوویەکی نوێی بۆ خۆی پێدا و ئەویش بە جیدی و گوڕوتینێکی تایبەتی خۆیەوە مژووڵ بوو بە دروستکردنی بینایەکی بەتەواوەتی مۆدێڕنە و بەتەواوی پەتی لە هەرچەشنە ڕازانەوەیەک، بێگومان چێکردنی ئەم خانووە ئاسان نەبوو، تاکە تاکەی ماکەکانی ئەم داڕشتنە دەبوو بەوردەکاری و بە وردبینییەوە جێبەجێبکرایە. هەندێک جار کرێکارەکانی ناچاردەکرد بەتەواوەتی دیوارێک بڕوخێنن، تەنیا بەو هۆیەی کە شوێنی پەنجەرەکەی چەند سانتیمەترێک لەگەڵ شوێنی داڕشتنەکەدا جیاوازی هەبوو، هەریەکێک لە دەسکی دەرگاکان دەبوو بەتایبەتی دروستکرابان،

دەسكی پەنجەرەكان لەبواری جوانناسیەوە، جێی پەسەندنەبوو و ڕاڕاییگەلێک لەم چەشنانە. كرێكارەكانی ئەم بینایە، هەرچەند بێزاربوون لەدەست ئەم خاوەنكارە تەواوخوازەوە، توانایەكی ئابووری باشیشیان نەبوو، هەتا واز لەكاركردن لەگەڵ شێتێكدا كە بەندیخانەیەكی سێ قاتی نیشتەجێبوونی بۆ خۆشكە میلۆنێرەكەی چێدەكرد بهێنن، لەبەرئەوەی لەشەقامەكانی ڤیەننادا خەڵكی دووچاری برسێتی بووبوون.

ئەم خانووە لە »كوندمانگاسە«دا، شەقامێک لە بەشی ڕۆژهەڵاتی ڤیەننا، نزیک جۆگەی دانوب هێشتا هەرماوە. بینایەكە بە شێوازێكی مودێڕنی سەرەتاكانی سەدەی بیستەم و بەسێ قات، چەند ڕیز پەنجەرەی گەورەی سادە. كاتێک چەند ساڵێک لەمەوبەر بۆ یەكەمجار شوێنی خانووەكەی ویتگنشتاینم دۆزیەوە، تێگەیشتم كە بۆ سەردانی گشتی نەكراوەتەوە. بەوپەڕی داخەوە لەشەقامەكەدا ڕاوەستام و هەوڵمدا لەگۆشەی پەنجەرەكانەوە سەنجمدایە نێو بیناكە، هەتا بزانم نێو بیناكە چۆنە. لەلای یەكێک لە پەنجەرەكانەوە سەرنجم چووە سەر

قادرمەیەک کە بەشێوەیەکی چەفتوور ئەوێی لێکدادەبڕی. دوای چەند ساتێک بەخێرایی خۆم کێشایە دواوەوە، لەبەرئەوەی ژنێک خەریک بوو بەقادرمەکاندا سەردەکەوت و بینیم کە خەریکم چاو لە داوانەکەی دەکەم. دیاربوو کە ئەم هەڵەزۆرە لەدارِشتنی بینایەکدا لەڕوانگەی تەلارسازێکی ڕاڕاییی، ئەوەی کە تەواوی وردەکاریەکانی بەوردیەوە دارِشتبوو، شاردرابووە(سەیر لەوەدایە دووەم کتێبی فەلسەفی ویتگنشتاین کە بەئەگەرێکی زۆر هەر لەم سەردەمەدا لەلای گەڵاڵەبوو، بەوردی باسکەری ڕاڕاییەکی هزریە سەبارەت بە وردەکارییەکان و ئاوڕنەدانەوەی گشتی بە پێویستیەکانی ئەو مرۆڤانەی، کە بڕیاربوو بەو فەلسەفەیەوە بژین).

هاوکات لەگەڵ ئەو سەردەمەیدا کە ویتگنشتاین سەرقاڵی چێکردنی خانوو بوو بۆ خۆشکەکەی، لەگەڵ ئەندامانی بازنەی ڤیەنناشدا چاوپێکەوتنگەلێکی ڕێک و پێکی هەبوو. لەم بازنەیەدا بڕێک لە بەرجەستەترین هزرڤانانی ئەو سەردەمی ئەورووپای ناوەندی کۆببوونەوە،

کەسانێکی هاوچەشنی ئیشلیکی بیرمەند(کەلە دواییەکاندا بە گوللەی یەکێک لە قوتابیەکانی کە لەتاقیگە کۆتاییەکاندا ڕەتکرابووەوە کوژرا) و کارناپی لۆژیکزان(کە لەکۆتاییەکاندا گەیشتە سەر ئەو بڕوایەی، کە پرسە فەلسەفییەکان، کاتێک چارەسەردەبن کە هەموو بە زمانی ئیسپرانتو بدوێن). ئەندامانی بازنەی ڤیەننا سەرقاڵی بڵاوکردنەوەی ڕای ویتگنشتاین لە»تێزی لۆژیکی-فەلسەفی»دا بوون، هەتا فەلسەفەی پۆزیتیویسمی بیرسایی لێچێبکەن کە بەخەستی لەگەڵ میتافیزیادا لە دژایەتیدا بوو.

بێگومان ئەم گروپە لەوەی کە ویتگنشتاینیان بە کەسێکی زۆر مەعنەوی بینی، گەلێک سەرسام بوون. دەبوو هۆشداریکیان پێبدرێت کە لەهەموو جێگایەکی ئەم تێزەدا هێمایەک لە خواناسی لەگۆڕێدایە. («ئەوەی کە تێکەڵ بەڕاز و عیرفانییە نەک چۆنییەتی شتەکان لەجیهاندا بەڵکو خۆی بوونییەتیانە»). ویتگنشتاین وەک ڕوونکردنەوەیەک بۆ ئەندامانی بازنەی ڤیەننا وتی کە لەتێزدا گرنگی دەقە نەوتراوەکان ئیجگار زۆرترە لە گرنگی دەقە گوتراوەکان، بێگومان

دیارترین میێشکەکانی ئەوروپای ناوەندی بەبێدەنگیەکی پڕلە سەرسوڕمانەوە گوێیاندایە ئەم قەشە مۆدێڕنە، کە بەپێی فەلسەفەکەی خۆی نەیدەتوانی لەئارادابێت، کە هەوڵیدەدا ئەوەی کە نەگوترابوو، ئەوەی کە نەیدەتوانی بگوترێت، ڕوون بکاتەوە. ئەزموونی بازنەی ڤیەننا بوو بەهۆی ئەوەی کە ویتگنشتاین تێبگات کە لەوانەیە دوای ئەم هەمووە هەوڵەی لەکوشتنی فەلسەفەدا ئەوەندەش سەرکەوتوو نەبووە.

ئەمە ڕووداوێکی ناوازە بوو، چونکە تا ئەو سەردەمە نەبینرابوو کە بیرمەندێک، تەنانەت لەلای خۆیەوە، هەڵەبوونی فەلسەفەکەی خۆی قبووڵبکات. ویتگنشتاین نەک تەنیا وەهای کرد، کە تەنانەت هەنگاوێکیش بەرەو ئەولاتر ڕۆیشت، لەبەرئەوەیە کە فەلسەفەی خۆی هەڵەبوو، کەوایە ڕوونبوو کە هەموو فەلسەفە هەڵەیە. هەنووکە شێلگیربوو لەسەر ئەوەی کە جارێکی تر هەوڵەکەی لەڕێگای ڕووخاندنی بینای فەلسەفەدا و ئەمجارە بۆ تاهەتایە دەستپێبکات.

لە ساڵی (1929)دا ویتگنشتاین گەڕایەوە بۆ کەمبریج. تەنیا بیرمەندێک لە جیهاندا کە ئەگەری

هەبوو بیتوانیبایە نەختێک لە فەلسەفەکەی تێبگات ڕاسڵ بوو. وێڕای ئەمانەش ماوەیەکی نەخایاند کە ڕاسڵیش تێگەیشت کە شتێک لە وتەکانی ویتگنشتاین تێناگات. زانکۆ بڕیاریدا کە (سەرەڕای ئەوەی کە هیچ بەڵگەیەکی فەرمی زانستی نەبوو) وەک ئەندامی لیژنەی زانستی کۆلیژی ترینیتی وەریبگرێت. ویتگنشتاین نزیکەی هەژدە ساڵ لە کەمبریجدا وانەی وتەوە، لە هەموو ئەم ماوەیەدا بەهۆی ئەم هەموو ناڕاستییەوە خۆی سەرکۆنەدەکرد (کەچی ئێستاکە شتی بەوانە دەوتەوە کە لە بنەڕەتدا بۆ ڕووخاندنی هاتبووە گۆڕەپانەوە). فەلسەفەی بە »مردنی زیندوو« پێناسەدەکرد. لەڕەوتی وانەوتنەوەدا هەوڵیدا فەلسەفە، یان دژە فەلسەفەی نوێ دابڕێژێت. ئەم وانە ئوستوورەییانە لە ژووری خەڵوەتەکەیدا لە »ڤییۆێڵز کورتێ کۆلیژ«ی ترینیتیدا بەڕێوەدەبران، پەنجەرەی ژوورەکە ڕوو لە حەوشێکی چکۆلەی بە باخچە و پەیکەرەیەکی هەمەندۆشی گەنجێکی ڕووتبوو. تەنیا شتی لوکس و بەرزوتەرزی ژوورەکەی ویتگنشتاین کۆگایەکی پۆلایی هەبوو کە

نووسراوە فەلسەفییەکانی کە کەسێک شتێکی لێ تێنەدەگەیشت تێدا دەپاراست. ژمارەی ئەو خوێندکارانەی کە ڕێگەیان پێدرابوو لەپۆلەکان، یان وانەکانیدا ئامادەبن، ناچاربوون کورسیەکانیان لەگەڵ خۆیاندا بهێنن. لەوحاڵەتەشدا کە ویتگنشتاین سەری دەخستە نێو دەستەکانی و ڕۆدەچووە ناو هزرەوە، خوێندکارەکان دەبوو لەپۆلدا بێدەنگ دابنیشن. هەرچەند جارێک وەک کەسێک کە هەوڵێکی زۆری دابێت خۆی لەباری قورسی »هزرێک« قوتاردەکرد. گەر هەرکەسێکی دی جگە لە ویتگنشتاین بووایە، ئەم گومانە لەئارادا بوو کە ئەم ئەدا و ژێستانە شتێک نییە، جگە لە شانۆیەکی ئێجگار ڕوبینیانەی هزری، بەڵام هەموو ئامادەبووان لەم وانانەدا گەواهیدەدەن کە کەشی ئەم کۆبوونەوانە ئێجگار ورووژێنەربوون. جاروبار ویتگنشتاین یەک لە »خوێندکارەکان«ی دەخستە ژێر پرسیارەوە، هەندێک خوێندکار کە لە باشترین مێشکەکانی کەمبریج بوون، هەروەها گەنجانێکی ڕووناکبیر و زۆرتر تەنیا، هەروەها لە ساڵەکانی کۆتاییدا

فڕۆکەوانێکی ڕەشپێستی ئەمریکی کە بەهەڵە ڕێگای کەوتبووە پۆلەکەیەوە و بەهۆی «ڕوخساری ئیسک سووکییەوە» داوای لێکردبوو لە پۆلەکەیدا دابنیشێت (لەکاتێکدا لەوەرگرتنی چەند مامۆستایەک لە زانکۆکانی کورنێل، یان دیکەی دامەزراوە باڵاکانی وڵاتەیەکگرتووەکان، کە بەمەبەستی بەشداری لەپۆلەکانیدا ئامادەببوون، لەوپەڕی زەریای ئەتڵەسەوە ڕەنجی سەفەریان دابووە بەرخۆیان، خۆی دەبوارد).

هەموو لەسەر ئەم خاڵە هاوڕابوون، کاتێک کە ویتگنشتاین یەکێک لە خوێندکارەکانی لەبارەی خاڵێکی فەلسەفییەوە دەبردە ژێر پرسیارەوە، کۆبوونەوەکە شێوەی دادگایەکی بیرپشکنی ئیسپانیای سەدەی ناوەڕاستی لەخۆدەگرت. ویتگنشتاین کەسایەتیەکی وەها دەسەڵاتخوازی هەبوو، کە قوتابییەکانی بەتوندی دەتۆقاند. تەنیا کەسێک کە دەڵێن توانیبووی لەبەرانبەریەوە بوەستێت تورینگ، زانای بیرکاری بلیمەتی ئەم سەدەیە(سەدەی 21) و داهێنەری کۆمپیۆتەربوو ( لە گەرماوگەرمی شەڕی

جیهانی دووهەمدا تورینگ بوو بە ڕاسپێردراوی دۆزینەوەی کۆدی سوپای ئەڵمانیای نازی و ناچاربوو لە لێکۆڵینەوە بیرکاریەکانی خۆی بۆ ماوەیەکی کاتی دابېڕێت). ویتگنشتاین لەیەکێک لە وانەکانیدا وتی «سیستەمێک وەک بیرسا یان بیرکاریەکان، سەرەڕای تێداهەبوونی لێکدژیەک، دەتوانێت باوەڕپێکراوبێت.

تورینگ دژایەتی کرد: ئەو بیرکاریانەی کە لە ڕەوتی چێبوونی پردێکدا بەکاردەبرێت، یان هیچ لێکدژییەکی شاراوەی تێدانییە، یان پردەکە دەڕووخێت. ویتگنشتاین ئەم وتەیەی تورینگی بەم بەڵگانەوە کە ڕەچاوکاریە ئەزموونییەکان هیچ جێگایەکی لەبیرسادا نییە بەڕەتکراو زانی. وێڕای ئەمانەش تورینگ ئاوڕێکی ئەوتۆی لە دژایەتی ویتگنشتاین نەدایەوە و بەسەرسەختیەوە لەسەر داڕووخانی پردەکە پێداگری کرد(دیار نییە کە دەکار چوونی فەلسەفەی ویتگنشتاین لەژیانی ڕۆژانـەی دووگیانـدا، دەیتوانی چ ڕووداوگەلێکی لێبکەوێتەوە).

لەم ساڵانەدا ویتگنشتاین ببوو بە ناقۆڵای کەمبریج. لە کۆبوونەوە هەفتانەکانی خانەی

فەلسەفی کەمبریجدا، لەپڕدا سەریدەردەهێنا، زنجیرەی باسەکەی بەشێوەیەکی یەک لایەنە دەگرتە دەست و بە تووڕەیی و شەڕەنگێزیەوە دەیدایە نێو قسەی مامۆستا و قوتابییەکاندا. ویتگنشتاین بەخەستی تەنیا کەوت، بەڵام توانی لەگەڵ ژمارەیەک لە ڕووناکبیرە گەنجەکاندا، تەنیا درگای هاتووچۆ بکاتەوە و سەرئەنجام لەگەڵ یەکێکیاندا توانی ببێتە هاوخانوو. ئەم پێوەندیە بەردەوام لەژێر تیشکی کەسایەتی ویتگنشتایندا، و بەگشتی پێوەندیەکی ئەفلاتونی بوون و زۆربەی کات گەلێک زیانی مادی و مەعنەوی توندی لە هاوەڵەکانی دەدا، لەبەر ئەوەی کە بەشێلگیریەوە داوای لێدەکردن کە وێڕای دەستهەڵگرتن لە چالاکییە زانکۆییەکانیان، ڕووبکەنە ژیانی سادەی تۆلستۆییانە و بۆ نموونە ببنە کرێکاری کارخانە، یان کۆڵبەری نەخۆشخانە.

بە دەستپێکردنی شەڕی جیهانی دووەم، ویتگنشتاین خۆی بوو بە کۆڵکێشی نەخۆشخانە. بە خۆشییەوە لەم سەردەمەدا هاوڕێ کاریگەرەکانی لە کەمبریجدا مافی نیشتەجێبوونی

بەریتانیایان بۆ وەرگـرت، کە ئـەو هاووڵاتی نەمسا بـوو، بـەڵام ئـەو لـەوەی کە لە ئاگری شـەڕ بـەدووربـێت و خۆشکەکانی لەڤیەننای لەژێر داگیرکاری نازیەکاندا بژین، بەتوندی تووشی ئازاری ویژدان بوو. ویتگنشتاینەکان بەڕەچەڵەک جوولەکە بـوون و هـەرچەند کە لەنەمسادا بەهاوتای بنەماڵەی ڕۆچیڵد(لە خاوەن بانکە کۆنە ئەڵمانییەکان)دەژمێرران، بەڵام ئەمە بەپێی پێویست بەواتای لەئاسایشدابوون لە بـەدواداگـەڕان و ئـازاری نازییەکان نەبووۆ ( لۆدڤیگ تەنیا میراتبەری لووتبەرزی سەرەکی بـنـەمـاڵـەی ویتگنشتاین نـەبـوو. کـاتـێـک کە ئەفسەرێکی نازی بەخۆشکەکەی ویتگنشتاینی ڕاگـەیـانـدبـوو، نابێت پـەرۆشـی ئـەوە بـن، کە لەبەشی جوولەکەکاندا پۆلێنبەندی بکرێن، ئەو زۆر بەتووڕەیی و هەڵچوونەوە وەڵامیدابووە، کە هیچ تـازە بـەدەسـەڵات گـەیشتوویەک بۆی نییە بە ویتگنشتاینەکان بڵێت کە کێن و کێ نین، و دوایـی بەپێداگریەوە وتبووی لە بەڵگەکانی ناسینیدا بنووسرێت کە بەڕەچەڵەک جوولەکەن).

لە سـاڵی (1944)دا ویتگنشتاین گەڕایەوە

بۆ کەمبریج و دەستیکرد بە ئامادەکردنی دەستنوسی ناوەڕۆکی فەلسەفە نوێکەی بۆ بڵاوکردنەوە. ئەم کتێبە کە بڕیاربوو ناوبنرێت «لێکۆڵینەوە فەلسەفییەکان»، سەرئەنجام لە ساڵی (1953)دا چاپکرا. ئەم بەرهەمە و تێزی لۆژیکی- فەلسەفی کە هەنووکە خۆی بەڕەتکراوی دەزانی، تەنیا چەند کتێبێک بوون کە لەسەردەمی ژیانیدا ئامادەبوون بۆ چاپ. زیاتر لە دەیان بەرهەمی دیکەی ویتگنشتاین دوای مردنی چاپکران، کە هەموویان یان یاداشتەکانی خوێندکاران بوون لە وانەکانیدا، یان ئەو یاداشتانەی بوون کە لەکۆگای پۆڵایی ژوورەکەیدا دەستکەوتبوون.

لەوانەیە ئەمەی کە ئەم کۆگایە تەنیا کەرەسەی ڕازێنەرەوەیەک بوو، کە ویتگنشتاین لە ژیانی پارێزکارانەیدا ئیزنی کەڵک لێوەرگرتنی بەخۆی دابوو، واتای سیمبولێکی هەبێت. پیاوێک کە چ لە کار و چ لە ژیاندا، بە خەستی هۆگری ڕوونی و سادەیی بوو. زۆرێک ڕازی لێڵ و تاریکی لە هەناوی خۆیدا دەشاردەوە، هەروەها بڕێک لەبارەی ئەو وتەیەی کە

«ئەوەی کە ناتوانیت لەبارەیەوە بدوێیت، دەبێت لەبارەیەوە بێدەنگ بیت» و هەڵسووکەوتی لەگەڵ هاوڕەگەزخوازیدا کەوتبوونە دیالۆگ.

ژیانێکی پڕ کێشەی وەک ژیانی ویتگنشتاین، سەررێژە لەم چەشنە قسە و کردەوە هاوتەریبانە، بەڵام هەنووکە لەوانەیە باشتربێت بچینە سەر یەکێکی دی لە تیڕوانینە بەناوبانگەکانی: لەبارەی ئەم جۆرە مەسەلانەوە کەمتر دەتوانی شتێکی واتادار بڵێی، تەنیا دەتوانی پیشانبدرێن.

کتێبی «لێکۆڵینەوە فەلسەفییەکان»ی ویتگنشتاین، لە هەڵسەنگاندنی لەگەڵ تێزی لۆژیکی-فەلسەفییدا، بەگشتی هیوابڕە و ڕوونییەو دیارە ئەو بوێریەی کتێبی یەکەم لەکتێبی دووەمدا جێگەیان بە ڕاڤەیەکی بیرسایی داوە.

لەم کتێبەدا هێمایەک لە فەلسەفە نابینرێت، لەبەرانبەردا سەرتاسەری کتێبەکە فەلسەفە چنیە لەبارەی گرێکردنەوە و لە هەڵە هزریەکانی ئێمە کە بنجیان لە هەڵە زمانییەکانماندایە. زمان وێنایەک نییە لەجیهان، بەڵکو هاوشێوەی تۆڕێکە، کە لە پارچەگەلێکی جۆراوجۆرو زنجیرەگەلی تێکەڵ و پێکەڵ پێکهاتووە. تێگەیشتنی ئێمە لەوێنەدا

دەگاتە لەمپەر، کە وشەیەک لەهەلومەرجێکی نابەجێدا بەکاربەرین. ئەرکی فەلسەفە بریتییە لەهەڵسووکەوتی وردبینانە بۆ کردنەوەی ئەم گرێیانە. هۆکاری ئاڵۆزی و(کەسەرباری) فەلسەفەش هەر ئەمەیە. هەنووکە نەریتی درێژ و پڕ شکۆی فەلسەفی و ئەو پرسیارە قووڵانەی کە بەشێکی بنەڕەتی کولتوری ئێمەن، دادەبەزن بۆ ژێرەوژورکردنی زمان. فەلسەفەی ئەم دواییەی ویتگنشتاین لەم دوایەیەدا لەگەڵ بیردۆزی ئابەرڕیسمانەکان لە زانستدا هەڵسەنگێنراوە. لەم بیردۆزەدا تۆزقاڵە بنەماییەکانی هەناوی ئەتۆمێک کە جیهان پێکدێنن، شێوەی پارچە دەزوەکانن کە لێکئاڵاون. ئەم هەڵسەنگاندنە دروست نییە، لەوانەیە تەنیا یەکێک لەم بیرۆکانە سەرنجڕاکێش لەکاردەربێن.

دوای داهێنانی فەلسەفەی دووەم، ویتگنشتاین دووبارە کەوتەوە هزر پاکبوونەوە. بۆ ماوەیەک لە هەوارگەیەکی دور لەڕۆژئاوای ئایرلەندا ژیابوو، لەوێدا کاتی خۆی دەکاری بیرکردنەوە و خۆراکدان بە مریشکە دەریاییەکان دەکرد. وێڕای ئەمانەش، بەزوویی وا نەخۆشکەوت،

کە ئیدی توانای درێژەدانی ژیانی نەبوو، بۆیە لەگەڵ هاوڕێ جۆراوجۆرەکانیدا لە بەریتانیا و ئەمریکادا ژیا. لە کۆتاییدا لە (1951/4/29) دا لە کەمبریجدا بە نەخۆشی شێرپەنجە کۆچی دوایی کرد. هەرچەند ویتگنشتاین لەو دەستە مەسیحیانە نەبوو کە هاتووچۆی کڵێسایان کردبێت، ڕایسپاردبوو کە بەپێی دابی کاسۆلیکی بنێژرێت. گۆڕەکەی بریتیە لە بەردێکی سادەو ناو و ڕۆژی لەدایکبوون و مردنی لەسەرەو لەگۆڕستانی کلیسای سەنت گایلیز لەنێوان مێرگە خۆڕسکەکاندایە. لەدوای نیوەڕۆیەکی ساردی زستانیدا، کە ڕۆیشتم بۆ بینینی گۆڕەکەی، یەک لە هۆگرانی پەراوێزی گۆڕەکەی بە وەنەوشە سێ ڕەنگە زستانییەکان ڕازاندبووە (ڕازاندنەوەیەک کە پێدەچوو بەپێی دڵخواز و حەزی بیانووگرانەی خاوەن گۆڕەکە نەبوو). بەردی گۆڕەکە لەچەند لایەکەوە ڕووشابوو، یان بەهۆی ئاوڕنەدانەوە، یان لەوانەشە بیڕێزی بڕێک لە خوێندکاران بووبێت. ئەم فەلسەفەکوژیە ناوزڕاوە، هەروەها گوێڕایەڵە بانگهێشت نەکراوەکانی ئەو بەرەولای خۆی کەمەرکێشدەکات.

**کۆتایی**

ویتگنشتاین بە ڕەچەی هزری خۆی لە پێشەکیەک لەسەر کتێبە چاپ نەکراوەکەی بەناوی »تێبینییە فەلسەفییەکانی« دەردەبڕێت.

لەوێدا دەڵێت »بەردوێنانی فەلسەفەکەی، تەنیا کەسانێکن کە لەگەڵ گیانی نووسراوەکانیدا هاودڵی دەکەن. بەشێوازێک کە ڕاسڵ بینی، ویتگنشتاین هاوکات لووتبەرزی ئیبلیس و بەردبووی دەروونی پیرۆزێکی هەبوو. ویتگنشتاین دەنوسێت «هەرچیەک کە چاکە خودایە. هەرچەند کە لەوانەیە بەڕواڵەت سەیربێت، بەڵام ئەمە کورتەی ئاکارەکانی منە. تەنیا شتێک سەرووی سروشتیە توانای لێکدانی پرسی سەرووسروشتیە». ئەو لەسەر ئەم باوەڕەبوو کە یان لەم ئاستەدا بژی، یان لەبنەڕەتدا نەژی. (ختۆکەی بەردەوامی خۆکوژی ئەو بەتەنیا میراتی دەروونی نەبوو، بەڵکو پرسی ئاکاریشی بوو).

ویتگنشتاین دەیزانی کە ئەم تێڕوانینە لەگەڵ گیانی ڕەوتی سەرەکی شارستانییەتی ئەوروپی و ئەمریکیدا یەکناگرێتەوە. هەرچەند

کە لەوانەیە ئەو گەورەترین بیرمەندی سەدەی بیستەم بووبێت، هەموو تەمەنی لە دژبەریێتی لەگەڵ شارستانییەتی سەردەمی خۆیدا ژیا. بە بۆچوونی ئەو «پیشەسازی تەلارسازی و مۆسیقای هاوچەرخ بەو گیانە فاشیستی و سۆسیالیستیەی کە هەیەتی، نامۆ و نادڵخوازە». بەپێی ڕەواڵ لەسەر ئەم خاڵە پێداگری دەکرد کە «ئەمە دادوەریەکەی بێبایەخە«، لە وەها بابەتێکدا ئەو بەئاشکرا خۆی بە بەرزتر لە پەسەندیی مرۆڤ، تەنانەت مێژووش دەزانی. سەرەڕای ئەمانە، کاری ویتگنشتاین شتێک نایەتە بەرچاو جگە لەهەمان داوەری بایەخی لەبارەی ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی کولتوری نوێباو. ئەوەی کە »ئەمڕۆ بە تەلارسازی ناودەبرێت» قبووڵی نەبوو (هەوڵی خۆی لەم بوارەدا بەردەوام بە بێدەنگییەوە بەڕێوەچووبوو). دڵ پیس بوو »لەوەی کە ئەمڕۆ بە مۆسیقای نوێباو ناوی دەبرێت»-(سەرەڕای تێنەگەیشتنی زمانەکەی). ئەم دانپێدانانە وادیارە ئەوەندەش لەسەر خاکەیی نییە، بەڵکو زۆرتر ئاماژەیە بۆئەوەی کە ئەو خۆی بەسەرتر لە وەها شتگەلێک

دەزانێت. بێ ئەملاوئەولا ئەم خەسڵەتەی ئەو، لەمپەر نەبوو لەڕێی پێشکەشکردنی گەلێک داوەری ئازاردەرتر نەبوو، لەو جێگایەی کە بە دلۆڤانی ڕواڵەتی خۆیەوە ڕەنگێکی دیکەی دەدایە لووتبەرزی و دەماربەرزی خۆی. («لەنێوچوونی هونەری داوەری سووکایەتی هێن لەبارەی ئەو مرۆڤانەوەی کە ئەم شارستانییەتەیان چێکردوە پاساو ناکات» لەوەها هەلومەرجگەلێکدا «کەسایەتیە ڕەسەن و بەهێزەکان» دەست لە هونەر هەڵدەگرن و ڕوو دەکەنە لایەنەکانی دیکەی- لەوانە وەک کۆتاییهێنان بە فەلسەفە، «بەردەممان شانۆیەکی نە زۆر سەرنجڕاکێش لە جەماوەرەکانی خەڵک» لەگۆڕێدایە»کە باشترین ئەندامانی بۆ ئامانجگەلێکی تەواو تاکەکەسی کاردەکەن». لەچاخێکدا کە بینەری سەرهەڵدانی دیموکراسی خەڵکی و ئازادی بەشێکی بەربڵاو لە مرۆڤایەتین، ویتگنشتاین دەنوسێت «من بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ ڕەوتی باوی شارستانییەتی ئەوروپیدا هاوڕا نیم، لەبنەڕەتدا ئەگەر ئامانجێکیشی هەبێت، لێی تێناگەم»، بەڵام دانیپێدادەنێت: «سڕینەوەی کولتورێک

بەواتای سڕینەوەی بایەخی مرۆڤایەتی نییە، بەڵکو بەتەنیا بەواتای سڕینەوەی کەرەسەیەکی دیارە بۆ دەربڕینی ئەم بایەخە». ویتگنشتاین، بەدەستهەڵگرتن لە دەربڕینی کولتوری بایەخە مرۆڤانەییەکان، فەلسەفەیەکی پێشکەشکرد، کە شێلگیرانە بانگماندەکات بۆ بێدەنگی لەبارەی ئەو جۆرە شتانەوە. ئەو مرۆڤ بە واقوڕماوی و سەرلێشێواوی بەرەڵادەکات.

سەیر لەوەدایە ویتگنشتاین سەرەڕای نکووڵیە پەیتاپەیتاکانی، لەگەڵ گیانی سەردەمی خۆیدا گونجاو بوو. لە سەردەمی ئەودا بایەخە مرۆییەکان کەسانێک دایاندەڕشت کە هیچ پەیوەندییەکیان لەگەڵ فەلسەفەدا نەبوو، وەک ئەو خەڵک خەڵەتێن و ئاژاوەخوازانەی کە بەشێوەیەکی تایبەتی فۆرمیان دا بە ئاکاری گشتی ئەم سەدەیە، هەموو شتەکان لە تاکی و واتایی بە شێوەیەکی ئاڵۆزتر مانەوە.

کۆتایی فەلسەفەی ویتگنشتاین ئەوە بوو، کە ئەو پرسیارانەی کە ڕۆژگارێک لە فەلسەفەدا لەگۆڕێدا بوو، درانە بواری شیعر، بەڵام بەو ڕێچکەیەی کە شیعریش گرتوویەتیەبەر، وا دەردەکەوێت کە ئەمڕۆکە تەنانەت لە بواری

شیعریشدا ئەم پرسیارانە نایەنەگۆڕێ. هەر بەو چەشنەی کە فێربووین بەبێ خودا بژین، وادیارە فێریش دەبین کە بەبێ فەلسەفە بژین. بەداخەوە هەنووکە فەلسەفە دەچێتە ڕیزی ئەو بابەت و دەقانەوە، کە تەواوبوون (و بەتەواوەتی بوونەتە بابەتێکی زیـادە) وەک کیمیا، بەختگرتنەوە، عەشقی ئەفلاتون ی، و شێوازگەرێتی.

**لە نووسراوەکانی ویتگنشتاین**

ویتگنشتاین تێزی لۆژیکی-فەلسەفی خۆی بەم دوو حوکمەوە دەستپێدەکات:

1: جیهان تـەواوی ئـەو شتەیە کە دۆخی واقیعە.

2: جیهان کۆمەڵەی بوونەکانە، نەک کۆمەڵەی شتەکان.

دواتر بەڵگە دەهێنێتەوە:

1. 12: چی، کۆمەڵەی بوونەکان ئـەوەی کـە دۆخـی ڕاستینە دیـاریـدەکـات، هـەروەهـا هەرچیەکیش کە دۆخی واقیع نییە دیاریدەکات.

1. 13: بوونەکان لە کەشی لۆژیکیدا بریتین لە جیهان.

ئەم حوکمە بوو بەوەی کە:

2: ئـەوەی کـە دۆخـی ڕاستەقینەیە، واتـە

بوونێک، هەبوونی بارودۆخی شتەکانە.

2. 01: بارودۆخی شتەکان هاوپشتی بەرانبەر چەق و نەگۆڕەکانە (واتە شتەکان، کاڵاکان).

دواتر بانگەشە دەکات:

2. 012: لەلۆژیکدا هیچ شتێک هەڵکەوت نییە: ئەگەر شت بتوانێت لە بارودۆخی شتەکاندا بێتەپێشەوە، کەوایە دەرفەتی بارودۆخی شتەکانی دی دەبێت لە خودی شتدا لەپێشدا بڕابێتەوە.

ئەوکات دەچێتە سەر بابەتی ئاکاری خۆی:

6. 421: ڕوونە کە ناتوانرێت ئاکار-ئاینیو نەریتی بهێنرێتە چوارچێوەی وشە و دەربڕین (=سەرووتن=گۆبکرێت). ئاکاری ئاینی و نەریتی تۆ ئایساوە.

6. 43: گەر ویستی ئەهوورایی، یان ویستی ئەهریمەنی دنیا سەرەونخۆن بکاتەوە، ئەوکات تەنیا دەتوانێت سنوورەکانی دنیا بگۆڕێت، نەک بوونەکانی، ویستی ئەهوورایی، یان ئەهریمەنی ناتوانێت ئەوەی کە بەهۆی زمانەوە دەتوانێت دەرببڕدرێت، بگۆڕێت.

ویتگنشتاین پیشاندەدات کە تێڕوانینێکی لەبنەڕەتدا خواناسانە(عیرفانی)هەیە:

6. 432: ئەمەی کە دنیا چۆنە، بۆ پرسێکی بانتر بەگشتی کەمتەرخەمە. خودا خۆی لەهەناوی جیهاندا خۆی خۆیا ناکات.

ئەم حوکمە پاڵی پێوەدەنێ بەرەو لای سووک و بێکەڵککردنی فەلسەفە:

6. 53: شێوازی دروستی فەلسەفە لەوانەیە ئەمە بووایە: هیچ شتێک نابێت بوترێت، مەگەر ئەوەی کە دەتوانرێت بوترێت، واتە لێکدانەوەکانی زانستی سروشتی، کەوایە شتێک کە لەبنەڕەتدا لەگەڵ فەلسەفەدا پێوەندی نییە - دواتر هەرکات کەسێکی دی شتێکی مەتاگیتیانە(=سەرووسروشتی) بڵێت، دەبێت بۆی بسەلمێنی کە ئەو هێماگەرێکی نەبەخشیوە بە بڕێک لە ڕاڤەکاریەکانی خۆی.

ئەوکات کە بە خاکەڕاییەوە فەلسەفەی خۆشی سووک و بێکەڵک دەکات:

6. 54: لێکدانەوەکانی من بۆیە ڕوونکەرەوەن: ئەو کەسە کە لە تێڕوانینی من تێبگات- کاتێک کە لە ماوەی ڕاڤەکاریەکی مندا- واتە لەسەر بنەمای ئەوانەوە- لەڕاڤەکاریەکانی منەوە بچێتەسەر، ئەوانە بەبێ واتا دەبینێت (بەلێکدانەوەیەک، ئەو دوای چوونەسەر لە پەیژەکەوە، دەبێت پەیژەکە توورڕبدات) و لەکۆتاییدا دەگاتە ئەم ئاکامە باس

هەڵخڕێنە:

7: ئــەوەی کــە لــەبــارەیــەوە نــاتــوانــرێت بئاخاوترێت، دەبێت لەبارەیەوە بێدەنگ بی.

تێزی لۆژیکی-فەلسەفی

(وەرگێڕانی میر شەمسەدین ئەدیب سوڵتانی، 1371، تاران، بڵاوگەی ئەمیرکەبیر)

ویتگنشتاین لەدووەم پەرتووکیدا، لێکۆڵینەوە فەلسەفیەکان، فەلسەفە بەپلەی شرۆڤەی زماناسی دادەبەزێنێت:

30: بەم پێیە دەتوانرێت بوترێ: پێناسەی هێمایی زەمەنی بەکارهێنان- یان واتای-وشە شرۆڤە دەکـات، کـە دەوری وشـە بەگشتی لەزماندا ڕوونبێت.

نموونەیەک دەهێنێتەوە:

بەم شێوەیە گەر بزانم کەسێک مەبەستی هـەیـە ڕەنـگـی واژەیـەکـم بـۆ ڕوونـبـکـاتـەوە، پێناسەی هێمایی، واتە «ئەم ڕەنگە ناوی بۆری مەیلەوسورە» یارمەتیمدەدات لەتێگەیشتنم لە وشەکەدا- و ئێوە دەتوانن ئەمە بڵێن بەو مەرجەی کە لەبیرتان نەچێت کە وشەکانی»زانین» و «ڕوونبوونەوە» تێکەڵاون، لەگەڵ هەمەچەشنی ئەم جۆرە مەسەلانەدا.

بە نموونەیەکی دی باسەکە زۆرتر دەگەشێنێتەوە:

31: کاتێک کەسێک داشی مەلیک لەسەر لاپەڕەی شەترەنجدا پیشانی کەسێکی دی دەدات و دەڵێت «ئەمە مەکیکە» کارایی داشەکەی بۆ ڕوونناکاتەوە- مەگەر ئەوەی کە ئەو لەپێشدا لەگەڵ ڕێساکانی یاریدا تا ئەم قۆناغە- واتە قۆناغی ناسینی شێوەی مەکیک- ئاشنایی بێت. دەتوانین وێناببکەین کە ڕێساکانی یاریمان پێ فێرکردوە، بەبێ ئەوەی کە لەبنەڕەتدا داشەیەکی ڕاستەقینەی پێپیشانبدەین. لێرەدا شێوەی داشەکانی شەترەنج هاوتەریبە لەگەڵ دەنگەکان، یان شێوەی وشەکان لە زماندا.

ئەم باسەی ئەو لەکۆتاییدا دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە:

123: پرسی فەلسەفی وەها فۆرمێکی هەیە «نازانم لەچ ڕێگایەکەوە دەبێت بڕۆم».

بەڵام هۆشداریدەدات:

124: لەوانەیە فەلسەفە بەهیچ شێوەیەک دەستوەرنەداتە بەکارهێنانی ڕاستەقینەی زمانەوە، لەکۆتاییدا تەنیا دەتوانێت باسیاری بکات، لەبەرئەوەی ناتوانێت بنەمایەکیشی پێبدات. هەموو شتێک هەر بەو شێوەی کە

هەیە دەهێڵێتەوە... لەئاکامدا شانەی فەلسەفە سنووردار دەکرێت:

125: کاری فەلسەفە ئەوە نییە کە لێکدژیەک بەیارمەتی دۆزینەوەی بیرکاری یان لۆژیکی ـ بیرکاری چارەسەربکات، بەڵکو کاری فەلسەفە بریتییە لەوەی کە دەرفەتێکمان بۆ بڕەخسێنێت، کە بەر لە چارەکردنی لێکدژی، تێڕوانینێکی ڕوون لە دۆخی... کاروبار بەدەستبێنین(و ئەمە بەواتای دەساودەستکردن لە کێشەدا نییە ).

ئەمە دەکێشێتە گلۆڵەی سەرلێشێواوی کە قوتاربوون لەدەستی تاڕادەیەک ناگونجاو دێتەبەرچاو:

ڕاستی بنەڕەتی لێرەدا ئەمەیە، کە ئێمە بۆ یاریەک ڕێساکان، یان کۆمەڵە هونەرێک دادەڕێژین و کاتێک پێڕەوی لەو ڕێسایانەوە دەکەین شتەکان، بەو شێوەی کە ئێمە گریمانەمان کردبوو نایەنەدی، هەربۆیە دەڵێی ئێمە گرفتاربووین بەدەست ڕێساکانی خۆمانەوە. ئەم گرفتار بوونە بەدەست ڕێساکانی خۆمانەوە، هەمان ئەو شتەیە کە دەمانەوێت تێبگەین( واتە تێڕوانینێکی روونی لێبدەستبێنین).

ویتگنشتاین جەختیکردەوە لەسەر بیرسا و بەم کارە چەند سنوورداریەکی سەپاند بەسەر

هـزری فەلسەفیدا. بەبۆچوونی هەندێک ئەم کارەی ویتگنشتاین لەمپەرێکی گەورەیە لەسەر ڕێگای هزری ئێمە لەبارەی مەسەگەلێکەوەو لەبواری نەریتیەوە لەشانەی فەلسەفەدایە. بۆ ڕوونبوونەوەی دەقی فێرکارانەیە کە بزانین نیچە لە سەدەی ڕابردوودا چ تێڕوانینێکی لەبارەی لۆژیکەوە هەبوو:

گریمان »ئا«یەکسانە لەگەڵ خۆیدا، کە هەر ڕاڤەکاریەکی لۆژیکی(و بیرکاریەکان) بە لەپێشدا دانراوی دەزانێت، لەگۆڕێدا نەبێت، و گریمان»ئا«هێمای پەتی بێت- لەم حاڵەتەدا، لۆژیک بەتەنیا لەبارەی جیهانێک لە هێماکانەوەیە. لەڕاستیدا ئێمە تەنیا بەم هۆکارە باوەڕ بەم ڕاڤەکاریە دەکەین، کە ئەزموونمان بەڕواڵەت بەردەوام پەسەندیدەکات، «شت»واتە ژێرەوەی توێژاڵی ڕاستەقینەی»ئا«. بڕوای ئێمە بە شتەکان پێش مەرجی بڕوامانە بە بیرسا...

یەکەمین کردەی هزری- سەلماندن و نەرێکردن، بڕیاردان لەبابەت ڕاستی و دروستی- بەر لە کارتێکراوی لەگەڵ ئەو بڕوایەی ئێمەن، کە ئێمە دەتوانین زانستی

ڕاستەقینە بدۆزینەوەو دادوەریەکانمان دەتوانن هاوتەریبی ڕاستی بن...

لەبنەڕەتدا ئەمەیە سەرچاوەی پێشداوەری هەست خوازانەی ئێمە، کە هەستەکان ڕاستییەکمان لەبارەی جیهانەوە پێدەڵێن- ئەمەی کە من ناتوانم لە یەک کاتدا بانگەشەکار بم، کە شتێک هەم پتەوە و هەم نەرم...

یاساغی تێگەیشتوویی لەبارەی لێکدژیەوە بنەمای لەم بڕوایەی ئێمەدایە، کە ئێمە دەتوانین چەمکەکان فۆرمۆلەبکەین، ئەم چەمکانە نەک تەنیا گەوهەری شتێک دیاریدەکەن، بەڵکو لێیتێدەگەن. لەڕاستیدا لۆژیک ( وەک ئەندازەیی و ژمێریاری) تەنیا لەو چیرۆکانەدا کە ئێمە لەخۆمانەوە دروستیاندەکەین، کارایی هەیە. لەلایەنی تێگەیشتنی جیهانی باودا، لۆژیک تێکۆشانی ئێمەیە، بەڵام بەیارمەتی پێودانگێک کە ئێمە خۆمان دامان ڕشتووە. بە دەربڕینێکی دی هەوڵێکە بۆئەوەی کە ئامادەی وەرگرتنی پێودانگەکانی ئەو فۆرمول و تاوتوێکاریانە بکەین کە خۆمان دامانهێناوە.

ویستی دەسەڵات بەشی(516)

له کتێبی کولتور و بایەخدا، ویتگنشتاین دەچێتە سەر پانتاییەکی بەربڵاوتر لەو بابەتانەی دەرەوەی شانە لۆژیکی و فەلسەفییەکان. لەم نووسراوانەدا ئەو دەستە خەسڵەتانەیان تێیدا دەردەکەوێت کە لەژیانی ڕۆژانەدا کردبوویانە بیانووگر. هۆکاری ئەوەی کە ناتوانم لە شکسپیر تێبگەم ئەمەیە، کە بەشوێن دۆزینەوەی هاوخشتیەوەم لەناو ئەم هەمووە ناهاوخشتیەدا. شانۆکانی شکسپیر ئەم هەستە بە مرۆڤ دەبەخشن، کە ئەمانە کۆمەڵە گەلاڵەیەکی مەزنن، نەک وێنە، دەڵێی کەسێک کە خۆی بە ڕێپێدراو بە هەموو کارێک دەزانێت بەپەلە کێشابێتیەوە. کەسێک کە بەرهەمەکانی هەر بەوچەشنە پەسەندبکات، کە بۆنموونە بەرهەمەکانی بتهۆڤن پەسەنددەکات، بەبۆچوونی من هیچ لە شەکسپیر تێنەگەیشتووە. لەم پەیڤەدا لووتبەرزیەکی ئیجگار ڕوون شاردراوەیە. تەنیا لۆژیکزانێکی بەرجەستە دەتوانێت لەمە تێبگات، کە لە شکسپیر تێناگات (و بەشێوەیەکی وەها ڕوون ئەمە پیشاندەدات) چۆن دەتوانێت بانگەشە بکات، ئەو کەسانەی لەشکسپیر تێدەگەن لێیتێناگەن. بەداخەوە! ویتگنشتاین قەت

لەگەڵ مامۆستایەکدا ڕووبەڕوو نەبووە، جارێک بەمنی وت»زۆرم پێخۆشە ڕات لەبارەی فلانە سەمفۆنیای بتهۆڤنەوە ببیستم، بەڵام لەبیرت بێت کە لەوەڵامی تۆدا بتهۆڤن هەڵناسەنگێندرێت». کاتێک لەبارەی هونەرمەندێکی بەرجەستەی دیکەوە دەست بە داوەری دەکات، هەمان ئەو هەڵسووکەوتە پیشاندەدات کە بەردەوام لەپێوەندی لەگەڵ دیتراندا دەبینرا:

گەر ئەمە دروستبێت، کە مۆسیقای ماهلێر بێ بایەخە، بەو چەشنەی کە من بڕوام پێیەتی، دەکرێت بپرسین کە ئەو باشتر وابوو بەهرەکەی لە چ ڕێگایەکدا بەکاردەهێنا. ئایا دەبوایە کارەکانی بنوسیایەتەوە و دوایی بیسوتاندایە؟ یان دەبوو بە توندوتیژیەوە لەگەڵ خۆیدا بجوڵایەتەوەو نەینوسینایە؟؟ ئایا دەبوو دوای نوسین لە بێ بایەخبوونیان تێگەیشتبایە؟ بەڵام چۆن دەیتوانی لەم پرسە تێبگات؟ من دەتوانم لەم خاڵە تێبگەم، لەبەرئەوەی کە دەتوانم بەرهەمەکەی لەگەڵ بەرهەمی مۆسیقازانە دیارەکاندا هەڵسەنگێنم، بەڵام ئەو خۆی نەیدەتوانی... لەبەرئەوەی کە سروشتی مۆزیکزانە بەرجەستەکانی نەبوو.

## کولتور و بایەخ

گەلێک تێبنیی وەها، گەر ویتگنشتاین لەژیاندا دەکاری نەدەگرتن، گاڵتەجاڕانە دەبوون، ئەو ئەم خووە ناحەزەی هەبوو، کە بەزۆری خۆی لە ژیانی دەوروبەرەکانی هەڵقورتێنێت. بۆ نموونە هاوڕێی ئێسکینێری بە هەڕەشە ناچاریکرد دەست لە چالاکییە ئاکادیمیا درەوشاوەکەی خۆی بەربدات و ببێتە کرێکاری کارخانە، یان بە دکتۆرێک کە لەبارەی خزمەت لە سوپای پاشایەتیدا وەک نەشتەرگەر ڕای ئەوی ویستبوو پێشنیاریکرد، داخوازانە بچێتە ڕیزی پێشەوەی شەڕ. کاتێکیش لە کەمبریج بوو هەوڵی زۆریدا، هەتا لیڤیس ڕەخنەگری بەرجەستەی وێژەیی قایلبکات، کە دەست لە ئەدەبیاتی ئینگلیز هەڵگرێت، چونکە ئەو شیاوی خوێندنەوەی ئەوە نییە، لەکاتێکدا کە خۆی دانی پێدادەنا کە لەشکسپیر تێناگات.

## ڕۆژژمێری ڕووداوە گرنگە فەلسەفییەکان

-سەدەی شەشەمی پ. ز: دەستپێکی فەلسەفەی ڕۆژئاوا بە ئەندێشەکانی تالس مۆڵتی

-کۆتایی سەدەی شەشەمی پ. ز: مردنی فیساگۆرس

399-پ. ز : سوقرات لە ئەسینادا بڕیاری مردنی بەسەردا دەسەپێنرێت.

387-پ. ز: ئەفلاتون ئەکادیمیای خۆی کە بەیەکەم زانکۆ دەژمێردرێت لەئەسینادا دادەمەزرێنێت.

335-پ. ز: ئەرەستۆ قوتابخانەی لیسیۆم لەئەسینادا لە (ئاتێندا)بنیاتدەنێت، و دەبێتە ڕکەبەری ئەکادیمیا.

324-زایینی: ئیمپراتۆر کۆنستانتین ئیمپراتۆری ڕۆما دەگوێزێتەوە بۆ شاری بیزەنتە.

400-: قەشە سانت ئاگۆستین کتێبی دانپیانانەکانی خۆی دەنوسێت. فەلسەفە لە خواناسی مەسیحیدا دەتوێتەوە.

410-: داڕووخانی ئیمپراتۆری ڕۆما بەدەستی ڤیزیگیتەکان و و دەستپێکردنی چاخی تاریکی.

529-: داخرانی ئەکادیمیای ئەسینا بەفەرمانی ئیمپراتۆر یۆستینین، هێمای کۆتایی حیکمەت و زانستی یۆنانی.

-نێوەڕاستی سەدەی سێزدەیەم: تۆماس ئاکۆیناس شرۆڤەی خۆی لەسەر ئەرستۆ دەنوسێت. چاخی فەلسەفەی وانەبێژی (سکۆلاستیک).

1453-: داڕووخانی بیزەنتە بەدەستی تورکەکان، کۆتایی سەردەمی ئیمپراتۆری بیزەنتە.

1429-: کریستۆف کۆلۆمبوس دەگاتە ئەمریکا. چاخی ژیانەوە لە شاری فلۆرانسدا و بووژانەوەی دووبارەی فێرکاریەکانی یۆنانی.

1543-: کۆپەرنیکۆس کتێبی»لەبارەی گەڕانی تەنە ئاسمانییەکانی بڵاوکردەوە و لەبواری بیرکاریەوە سەلماندی، کە زەوی بەدەوری خۆردا دەسوڕێتەوە.

1633-: کڵێسا گالیلۆی ناچارکرد کە بەفەرمی حاشا لەوە بکات، خۆر چەقی گەردونە.

1641-: دیکارت، ڕامانەکانی خۆی بڵاودەکاتەوە. دەستپێکی چاخی فەلسەفەی مۆدێرن.

1677-: کتێبی ئاکاری سپینۆزا دوای مردنی مۆڵەتی بڵاوبوونەوەی دەدرێت.

1687-: نیوتن کتێبی بنەما بڵاودەکاتەوە و لەوێدا دەستدەکاتە ناساندنی چەمکی ڕاکێشان.

1689-:لۆک تێزی لەبارەی تێگەیشتنی مرۆڤ چاپدەکات. دەستپێکی قۆناغی فەلسەفەی ڕەسەنێتی ئەزموون.

1710-: بێرکلی کتێبی بنەمای زانستی مرۆیی بڵاودەکاتەوە و ڕەسەنایەتی ئەزموون بەرەو سنوورگەلێک نوێ دەبات.

1716-: مردنی لایبنیتس.

40_1739-: هیۆم تێزی لەسروشتی مرۆڤیدا

بڵاودەکاتەوە و ڕەسەنایەتی ئەزموون هەتا سنوورە لۆژیکیەکانی دەباتە پێشەوە.

1781-: کانت بەیارمەتی هیۆم»لەخەونی دۆگماتیکی خۆی بەخەبەردێت» و کتێبی رەخنە لەئەقڵی پەتی بڵاودەکاتەوە. چاخی مەزنی میتافیزیای ئەڵمانیا دەستپێدەکات.

1807-: هێگل کتێبی دیاردەناسی زەین (فینۆفیۆلۆژیای رۆح) بڵاودەکاتەوە، کە لوتکەی میتافیزیای ئەڵمانە.

1818-: شۆپێنهاور کتێبی جیهان وەک ئیرادەو وێناکردن بڵاودەکاتەوە و فەلسەفەی هێندی لە میتافیزیای ئەڵمانیادا گەلاڵەدەکات.

1889-: نیچە بەدەربڕینی ئەم دەقە کە»خودا مردوە»، لەشاری تۆرینۆدا تووشی شێتی دەبێت.

1921-: ویتگنشتاین تێزی لۆژیکی- فەلسەفی خۆی بڵاودەکاتەوە بانگەشەی ئەوە دەکات، کە دەستی ڕاگەیشتووە بە ڕێگاچارەسەری کۆتایی فەلسەفە.

-دەیەی1920: بازنەی ڤیەننا، پۆزیتیڤیزمی لۆژیکی بڵاودەکاتەوە.

1927-: هایدگر کتێبی بوون و زەمەن چاپ دەکات، کە باس لەجیایی نێوان فەلسەفەی شیکاری و فەلسەفەی ئەوروپایی دەکات.

1943-: سارتەر بەبڵاوکردنەوەی کتێبی بوون و نەبوون ئەندێشەکانی هایدگەر تەواودەکات و فەلسەفەی بوونخوازی «ئیگزیستانسیالیزم»گەڵاڵە دەکات.

1953-: بڵاوبوونەوەی کتێبی لێکۆڵینەوە فەلسەفیەکانی ویتگنشتاین دوای مردنی. لوتکەی قۆناغی شرۆڤەی زمان(زمان شیکاری).

## ڕۆژژمێری ژیانی ویتگنشتاین

1889-: لۆدڤیگ ویتگنشتاین لە26ی ئاپرێل لەڤیەننا چاوی بەژین پشکوت.

1906-: بۆ خوێندن لەبەشی ئەندازیاری چوو بۆ بەرلین.

1908-: بۆ لێکۆڵینەوەی خوێندکاری لەزانکۆی مانچستەری بەریتانیادا ناوی خۆی نوسی.

1912-: بۆ خوێندن لەبەشی لۆژیک لە کۆلیژی ترینیتی زانکۆی کەمبریجدا وەرگیرا.

1914-: داواکردن لە سوپای نەمسا- هەنگاریا بۆ بەشداری لەشەڕی یەکەمی جیهانیدا.

1918-: زیندانی شەڕ لەئیتاڵیا.

1920-: لەگوندێکی دوورەدەست لە نەمسادا بەنێوی تراتنباخ دەبێتە مامۆستا.

1921-: یەکەم چاپی تێزی لۆژیکی- فەلسەفی لەساڵنامەکانی فەلسەفی سروشتیدا( یەکەمجار بەشێوەی کتێب بە وەرگێڕانی ئینگلیزی لەساڵی1922دا بڵاوکرایەوە).

1927-: باسە فەلسەفییەکان لەبازنەی ڤیەننادا لە ڤیەننا.

1929-: گەڕانەوە بۆ کەمبریج.

1930-: دەبێتە ئەندامی کۆلیژی ترینیتی.

1939-: وەک پلەی مامۆستای فەلسەفە لە کەمبریجدا هەڵدەبژێردرێت.

1940-: وەک کۆڵبەر لەنەخۆشخانەدا لە لەندەن دەستدەکات بەکار.

1947-: دەست لە کورسیەکەی لە زانکۆی کەمبریج هەڵدەگرێت و دەچێت بۆ هەوارگەکۆنکە لە ئایرلەندا.

1951-: لەتەمەنی62ساڵیدا بەهۆی شێرپەنجەوە گیانی لەدەستدەدات.

**ڕۆژژمێری سەردەمی ویتگنشتاین**

1889-: دانانی بورجی ئیفل لە پاریس

1900-: مردنی نیچە. فرۆید کتێبی لێکدانەوەی خەونەکان بڵاودەکاتەوە.

1903-: ماری و پییێر کوری بەهۆی دۆزینەوەی ڕادیۆئەکتیڤ خەڵاتی نۆبڵ دەبەنەوە.

1905-: ئینشتاین»تیۆری ڕێژەیی تایبەت« بڵاودەکاتەوە.

1912-: نوقمبوونی کەشتی تایتانیک.

1913-: بۆهێر بیرۆکەی کوانتۆم دێنێتەئاراوە.

1918-_1914: شەڕی جیهانی یەکەم.

1917-: شۆڕشی بەلشەڤیکی لەڕووسیا.

1919-: لێکهەڵوەشانی ئیمپراتووری نەمسا_ هەنگاریا.

1922-: ئیشلیک بازنەی ڤیەننا بنەماداڕێژی دەکات. بڵاوبوونەوەی کتێبی ئۆلیس بەرهەمی جۆیس و «وڵاتی بێ بەرهەم» بەرهەمی ئالۆیت.

1927-: هایدگەر کتێبی بوون و زەمەن بڵاودەکاتەوە.

1929-: داڕووخانی وال ئیستریت و سەرەتای قۆناغی مەنگبوون.

-1945 -1939: شەڕی دووهەمی جیهانی.

1945-: تەقینەوەی یەکەم بۆمبی ئەتۆمی. بنیاتنانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان. سەردەمی ئێگزیستانسیالیزم لەپاریسدا.

1949--1948: پردی هەوایی لە بەرلیندا.

1950-: دەستپێکردنی شەڕی کۆریا.

## کتێبە پێشنیارکراوەکان

-A. Phillips Griffiths, ed. , Wittgenstein: Centenary Es- says (Cambridge Univesity press 1991)

Anthony Kenny, ed. , the Wittgenstein Reader (Blackwell, 1994)

-Ray Monk, Ludwig Wittgenstein: the Duty of ge- nius (Viking Penguin, 1991)

-David pears, the false Prison: A study the of Devel- opment of Wittgensteins Philosophy (Oxfosd Univesity press, 1987_1988)

-Joachim Schulre, Experience and Expression: Wittgensteins Philosophy of Psychology (ox- ford University press, 1993)

1- بنەماڵەی ئەڵمانیایی، بناغەداڕێژی گەورەترین پیشەسازی ئاسن توانەوە لەئەڵمانیادا.

2- یەکەمین پیشانگای بەرهەمەکانی تەلارسازی نوێ و تەلارسازی ناوخۆیی کە لە1897دا کرایەوە.

# فەیلەسوفی شیکاری زمان

ویل و ئارێل دۆرانت
لە فارسییەوە: سەرهەنگ عەبدولڕەحمان

ژان پۆل سارتەر، فەیلەسوفێک کە قەڵەمڕەوی هەریەکە لە ئەدەبیات و فەلسەفەی فەرەنسای سەردەمانی ئێمەی لەخۆگرتووە، گەرچی لە شێوەیەکدا دەتوانین ئەندێشە و رۆمان و شانۆنامەکانی دەرکپێبکەین. هەڵبەتە چاوەڕوانی ئێمە کەمێک سەرسامانمان دەکات، چونکە ئەو (فەلسەفە)یەی کە ئەمڕۆ لە زانکۆکانی ئەمریکا بووەتە جێگەی بڕوا، لە مەسەلە جدیەکانی ژیاندا، زیاد لە پێشوو، بەرێزەوە پاشەکشە دەکات و پەنا دەباتە بەر ئەشکەوتە گەورەکانی میتافیزیک و مەعریفەناسی، هەمان پاشەکشەی کە چڵ ساڵ لەمەوپێش لە بەشی یەکەمی کتێبی (تەلارەکانی فەلسەفە) بەتوندی رەخنەم لێگرت. من دەستمدابووە ململانێیەکی نابەرابەرەوەو ئەگەرچی لەو جەنگانەدا خوێناوی بووم، بەڵام سەرم دانەنواندوە و تەسلیم نەبووم. فەلسەفە پیشەیەکە کە لەپێچ و پەناکانی لۆژیک و سیمبولە ماتماتیکییەکان، یان شیکردنەوەی گومان ئاسا و لەهۆش خۆچوونی وشەکان خۆی پەنهان دەکات، خۆی لە چاوی جیهانیان بزرکردووە.

بێرتراند راسڵ بەدەرە لەم بنەمایە، زۆر

زوو لەم ئەشکەوتە هاتە دەرەوە، تا دلێرانە رووبەڕووی ئەوە بووەوە، کە بە بڕوای من مەسەلە واقیعییەکانی فەلسەفەن، واتە: سروشت و زەین، مۆڕاڵ و کەسیەتی، ئازادی و دەسەڵات، توندوتیژی و قانون، گەنجی و پیری، خۆشەویستی و هاوسەرگیری، جوانی و ناشرینی، کۆمۆنیزم و دیموکراسی، شەڕ و ئاشتی، دین و بێ دینی، زیادبوون و کەمبوونەوە، وانەکانی مێژوو، مانای مردن و ژیان، بەڵام راسڵ بەر لە خەریکبوونی بوێرانە بەو جۆرە مەسەلانە، شەیدای ماتماتیک بوبوو. لەنێوان سالانی 1910 تا 1913 لەگەڵ پرۆفیسۆر ئەلفرێد نورس وایتهد کێشە ماتماتیکیەکانی لە شێوە لۆژیکییە سیمبولیکییەکاندا ریزبەندی کرد و لە ساڵی 1915 رایگەیاند «من باوەڕموایە هەموو کارێکی بنەڕەتی لە فەلسەفەدا، لۆژیکییە» هەر لەو دۆخە کارتێکەرەدا بوو، کە نامۆترین کەسیەتی فیکری هاوچەرخی دۆزییەوە و دەستی هاوڕێیەتی بۆ درێژکرد.

لۆدڤیک ویتگنشتاین (1889–1951) منالی جولەکەیەکی دەوڵەمەندی ڤیەنا بوو. ئەو

چاو و دڵی تێرتر بوو لەوەی، کە پارە شێت و شەیدایبکات. حەزی خۆی بۆ لۆژیک و ماتماتیک دەربڕی و چووە کۆلێژی ترینیتی زانکۆی کامبریج تا ببێتە قوتابی راسڵ. (1912) راسڵ بەو شێوەیە باسی ویتگنشتاین دەکات» کامڵترین نمونە بوو من لە بلیمەتیدا، کە بە چەمکی سوننەتی ناسیومە. بەگوڕ، وردبین، جدی و دەسەڵاتخواز» بەدەستپێکردنی شەڕ، ئەم فەیلەسوفە لاوە پەیوەندیکرد بە سوپای (هەنگاریا) یەوە لە بەرەی ئیتاڵیا دەجەنگاو بەدیل گیرا. (1918) لە کاتی دەستبەسەری خۆی لە(مۆنتی کاسینۆ)دا، دەستنوسی کتێبەکەی بۆ راسڵ نارد، کە لەساڵی 1921 وەکو تێزی لۆژیک- فەلسەفی چاپکرا.

من ئەم کتێبەم زۆر بەدیقەتەوە خوێندۆتەوە، بەڵام سەبارەت بە لۆژیکەکەی ئەوەندە نەزانم کە بە دڵنیاییەوە دەرکم بە گرنگیەکەی نەکرد. وەختێک لە کتێبی دواتریش (توێژینەوە فەلسەفییەکان) رووبەڕووی ئەم دانپیانانە خاکەساریانە بوومەوە، کە «ناچارم دان بەو هەڵە زۆر و زەبەندانەدا بنێم کە لە کتێبی یەکەمدا

ئەنجامم‌داوە» هەناسەیەکی ئاسودەم هەڵکێشا. بەداخەوە لە کتێبی دووەمیشدا مەودای نێوان ئەو شتەی کە دەیەویست بیڵێ ئەو شتەی کە وتبووی، زۆرە «حەزم‌دەکرد کتێبێکی باش بنوسم، بەڵام سەرکەوتوو نەبووم و دەرفەتی باشترکردنی ئەوەی تریش لە دەستچووە.

مەسەلە فەلسەفییەکان دەربارەی جیهان یان زەین بریتین لە:

1- لە مەسەلە سەرەتاییەکاندا، ئەو شتانەی کە راستەوخۆ دەناسرێنەوە، بەو ناوانەی کە لە بنەڕەتەوە وێنایین، نیشاندەدرێت.

2-مەسەلە گرنگەکان، کارکردەکانی حەقیقەتن، یان دەبنە بەرهەمگەلی مەسەلە سەرەتاییەکان. لەم رووەوە تێزەکەی لەخۆگری ژمارەیەک مەسەلەی سەرەتایی ژمارەیی بووەو هەرکام لەوان بەرهەمگەلی دەیانەی هەیە.

-وەکو 6/1 یان 6/2 و... هتد و دیسانەوە هەرکام لەم بەرهەمگەلە، بەرهەمگەلی ناوەندی خۆیان هەیە - وەکو 6/11 یا 6/12... . 6/21 یان 6/22... . . ویتگنشتاین وەکو سپینۆزا ماتماتیک ئامانجی بوو، ئارەزووی دەکرد کە هەموو فەلسەفە

بە شێوەی ماتماتیک وەربگیرێت «لۆژیکی جیهان کە بە بیروڕایەکی لۆژیکی دەردەکەوێت، لە ماتماتیکدا بە شێوەی هاوکێشە نمایشدەکرێت» ئەم بابەتە یادەوەری کنەوپشکنینی ئەنشتاینە، کە دەیەویست هاوکێشەیەک بدۆزێتەوە، کە هەموو کارکردەکانی سروشت دەربڕێ.

بەڵام یەکەمین فەلسەفە دەبێت بۆ لۆژیک بگۆڕێت «کنە و پشکنینی لۆژیک، واتە کنەو پشکنینی هەر ئەوەی پەیڕەوی قانونە، لۆژیک لە جیهان لە تەوژمدایە، سنوری جیهان هەمان لۆژیکە... لۆژیک سیستەمێک لە جیهان ئاڕاستەدەکات، کە لە واقیعدا سیستەمێکی لە پێشتری جیهانە، واتە سیستەمی رەخساندن کە دەبێت خاڵی هاوبەش لە جیهان و ئەندێشەدا بێت... . لۆژیک سیستەمی ئامۆژە نییە، بەڵکو ئاوێنەی جیهان نوێنییە.

ویتگنشتاین بە گومانی ئەو ستایشەی کە لە لۆژیک دەیکرد، وردە وردە تێگەیشت کە لۆژیکیش جۆرە شێوە بیرکردنەوەیەکی داهێنانی مرۆڤە و لەوانەیە سروشت بێ رێسایی و نامەعقولیەتی تێدابێت، کە ئێمە جێگەیەکمان بۆ ئەوە لە فەلسەفەدا نییە «ئەمڕۆ خەڵک خۆیان لە یاساکانی سروشت

دەپـاریـزن و بـە هـەمـان شـێوە رووبــەڕووی سەرپێچی نەکردن دەبنەوە، کە لە سەردەمانی پێشوو وایان لەگەڵ خودا و چارەنووس دەکرد »ئێمە دەتوانین بنەمای رێسایی« یەک بەدوای یەک و زنجیرەیی رووداوەکـان دەرک پێبکەین و بەحساب دەریبهێنین، بەڵام درەنگ یان زوو جیاکردنەوە دێتە پێش، بینینی شتێکی نامۆ و نەشیاو لە سروشتدا، ئەنجامەکانمان مەرجدار دەکات و لێرەدا زانست روونکردنەوەی دەبێت و خۆی بە وەسفکردنی سنوردارەوە خەریکدەکات. ئەم جیاکارییانەی رووداوەکــان، دەبێتە هۆی بێزاری ئێمە لە وەرگرتنی جەبرگەراییەکی تەواو و کامڵ.

ئــــازادی ئـیـرادە بریتییە لـە نـەگـونـجـانـی مەعریفەمان سەبارەت بەو کـردەوانـەی کە لە ئایندەدا روودەدەن، سەرەنجام بەشێوەیەک دەتوانین ئاگامان لەم کردارانە بێت کە هۆیەتی -وەکـو هـۆی ئەنجامگیری لۆژیکی- دەبـووە جۆرە زەرورەتێکی دەرونی، بەڵام باوەڕبوون بە پەیوەندی هۆدار خورافەیە. دیارە کە ویتگنشتاین لێرەدا هیوم و کانت ئاوێتەدەکات.

ئـەو نــەک تـەنیا ئـومـێدی بـە دۆزیـنـەوەی دروستکردنی جیهان لە لۆژیک لەدەستدا، بەڵکو سەبارەت بە پاڵاوتنی لۆژیک و فەلسەفە لە شتە نەشیاوەکان گەیشتە رادەی نائومێدی. لە کتێبی توێژینەوە فەلسەفییەکاندا خوازیاری توێژینەوەی وردی زمـانـی بەکارهێنراو بـوو لەفەلسـەفەدا. فەلسەفە دەجەنگێ کە بە ئەفسونی زەینمان لەڕێی زمانەوە قسەگەلێکی زۆر بێمانا و پوچی وتوە لەبارەی بێسنورییەوە -دەستەواژەیەک کە خاڵییە لە هەموو جۆرە مانایەکی چەسپاو- مۆڕاڵگەراکان لـەبارەی خۆپارێزییەوە قسەی زۆریـان وتـوە، بێ ئـەوەی مـاناکەی روونبکـەنـەو. زۆرێـک لە کێشەو پرسیارەکانی فەیلەسوفان لەدەرکنەکردن بە لۆژیکی زمـانـەوە سـەرچـاوە دەگـرێ) لێرە بــەدواوە، هەموو فەلسەفە دەبێت (رەخنەگری زمــان) بـێت. (کــاری فـەلـسـەفـە لـەبـنـەڕەتـەوە روونکردنەوەیە. ئەرکی فەلسەفە خستنەڕووی (مەسەلە فەلسەفیەکان نییە، بەڵکو روونکرنەوەی رۆشـنـسـازی کـێـشـەکـانـە. بـەبـێ ئــەو جـۆرە فەلسەفەیە، ئەندێشە بە هەمان شێوەی کە بووە، لێڵ و ئاڵۆز دەمێنێتەوە. ئەرکی فەلسەفە ئەمەیە

کە ئەم ئەندێشانە روونبکاتەوەو ئەوپەڕی وردی ئەوان دەستنیشانبکات) سەرچاوەی جۆگەلەی ئارامی (فەلسەفەی شیکردنەوە) جۆگەلەیەک کە ئێستاش ئاودێری لاولاوەکانی مەڵبەندە زانستییەکان لە بەریتانیا و وڵاتە یەکگرتووەکان دەکات، هەر لەم کۆمەڵەیە. قۆناغی کۆتایی گەشت و گەڕانی-فیکری- ویتگنشتاین ئەم باوەڕە بوو، کە زمانی هەر ئەندازەیەکیش کە پاڵاوتەکراوە رۆشنبێتەوە، دیسانەوە ناتوانێ قووڵترین ئەندێشەکان دەربڕێ. (کۆمەڵێ شت هەیە، کە ناتوانرێ و مومکین نییە بە وشە دەرببڕێ، ئەمانە بۆ خۆیان خۆیان دەردەخەن. ئەمانە هەمان شتە شاراوەکانن. ئەوەی نیشاندەدرێ بە دەربڕین نایەت. ئەو کەسانەی کە لە دوای قۆناغێکی دووردرێژ کەوتونەتە گومانەوە، کە مانای ژیان بۆ ئەوان روونبۆتەوە، توانای دەربڕینی ئەم خاڵەیان نەبووە، کە ئەو مانایە لەچی شتێ پێکدێت. »وشەکان لانی کەم دەتوانن ئاماژەیەک بن بۆ تێگەیشتن«. مەسەلە فەلسەفییەکانی من بەمجۆرە لە خزمەتی رۆشنسازیدایە، کە هەموو کەس لە قسەکانی من تێدەگات، کاتێ کە سود

لەوانە وەردەگیرێ، وەکو پلەیەک بۆ بەرزبوونەوە لەپشت ئەو قسانەوە، سەرەنجام ئەوانە بێ مانادەبن، بێرتراند راسڵا دەنوسێ «من نازانم کە بیروڕاکانی ویتگنشتاین راستە یان نا؟ بەڵام لە ناخی دڵمەوە حەزدەکەم راست نەبێ، چونکە ئەگەر راست بێت، ماتماتیک و لۆژیک بەشێوەیەکی باوەڕنەکردوو دەبێتە گرفت) من بە بیستنی ئەمەی کە یەکێک لە روناکبیرترین ئەقڵەکانی سەدەی ئێمە ویتگنشتاین کێشەکەی چارەسەرکردووە، ترسەکەم رەوییەوە. من هەندێک شتم لەوەوە گواستەوە، کە لە چوارچێوەی تێگەیشتنی مندا جێگەی بۆتەوەو هەوڵمداوە پەیوەستیان بکەم بەسیستەم و رێکخستنەوە، بەڵام پێشبینیدەکەم کە لێرەدا روانگەیەک لە پشت توانای تێگەیشتنی منەوە هەبێت. ئاگادارکردنەوەی لە خۆباییانەی ویتگنشتاین بۆ راسڵ بە یاد دەهێنمەوە کە دەڵێ «بیرمەکەرەوە هەرچیەکی کە تۆ ناتوانی تێیبگەی، بێبایەخ و بێ مانایە« دوورنییە وەڵامی راسڵ ئەمە بێت کە زمانی ئاڵۆز هەندێکجار لە فیکری نارۆشن و دوودڵیەوە سەرچاوەدەگرێ، بەڵام لەباتی ئەم کارە، یارمەتیدا تا لە کامبریج

وانەبڵێتەوە، ئەم لۆژیک زانە پڕ جۆش و خرۆشە لەوێ هەوادارانێکی قاچ وقول مەحکەمی دۆزییەوە، بەڵام زۆر شەیدای ئەندێشەکانی خۆی بوو، زۆریش سەبارەت بە رکابەرەکانی بێ حەوسەڵە و بێتاقەت بوو، کە زۆر زوو لەناو ئەم ئینگلیزە ئارام و موئەدەبانەشدا هەستی بە غەریبی کرد و دووبارەگەڕایەوە وڵاتەکەی خۆی. ئەو میراتیەی کە لە باوک و دایکییەوە بۆی مابۆوە، بەخشیە براو خوشکەکەی و لەڕێگەی وانەوتنەوەی لە قوتابخانەکانی هەنگاریا بژێوی خۆی دابیندەکرد (1920 - 1926)، بەڵام لە ساڵی 1929 دا دووبارە لە کامبریج دەستیکردەوە بە وانەوتنەوە، تا ساڵی 1947 وانەی فەلسەفە دەوتەوە (کە مێژووەکەی دیار نییە) کاتێ ویلیام گاس بینەری توێژینەوەیەک بوو لە زانکۆی کرنێل، کە لەوێ ویتگنشتاین هەڵوێستێکی زۆر سەیرو خۆشی وەرگرتبوو. گاس ئەو بەو شێوەیە باسیدەکات» پیر، لەرزۆک، بەسەروسیمایەکی نامۆ و پێکەنیناوی.... بەهەمان شێوە لەجێگەی خۆی ئارام و بێ قەراربوو بە بڕوای من مرۆڤێکی دەبەنگ و خوانەناس و رووەکخۆر دەهاتەبەرچاو، کە بەڕێکەوت رێی

کەوتۆتە کۆڕی یانەی فەلسەفەی کرنێلەوە. هەموو ساتێ بە توانایەکی تەواو بزاو، پەشۆکاو، هەموو ئەو فیکرە سادەو بێ ئارایشتانەی کە هێنابوویە خرۆشان، دەردەبڕی و بەرگری لێدەکرد» نازانم لەدوای ئەوە چی بەسەرهات، جگە لەوەی کە لە ساڵی 1951دا لە تەمەنی شەست و دوو ساڵیدا کۆچی دواییکرد. لەوانەیە لەرزوتای بەهێزبووبێ، کە لە پێی خستبێ. دەشێ لە رووبەڕوونەوەیەکی شێوە جدی بە لۆژیک و فەلسەفە هەڵەی کردبێ، میانەڕەوی و قسەخۆشی (بینینی بەشێک لە پرۆتۆکۆڵ ڤاکسینی باشە بەسەر شێتی میتافیزیکیدا. جێگەی خۆشبەختییە کە میراتگرانی ویتگنشتاین، واتە فەیلەسوفانی توێژینەوە ئەو جۆرە شێتیەیان لە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان دەرهێناو لە چوارچێوەیەکی بێ زیاندا، دەستەمۆیانکرد.

**سەرچاوە:**

- تفسیرهای زندگی، ویل و أریل دورانت، ترجمه: ابراهیم مشعری، انتشارات نیلوفر، چاپ سوم، تابستان 1377

# لۆدڤیك ویتگنشتاین

د. عەبدولرەزاق بەنور
وەرگێڕانی: ئاران عەلی

## (1) ژیان

لۆدڤیک ویتگنشتاین، گەورەترین فەیلەسوفی سەدەی بیستەم، کتێب و نوسینەکانی دوای هەردوو جەنگە جیهانییەکە شۆڕشێکی فەلسەفییان بەرپاکرد. زیادەڕەوی نییە کە ویتگنشتاین لە خەیاڵدانی گەلانی ئەوروپادا بە «سوکراتی سەردەمی نوێ» دادەنرێت. سەرەڕای شێوازە شۆکهێنەرە نیچییەکەی، بەڵام هەستا بە گۆڕینی فۆڕمی بیرکردنەوەی فەلسەفیی و میتۆدی مامەڵەکردن لەگەڵ پرسە فکرییەکاندا.

(لۆدیڤیک جۆزێف جۆهانس ویتگنشتاین Ludwig Joseph Johannes Wittgenstein) لە (26ی نیسانی 1889) لە یەکێک لە خێزانە هەرە دەوڵەمەندەکانی نەمسا لەدایکبووە. باوکی پیشەکارێکی گەورە بوو لە بواری پۆڵا و دواتریش پیشەسازیی چەک. ویتگنشتاین پەروەردەیەکی توند و ڕەقی هەبوو، کە لەسەر بنەمای رەخنەلەخۆگرتن و لێپرسینەوەی خودیی دامەزرابوو، هەر ئەم پەروەردەیەش پاڵنەربوو، کە سیان

لە هەشت خوشکەکەی پەنا بۆ خۆکوشتن بەرن. هەربۆیە نەفسبەرزیی و سەربەخۆیی بیرکردنەوە و ئازادیی کەسێتی، وەهایان لە ویتگنشتاین کرد خۆی لەو شتانە ئازادبکات کە خێزانەکەی پەیوەست بوون پێوەی، واتە سەروەت و سامان و خانەدانی. بەڵێننامەیەکی بۆ (مارگرێت)ی خوشکی نووسی و تێیدا وازهێنانی خۆی لە هەموو مافێکی میراتی خێزانەکەی ڕاگەیاند، کە ئەو میراتە -سەرەڕای زۆریی ئەندامانی خێزانەکەی- سامانێکی گەلێک گەورە بوو، تەنانەت لەو نووسراوەدا بەڵێن دەدات لە داهاتووشدا داوای هیچ شتێک لە خێزانەکی نەکات، ئەمەش لەپێناو ئەوەدا کە دەرگای پەشیمانبوونەوە لەسەر خۆی دابخات. دەوترێت ویتگنشتاین بە ڕەچەڵەک جولەکەیە، بەڵام لە دایک و باوکەوە نا، بەڵکو لە نەوەی پێش دایک و باوکییەوە، باپیری وازی لە ئایینی جولەکە هێناوە و دەستی داوەتە پەیڕەوکردنی مەزهەبی پڕۆتستانتی مەسیحی. زانیارییەکی وەها سەبارەت بە باوکی لەبەردەستتدا نییە، بەڵام دایکی (لیوبۆڵدین کالموس Leopoldine

Kalmus) لە رووی ئایینییەوە کاسۆلیکی بوو. ویتگنشتاین لە خەیاڵیدا بوو ببێتە قەشە، بەڵام دواتر ئەم پڕۆژەیەی جێبەجێنەکرد پاش ئەوەی ژیانی کڵێسای تاقیکردەوە، کاتێک وەک کرێکار لە یەکێک لە کڵێساکانی نزیک شاری ڤییەنا بە ناوی (هیتاڵدرۆف) کاریدەکرد، بەڵام خۆی لەو پیشەیەدا نەبینییەوە.

ویتگنشتاین ساڵی 1906 و پاش ئەوەی خوێندنی ناوەندیی تەواوکرد، پەیوەندیکرد بە پەیمانگای باڵای تەکنیکییەوە لە بەرلین، کە یەکەم بەرکەوتن و پەیوەستبوونی بوو بە تەکنیک و ئاڵۆزییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیی خۆرئاواوە، دوای تەواوکردنی خوێندنەکەی بە بڕوانامەی ئەندازیارییەوە سەرکەوتنی بەدەستهێنا.

ساڵی 1908 روویکردە ئینگلتەرا و پەیوەندیکرد بە زانکۆی مانچستەر بۆ لێکۆڵینەوەی میکانیکی، هەتاوەکو پایزی 1911 لەوێ مایەوە.

پاش مانەوەی ماوەیەکی کورت لە نەرویج خۆی تەرخانکرد بۆ خزمەتی سەربازی وڵاتەکەی، واتە نەمسا (کە بەهێزییەکەی

سەرتاپای ئەوروپای گرتبۆوە) لەگەڵ هەڵگیرسانی جەنگی جیهانیی یەکەم لە ساڵی 1914، کە ئەوکات تەمەنی 25 ساڵ بوو، دوو ساڵ وەک سەرباز لە باشووری ئیتاڵیا و لە ناوچەی «مۆنتی کاسینۆ» مایەوە، هەر لەوێش ئەو کتێبەی نووسی کە بە «ڕۆژانەییەکانی Tagebucher 1916-1914» ناسرابوو.

ویتگنشتاین لەو قوتابخانە سەرەتاییەی وەک مامۆستا وانەی تێدا دەگوتەوە –پێدەچێت ئەم پیشەیەی لەپێناو ئەوەدا هەڵبژاردبێت کە ژیانێکی سادە بژی و لە ئاڵۆزییەکانی کۆمەڵگەی نەمسایی دووربکەوێتەوە- هەوڵیدا میتۆد و شێوازی نوێی وانەوتنەوە تاقیبکاتەوە، بەڵام گەلێک توند بوو لەگەڵ ئەو منداڵانەی کە نەیاندەتوانی ڕێگە نوێیەکە وەربگرن و لەگەڵیدا رابێن، ئەمەش گەلێک کێشەی لەگەڵ کەسوکاری قوتابییەکاندا بۆ دروستکرد و وەهای لە ویتگنشتاین کرد دەستبەرداری ئەم ئەزموونە بێت و بگەڕێتەوە بۆ ڤییەنا. ئەم ئەزموونەی لە کتێبێکدا تۆمارکردووە کە لە دەمی ژیانی

خۆیدا بڵاوبۆتەوە و پێشوازییەکی باشی لێکرا و لە هەندێک پرۆگرامی خوێندندا بەکاردێت. (ئەم ئەزموونەی ماوەی شەش ساڵی خایاند لە 1920 بۆ 1926).

گرنگییەکی گەورەی بە مۆسیقا دەدا، چونکە دایک و باوکیشی زۆر تامەزرۆی هونەر بوون. ماڵەکەیان گەورەترین میوزیسیانەکانی ئەو سەردەمەی لەخۆی کۆکردبووەوە، لە نموونەی (براهماز) و (ماهلەر)، تەنانەت تا رادەی شێتبوون عاشقی مۆسیقا بوو، هەربۆیە جێگەی سەرسوڕمان نییە کە زۆرینەی نموونە [فەلسەفی]یەکانی پەیوەستن بە مۆسیقاوە: نۆتەکانی مۆسیقا، تێگەیشتن لە بڕگەکان و لێکدانەوەیان، ناساندنی بەناوبانگترین سەمفۆنیاکان و ...هتد.

لودڤیک ویتگنشتاین خولیای بۆ بواری سیاسییش هەبوو، تەنانەت هەندێک لە شیکەرەوەی تێکستەکانی، گریمانەی خوێندنەوەی سیاسی بۆ بەرهەمەکانی دەکەن. (مەیلێکی چەپی هەبوو، کاتێکیش دەربارەی

روانگە سیاسییەکەی پرسیاری لێدەکرێت، بە راشکاویی دان بـەوەدا دەنێت کە دڵـی بۆ مارکسیزم لێدەدات، تەنانەت نیازی هەبوو کۆچ بکات بۆ یەکێتی سۆڤیەت، بەڵام پاش مانەوەی بۆ مـاویـەکی کـورت لـە سـاڵـی 1935، لـەو بیرۆکەیە پەشیمان دەبێتەوە).

گریمانەی ئەوە دەکرێت پاش خوێندنەوەی کتێبەکەی (راسـل) بـەنـاوی «پرەنسیپەکانی ماتماتیک»، هاتبێتە ناو دونیای فەلسەفەوە، کە خوێندنەوەی ئەم کتێبەش دەگەڕێتەوە بۆ خۆئامادەدەکردی بۆ وەرگرتنی پسپۆڕی لە میکانیکدا، بە شێوەیەکی وردتریش لە میکانیکی فڕۆکەوانیدا، کە ئەمش پسپۆڕییەکی پڕاکتیکییە و پێویستیی بە ئاگادارییەکی بەرفراوانی بواری ماتماتیک هەیە. وادیارە خوێندنەوەی ئەم کتێبە سەرنج و بیروهۆشی ویتگنشتاینی راکێشاوە بۆ کێشەکانی فەلسەفەی ماتماتیک و پاڵی پێوەنا بۆ خوێندنەوەی سەرجەم نوسینەکانی (فریگە Frege) لەوبارەیەوە، پاشان لە ساڵی (1911–1912) سەفەریکرد بۆ ئەڵمانیا و توێژینەوەی

لەسەر فریگە ئەنجامدا، کە هاوچەرخەکانی –جا ڕاست بن یان نا– بە گەورەترین فەیلەسوفی لۆژیکی دادەنێن لەدوای ئەرستۆوە.

ویتگنشتاین لە زانکۆی کامبریج چووە جێگەی کورسییەکەی (مۆر G. Moore) –کە لە ساڵی 1939وە دەستی لەکارکێشابۆوە– و هەتاوەکو دەست لەکارکێشانەوەی لە ساڵی 1947 لەو پۆستەدا مایەوە.

لە سەروبەندی جەنگی جیهانیی دووەمدا (پاش ئەوەی بووە هاووڵاتی بەریتانی)، جارێکی دیکە لە ساڵی 1940 خۆی تەرخانکردەوە بۆ خزمەتی سەربازی، بەڵام ئەم جارەیان بۆ بەرژەوەندیی سوپای ئینگلیز، لە جێگەیەکی نۆژداریی لە لەندەن.

ساڵی 1949 دەرکەوت کە توشی شێرپەنجەی پڕۆستات بووە، هەر لەوێ بەرگی یەکەمی کتێبەکەی «توێژینەوە فەلسەفییەکان» تەواوکرد و بەشی زۆری بەرگی دووەمیشی نووسی.

لۆدڤیک ویتگنشتاین پاش 3 ڕۆژ لە یادی 60 ساڵەی لەدایکبوونی، واتە لە ڕێککەوتی (29ی نیسانی 1951)، کۆچی دواییکرد.

**(2) کارەکانی**

هەر بەراوردکارییەکی بەشەکی (جزئي)ی کارەکانی ئەم فەیلەسوفە هیچی لێناکەوێتەوە، جگە لە شێواندنی فەلسەفەکەی، بە خوێندنەوەی تاکە بەرهەمێک یان توێژینەوە لە تاکە لایەنێکیش، هیچ ئایدیایەکی دروستت دەستناکەوێت، ئەو لە دوتوێی کتێبی «لێکۆڵینەوە فەلسەفییەکان»دا، جەخت لە پێویستیی بەراوردکاریی کارەکەی دەکاتەوە لەژێر رۆشنایی کارەکانی پێشوویدا، لەبەرئەوەی «وەک پێویست لەم ئایدیا نوێیانە تێناگەیت ئەگەر میتۆدە کۆنەکانی بیرکردنەوەی (ویتگنشتاین)ت لەبەر دەستدا نەبێت». لەگەڵ ئەوەی سوودی لە کارە فەلسەفییەکانی پێش خۆی وەرگرتووە، بەجۆرێک پێیوابوو کتێبە فەلسەفییەکانی «چەقبەستوون»، ئیدی خودی خۆی رەخنەی لە کتێبەکەی خۆی دەگرت بە ناوی «تراکتاتوس Tractatus». سەرەڕای ئەوەی جۆرە شۆڕشێکی تێدا بوو ئەم کتێبە و دیسپلینێکی کەمی ئەکادیمیی تێدابوو. هەرکەسێک بیری ئەم فەیلەسوفە لێهاتووە لە لە روانگەی تاکە بەرهەمێکەوە هەڵسەنگێنێت، بە دڵنیاییەوە دەکەوێتە داوی هەڵەتێگەیشتن

و لادان لـە هێڵی بـەردەوامـی گەشەکردنی بیری ویتگنشتاین. هەربۆیە ناتوانین لە کتێبی «لێکۆڵینەوە فەلسەفییەکان» تێبگەین –ئەو کتێبەی فۆڕمی جیهانی گۆڕی– بەبێ ئەوەی چاوێکمان لەسەر ئەم کتێبە و چاوەکەی دیکەشمان لەسەر کتێبەکانی پێشووی بێت، بەتایبەت کتێبی «تراکتاتوس».

هیچ گومان و ناکۆکییەک نییە لەسەر ناوبانگ و پرفرۆشی و کاریگەریی»تراکتاتوس« لەسەر لێکۆڵینەوە زانستییەکانی سەدەی بیستەم، بەڵام کتێبەکە سەردەمەکەی خۆی تێپەڕاندووە و گەیشتۆتە ئەمڕۆش، هەموو ئەو تیۆرانەش کە پاڵیان بەم کتێبەوە ناوە بۆ ریزی پێشەوە روو لە گەشانەوەن، بەڵام گفتوگۆکان دەربارەی تێزەکانی کتێبی «لێکۆڵینەوە فەلسەفییەکان» بـەردەوامـن، ئـەگـەر ویتگنشتاین لـەمـڕۆدا هـەمان ئـەو نـاو و ناوبانگەی هەبێت کـە لە سـەرەتـاکـانـی سـەدەی بیستدا هـەیبوو، ئەوا فەزڵەکەی ناگەڕێتەوە بۆ کتێبی «تراکتاتوس» بەڵکو دەگـەڕێـتـەوە بـۆ کتێبی «لێکۆڵینەوە فەلسەفییەکان»، لەبەرئەوەی کاریگەرییەکەی

بەردەوامیی هەیە و هەموو جارێک بەر مەیدانە نوێیەکانی فکر و فەلسەفە دەکەوێت.

ویتگنشتاین ساڵی 1936 دەستیکرد بە کارکردن لە کتێبی «لێکۆڵینەوە فەلسەفییەکان»دا، وەها دیارە لەو سەردەمەوە هەتاوەکو ساڵی 1947 هەرچییەکی نووسیوە وەک بەرگی دووەمی ئەو کتێبە تەماشای کردووە، بەڵام کتێبەکە هەتاوەکو دوو ساڵ پاش مردنی، واتە ساڵی 1953، بڵاونەکرایەوە.

نوسخە ئۆرجیناڵەکەی ئەم کتێبە لە یەککاتدا بە دوو زمان بڵاوکرایەوە، ئەڵمانییەکەی لەژێر ناوی «Philosophische Untersuchungen» و ئینگلیزییەکەش لەژێر ناوی «Philosophical Investigations».

دەرفەتی ئەوە بۆ ویتگنشتاین نەڕەخسا بە دەستی خۆی گشت کتێبەکە بۆ بڵاوکردنەوە ئامادەبکات، تەنها توانی بەشی یەکەمی ئامادەبکات. پێدەچێت ئەم کارەشی لەگەڵ کۆتاییەکانی جەنگی جیهانیی دووەمدا بەئەنجام گەیاندبێت، واتە لە ساڵی 1946 (کە ئەمەش ساڵێکی گەلێک گرنگە لە ژیانیدا، چونکە

پاش گەڕانەوەی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بۆی دەرکەوت کە توشی شێرپەنجە بووە، دواجار هەر بەهۆی ئەم نەخۆشییەشەوە مرد)، بەڵام بەرگی دووەمی لە ئیرلەندا و لەنێوان ساڵانی 1947 بۆ 1949دا نووسی، پاش ئەوەی دەستی لە خوێندنی فەلسەفەی زانکۆی کامبریج هەڵگرت، پاشان دوای مەرگی خۆی هەریەکە لە (ماری ئەنسکۆمب) کە کچە خوێندکارێکی خۆی بوو، لەگەڵ (راش رایز) دا ئەم بەرگەیان تەواو ئامادەکرد و کردیان بەو کتێبەی کە ئێستا هەیە و لەبەردەستدایە، بیریشمان نەچێت ئەم دوو کەسە ئاشناترین کەسانێک بوون بە نوسینەکانی ویتگنشتاین و هاوڕێی ڕێگە فەلسەفییەکەی بوون.

ئەم کتێبە، کە بە یەکێک لە گرنگترین تێکستە فەلسەفییەکانی سەدەی بیستەم دادەنرێت لە رووی قوڵیی کاریگەرییەکانی و گشتگیرییەکەی و ئەو روانگە شۆڕشگێڕییەی هێنایە ناو کایەی فەلسەفییەوە، کە ئەمە بە قۆناغی دووەمی فەلسەفەی ویتگنشتاین دادەنرێت (واتە دوایین قۆناغی فکریی ئەو، هەرچەندە هەندێک کەس

قۆناغی سێیەم و چوارەمیشی بۆ زیاددەکەن).
ویتگنشتاین خواستی ئەوەی لەدڵدا بوو «تراکتاتوس» بڵاوبکاتەوە، کە لێکۆڵینەوەیەکی لەخۆگرتووە سەبارەت بە فەلسەفە و توانستی فەلسەفاندن و گەڕانەوەی بۆ خاڵی دەستپێک، داوای بێدەنگی دەکات بەرامبەر ئەو شتەی پێویست بە وتن ناکات، لەگەڵ کتێبە نوێیەکەیدا «لێکۆڵینەوە فەلسەفییەکان» هەندێک لە تێزەکانیشی گۆڕانیان بەسەردا هات، بڕێک هەڵوێستی خۆی بەرامبەر فەلسەفە نەرمکردەوە، کە خوێنەر بە ئاسانی دەتوانێت بەراورد لەنێوان هەردوو قۆناغە گرنگەکەی فکری ویتگنشتایندا بکات و جیاوازییەکانی بۆ دەرکەوێت، گەشەسەندنێکی بەسەر لێکۆڵینەوە و بەراوردکارییەکانیدا هات، بەتایبەت راستکردنەوەی ئەو بابەتانەی خۆی دەڵێت هەڵەی دیار بوون لە کتێبەکەی یەکەمیدا، واتە راوەستان لەسەر نووسراوە کۆن و تازەکە لە هەمان کتێبدا. لێرەدا پێویستە خوێنەر رووناکی بخاتە سەر گرنگترین ئەو بابەتانەی لە کتێبی یەکەمدا هاتوون، کە تاکە کتێبی ویتگنشتاینە

له میانەی ژیانی خۆیدا بڵاوکرابێتەوە، هاوکات بەناوبانگترین و پڕمشتومڕترین و کاریگەرترین کتێب بووە لە رەوتی بیرکردنەوەی خۆرئاوادا.

ویتگنشتاین بە نیەت باشییەوە پێیوابوو کە لە کتێبی یەکەمیدا «تراکتاتوس» گشت کێشە فەلسەفییە گەورەکانی چارەسەرکردووە، بەوەش هیچ بوارێک نەماوەتەوە بۆ فەلسەفاندن لە داهاتوودا، لەسەر بنەمای ئەم باوەڕە دەستبەرداری کاری فەلسەفیی بوو، پەیوەندیی خۆی بە بواری توێژینەوە فەلسەفییەکانەوە بچڕاند و دەستی خۆی ئاواڵاکرد بۆ وانەوتنەوە بە مێردمنداڵان لە هەندێک گوندی هەژاری نەمسایی، کە تێیدا تیۆری پەروەردەیی نوێی تێدا جێبەجێدەکرد، ئەمەش لە ساڵانی (1920–1926). پاش ئەوە چەندین کار و پیشەی جۆراوجۆری ئەنجامدا، سەردەمێک دەرگاوان و کرێکار بوو لە باخچەی یەکێک لە کڵێساکاندا، ماوەیەکیش ئەندازیارێکی لێهاتوو بوو و نەخشەکێشان و سەرپەرشتیاری دورستکردنی خانووی یەکێک لە براکانی گرتەئەستۆ، کە دواتر ئەم خانووە بووە نموونەیەکی چاولێکراو لە ئەندازیاریی بیناسازیدا.

دوای ئەو ماوە دابرانە هەتاوەکو ساڵی 1928 هیچ بیر و خەیاڵێکی لای فەلسەفە نەبوو، کاتێک بە ڕێککەوت گوێی لە وانەبێژییەکی (برۆڤەر) بوو لە ڤییەنای پایتەختی نەمسا، دەربارەی بنەماکانی ژمارەناسیی (Arithmetik). برۆڤەر کەسێکی حەدسگەرا (Intuitionistisch) بوو (کە ئەم بیروباوەڕە هەر برۆڤەر خۆی یەکەم داهێنەری بوو، لەسەر لێکدژیی بیروباوەڕی لۆژیکی دامەزراوە، کە پێیوایە ژمارەناسی بەردەوامیی لۆژیکە بەبێ ئەوەی هیچ پەرتکردن و جیاوازییەک لەنێوانیاندا هەبێت). گرنگترین شت کە لەلایەن حەدسگەراکانەوە پێشکەشدەکرا، بریتیبوو لە داننەنان بە ڕەتکردنەوەی نەفی دووبارەدا -(خودی ویتگنشتاین چەندین جار گەڕاوەتەوە سەر پرسی نەفیی دووبارە، بۆ نموونە لە تراکتاتوسدا پێیوایە دووجار نەفیکردن، بڕیاردان (قایلبوون) ی لێ بەرهەمدێت، بەڵام وەک دەبینین دواتر لە کتێبی لێکۆڵینەوە فەلسەفییەکان و کتێبەکانی دواتردا گەشە بەم تێڕوانینە دەدات)- هەروەها دان نەنان بە «پرەنسیپی سێیەمی هەڵگیراو»

[واتە راست یان هەڵە، بەبێ بوونی ڕێگەی سێیەم] و دواتریش «پرەنسیپی لێکدژی» رەتدەکەنەوە، بەوپێیەی پێشمەرجێکی سەرەکییە بۆ ئەگەری دامەزراندنی ژمارەناسی، بە مەبەستی تێپەڕاندنی ئەوەی ویتگنشتاین پێیدەڵێت «ترسانێکی خورافیی و چۆکدادانی زانای ماتماتیک لەبەردەم لێکدژیدا»، لەنێو ئەو ئایدیایانەدا کە برۆڤەر پێشکەشی دەکردن، ئەوە هەبوو ژمارەناسی لەسەر لۆژیک دانەمەزرێت بەوپێیەی زمانی عەقڵی پەتییە، کە لە ڕێگەی گونجاندنی لەگەڵ یاسا لۆژیکییەکاندا گوزارشت لە جەوهەری خۆی دەکات و بوونی خۆی دەستنیشاندەکات. لە روانگەی ویتگنشتایندا لۆژیک هیچ نییە جگە لە تەکنیکێک کە بە هاتن و تێپەڕبوونی سەردەمەکان بەدەستدێت و رادەوەستێتە سەر تەرخانکردنی هەندێک لە گوزارشتەکانی زمانی رۆژانە، بگرە ناتوانین لە دەرەوەی سنووری زمانی ئاسایی هیچ وجودێکی بۆ دابنێین، ئەوە زمانە کە بە فەراهەمکردنی میکانیزمەکانی بونیادنانی ژمارەنسای (زانسی ژمارە)، بارودۆخی

دەرکەوتنی ئەو زانستە فەراهەمدەکات. تێزەکانی برۆڤەر نۆستالیژیای گەڕانەوە بۆ فەلسەفەی لە ویتگنشتایندا دروستکرد، بەتایبەت کە کەوتە گومانەوە لە گرنگترین تێزەکانی خۆی کە لە کتێبی تراکتاتوسدا هاتبوون، کە وەک باسمانکرد ویتگنشتاین پێی وابوو ئەو تێزانە کۆتایی پڕۆسەی فەلسەفەن.

سالّی 1929، سالّی گەڕانەوەی ویتگنشتاین بوو بۆ فەلسەفە، ئەوەش لە ڕێگەی گفتوگۆی دووروودرێــژ و فرەڕەهەند لەگەلّ (فرانک رامسای)، کە توێژەرێکی زانستە ئابوورییەکان بوو، کاری لە زانستە بیرکارییەکانیشدا دەکرد، کە بە دەربڕینی ویتگنشتاین خۆی کاریگەرییەکی بەرچاوی هەبووە لەسەری. دوای بەدەستهێنانی پلەی دکتۆرا لە سالّی 1929، کە کتێبی تراکتاتوسی کردبووە تێزی دکتۆراکەی، ئیدی دەستی کراوە بوو بۆ وانەوتنەوە لە زانکۆدا، ئەوەبوو سالّی دواتر پلەی یاریدەدەری بەدەستهێنا لە پەیمانگای تەرنیتی (Trinity). کتێبی «تێبینییە فەلسەفییەکان»یش هیچ نەبوو، جگە لە ئەنجامێکی ڕاستەوخۆ

یان ناڕاستەوخۆی ئەم وانانە، کە پاڵنەری یەکەمی وانەبێژییەکەی برۆڤەر بوو لە ڤییەنا و بزوێنەری سەرەکیشی گفتوگۆکەی بوو لەگەڵ رامسای، زەمینەی دیاریکردنی تێزەکانی و تەنانەت ناونیشانەکانیشی، کتێبەکەی هوسرێڵ بوو بە ناوی «لێکۆڵینەوە لۆژیکییەکان»، کە رەنگدانەوەی ئەم کاریگەرییە لە ناونیشانی کتێبەکەی ویتگنشتاینیشدا دەبینینەوە، «لێکۆڵینەوە فەلسەفییەکان». گرنگیی کتێبەکەی هوسرێلیش لەوەدایە کە زەمینەساز بووە بۆ کتێبی «لێکۆڵینەوە فەلسەفییەکان»، بەڵکو ئامادەییەکی باشی پێبەخشی بۆ گشت ئەو تێزانەی کە تێیدا هاتووە، بگرە لە زۆر باردا راڤەکەریەتی. لەگەڵ ئەوەشدا بۆ تێپەڕاندنی تێزە زیادەکان و هەڵە زەقەکان، کە هەر خودی ویتگنشتاین یەکەم کەس بوو دانی پێدانا و هێمای بۆ کرد، پێویستبوو ئەو بابەتانە تێپەڕێنێت کە لە تراکتاتوسدا هاتبوون، بەتایبەت میتافۆرە زمانییەکان و تیۆری دەلالەت. ئەمەش بە پردی پەڕینەوە دادەنرێت لە قۆناغی یەکەمەوە «فەلسەفەی تراکتاتوس»، بۆ ئەو قۆناغەی

بە قۆناغی دووەم دادەنرێت «فەلسەفەی گەمە زمانەوانییەکان»، کە لە لێکۆڵینەوە فەلسەفییەکاندا گەیشتنە رادەی کامڵبوون، بەڵام لە «نامیلکەی شین Book The Blue» گەیشتە رادەی کوڵان –گەر دەربڕینەکە دروستبێت–، کە دەقی ئەم نامیلکەیەش لە ماوەی نێوان هەردوو ساڵی (1933–1934)دا نووسیونی، لەگەڵ «نامیلکەی قاوەیی The Brown Book»، کە بەپێی کەسە نزیکەکانی لەنێوان هەردوو ساڵی (1934–1935)دا نووسیویەتی. بابەتی سەرەکیی هەردوو نامیلکەکەش هەوڵێکە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارێکی تەوەرەیی: پەیوەندیی چییە لەنێوان گوزارشتەکان و ئەو شتانەی ئاماژەیان بۆ دەکرێت؟ لە کاتێکدا سەرەتای نامیلکەی قاوەیی بریتییە لە شیکارییەکی تیۆریی قەشە ئۆگەستین بۆ پەیوەندیی نێوان «ناوەکان» و «ناونراوەکان»، سەرەتای نامیلکەی شین بە پرسیارێکی گرنگتر دەستپێدەکات، بەهەمان شێوازی دەستپێکی کتێبی لێکۆڵینەوە فەلسەفییەکان: «واتای وشە چییە؟». ئەمە لەگەڵ ئەوەی دەبێت

ئاگاداربین کە گرنگترین جیاوازیی لەنێوان هەردوو نامیلکەکە خۆی دەبینێتەوە لەوەدا کە ویتگنشتاین لە نامیلکەی شیندا گەمەی زمانیی بە «فۆڕمێکی سەرەتایی زمان» دادەنێت و لە نامیلکەی قاوەییدا «سیستەمە جیاجیاکانی پەیوەندیکردن» بە مەرجەیێکی بنەڕەتیی فێربوونی زمان دادەنێت. هەر کەسێک بیەوێت لە هۆکارەکانی پێکهێنانی ئەو قۆناغە تێبگات، کە بە قۆناغی دووەمی فەلسەفەی ویتگنشتاین دادەنرێت، هیچ رێگەیەکی لەبەردەمدا نییە، جگە لەوەی هەردوو نامیلکەکە بەپێی ریزبەندیی مێژوویی بخوێنێتەوە، بەڵام دەبێت ئەوە بزانین کە ئەم دوو نامیلکەیە نابنە رەشنووسی کتێبی «لێکۆڵینەوە فەلسەفییەکان»، ئەوەی لەواندا هەیە لەمدا نییە، ئەوەی لەمیشدا هەیە ریشەییبوون و تێپەڕاندێکی ئەوەیە کە لەو دوو نامیلەکەیەدا هاتوون، بۆ نموونە پرسیاری گەورەی کتێبی لێکۆڵینەوە فەلسەفییەکان ئەمەیە: «جەوهەری زمان چییە؟».

لە هەمان ئەو ساڵەی ویتگنشتاین گوێی بۆ وانەبێژییەکەی برۆڤەر گرت لە ڤییەنا، دوای

گەڕانەوەی بۆ کامبریج و لەژێر کاریگەریی ئەو وانەبێژییەدا، دوو وانەبێژیی لەبەردەم کۆمەڵەی ئەرستۆتێلەکاندا پێشکەشکرد، کە تێیاندا را و بۆچوونی خۆی دەربارەی زانستی ئیتیک و ئیستاتیکا خستەڕوو. ئەم دوو وانەبێژییەش دەنگدانەوەیەکی گەورەیان لە نێوەندی ئەکادیمیدا هەبوو.

دەرکەوتنی کتێبی «تێبینییە فەلسەفییەکان» لە کامبریج بەهەمان شێوە دەگەڕێتەوە بۆ دوای مەرگی خۆی و بەدیاریکراوی بۆ ساڵی 1954، ئامادەکردنی ئەم بەرهەمەش تاڕادەیەک کەوتە سەر شانی هەمان تیمی ئامادەکاری کارەکانی پێشووی. ئەم کتێبە هەمان میتۆدی هەردوو کتێبی «لێکۆڵینەوە فەلسەفییەکان» و «تێبینییەکان دەربارەی بنەماکانی ماتماتیک»ی هەیە، شیکارییەکی نەفەس درێژانە لەخۆناگرێت، بەڵکو کۆمەڵە تێبینییەکی بەش بەش و لێرە و لەویَ لەخۆدەگرێت، لەگەڵ چەند وتەیەکی کورت و پوخت، کە بابەتی بڕگەیەک لەخۆدەگرێت و زیاتر تێناپەڕێت. ئەم کتێبە، کە گریمانەی ئەوە دەکرێت لە هەمان ماوەی نوسینی

کتێبی لێکۆڵینەوە فەلسەفییەکاندا نووسرابێت، بە چاوپۆشین لە پێکداچوونی ناوەڕۆکی هەردوو کتێبەکە لە چەندین رووەوە، بەڵام تێبینییە فەلسەفییەکان بەردەوامییەکی ریشەیی لێکۆڵینەوە فەلسەفییەکانە.

لە هەمان ئەو ماوەیەدا (واتە لەنێوان 1929 و 1946) ویتگنشتاین تێبینییەکانی خۆی لەسەر کۆمەڵە کارتێک دەنووسی، کە یەکێکیانی هەڵدەگرت و یەکێکی دیکەشیانی فەرامۆشدەکرد، پاشان دەیخستنە پاکەتێکەوە. ئەم کارتانە پوختە و گەشەکردنی گرنگترین ئایدیاکانیمان بۆ دەردەخات، هەربۆیە هەموو ئەم کارتانە لەلایەن (ئەنسکۆمب) و بە هاوبەشیی (فۆن رایت) لە کتێبێکدا بڵاوکرانەوە، کە هەڵگری هەمان ناو بوو: «کارتەکان Zettel». ئەم کارتانە گەلێک گرنگن، لەبەرئەوەی دەتوانین کەرەستەی خاوی نوسینی کتێبی «لێکۆڵینەوە فەلسەفییەکان» و کتێبەکانی دیکەی وەک «تێبینییە فەلسەفییەکان»ی تێدابدۆزینەوە.

ئەو کەسانەی کە پەیوەست بوون بە پاراستن و وردبینی لە میراتی فکریی ویتگنشتاین، کتێبێکی

دیەکیان بە هەردوو زمانی ئینگلیزی و ئەڵمانی بڵاوکردەوە، پاشان کاری گەڕان و پشکنین بەردەوام بوو، زۆرینەی بەرهەمە دەستنووس و چاپکراوەکانی دۆزرانەوە و ڕێکخران، هەتاوەکو ئەمڕۆش زنجیرەی بڵاوکردنەوەی کتێبەکانی ویتگنشتاین بەردەوامە، سەرەڕای تێپەڕینی زیاتر لە نیو سەدە بەسەر مردنیدا.

**(3) بیرکردنەوە فەلسەفییەکەی:**
**پێکهاتن و کارلێکەرەکانی**

لەو نوسینەدا کە دەتوانین بە «دانپێدانانەکانی ویتگنشتاین» ناویبەرین، دەڵێت» لای من راستییەک هەیە، کاتێک من بیردەکەمەوە، لە بیرکردنەوەی خۆمدا، هیچ نیم جگە لە کۆپیکەرێک. پێموانییە ڕێگەیەکی نوێی بیرکردنەوەم داهێنابێت، بەڵکو هەمیشە کەسێک یارمەتیدەرم بووە. هەموو ئەوەی دەیکەم ئەوەیە کە دەستبەجێ و بە عەشقێکی زۆرەوە بەدەستیدەهێنم، لە کاری پۆلێنکاریی خۆمدا بەکاریدەهێنم. هەر بەوجۆرە هەریەکە لە (بۆڵتزمان، هارتس، شۆپنهاوەر، فریگە، راسل،

کراوس، لۆس، ڤایننگەر، شپینگلەر، سترافا) کاریگەرییان لەسەرم هەبووە». سەرەڕای گرنگیی ئەم دانپێدانانە سوودبەخشە، بەڵام بە گوتەی کۆتایی دانانێین.

جێگەی داخە گەر وەهای دانێین ویتگنشتاین شوێنکەوتەی تاکە قوتابخانەیەکی فەلسەفیی بووە یاخود بە رادیەک بە تاکە بیرمەندێک کاریگەر بووە لەسەری کە شوێنەواری بەسەریەوە جێهێشتووە. کەسێتییەکی فرەڕەهەندی وەک ویتگنشتاین، ناتوانین بە ئاسانی لە قوتابخانەیەک یاخود لە رەوتێکی فەلسەفییدا قەتیسی بکەین، لەبەرئەوە هیچ هۆکارێک نییە کە ویتگنشتاین بکەین بە جێنشینی فەلسەفەیەک، یاخود کاریگەر بوون بە فەیلەسوفێک.

ئەو فکرێکی ئازاد بوو، نە پەیوەست بوو بە وەرگرتنی ئایدیایەک بەبێ رەخنە و گەنگەشە و رووتکردنەوە، نە دەچووە ژێر باری تاقمبازیی و گروپگەرایی هیچ فەیلەسوفێک، یاخود ژێر بنمیچی هیچ رەوتێکی تیۆریی. لەگەڵ ئەوەشدا ناکرێت نکۆڵیی لە شوێن و پێگەی ئەو فەیلەسوف

و بیرمەندانە بکەین، کە بەشداربوون لە پێکهێنانی ئەم بیرکردنەوە رەخنەییە لای ویتگنشتاین. کە لەپێش هەموویانەوە شۆپنهاوەرە. نوسینەکانی شۆپنهاوەر (لە ئایدیالیزمی ئیپستمۆلۆژیدا) بە گوتەی هەندێک کەس وەهایان لە ویتگنشتاین کرد، بگاتە جۆرە فەلسەفەیەکی سادەی کانتیی، بەڵام کاریگەرییەکە تەواو ناسادە و قوڵ بوو کە بەدرێژایی ژیانی فکریی خۆی لەگەڵیدا بەردەوام بوو. کاریگەریی کانت لەسەر ویتگنشتاین لە رێگەی شۆپنهاوەرەوە، لانی کەم لە بەرزنرخاندنی لۆژیکدا، وەک لە کتێبی تراکتاتوسدا دەردەکەوێت، هەروەها لە رێگەی (فریگە)شەوە دەیبینین کە بە شێوەیەکی تایبەتی پشت بە فەلسەفەی کانتی دەبەستێت لە ناساندن و ناونانی چەمکەکاندا.

ویتگنشتاین بە زۆرینەی نوسینەکانی (ئێرنست ماخ Mach) دەربارەی هۆکارگەرێتی و شوێن و میکانیک کاریگەر بوو. کاریگەرییەکەی ماخ لەسەر ویتگنشتاین بە شێوەیەکی تایبەتی پەیوەست بوو بە شێوازی بەراوردکارییە تیۆرییە زانستییەکەی.

گەر ویتگنشتاین لە جێڕەوتی سەردەمەکی خۆیدا دابنێین، بێگومان دەبێت دان بە کاریگەربوونی بە فەلسەفەی باڵادەستی ئەو کاتەدا بنێین، لەوانەش نەریتە کانتییەکان، لە دۆخی بەرزنرخاندنی لۆژیکدا، هەروەها ئەزمونگەرایی گومانگەرایانە کە دەگەڕێتەوە بۆ (هیوم)، کە هەردووکیان لە بینینی یاسا لۆژیکییەکان وەک تاکە یاسا، یەکدەگرنەوە، بەڵام لەو جێگەیەدا لە هیوم جیادەبێتەوە کە وەک ئەو بەدوای بنەچەی یاساکاندا ناگەڕێت.

پەیوەندیی ویتگنشتاین بە (فریگە)وە، پاشان بە (راسل)ەوە، بەتایبەت خوێندنەوەی بەرهەمەکانیان، کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر بیرکردنەوەی جێهێشت، هەر ئەمەشە کە شانبەشانی لایەنی پێکهاتنە تەکنیکییەکەی، هۆکاری پێکگەیشتنی بە کێشەی بنەماکانی ماتماتیک و لۆژیکی ماتماتیکییەوە دەستنیشان دەکات. ویتگنشتاین لەسەر پاشخانی نوسینەکانی فریگە (کە راسلیش ئامۆژگاریی کردبوو موتابەعەی وانەکانی بکات)، پاشان لەسەر پاشخانی نوسینەکانی خودی راسل و گفتوگۆکانی، کتێبی تراکتاتوسی نووسی.

فریگە پێیوابوو کە «چەمک» جیاواز و سەربەخۆیە لە فۆڕمولە زمانەوانییەکەی، کە ئەمەش بە ئەفلاتونیزمی لۆژیکی ناسراوە، کە دەڵێت مانا نە لە شتەکاندایە، نە لە مێشکی قسەکەر و قسەبۆکراودایە، بەڵکو لە «کایەی سێیەم»دایە، بەڵام ویتگنشتاین بەهۆی بیرکردنەوە رەخنەییەکەیەوە، رێگەیەکی دۆزییەوە بۆ دەرچوون لە ئەفلاتونیزمی لۆژیکی، بەڵکو گەیشتە ئەو رادەیەی دژ بەو ئەفلاتونیزمە بیریدەکردەوە. لە تراکتاتوسدا ئەوە دەخاتەڕوو، کە هەموو ئەوەی دەوترێت بە «رووداو» دادەنرێت، ئیدی بە هەر زمانێک بگوترێت، بەوەش هەریەکە لە گەردوون و لۆژیک و زمان دابەشدەکاتە سەر رووداوەکان، بەڵام ئەمە پاڵی بە ویتگنشتاینەوە نا بۆ چەند پارادۆکسێک (کە هەوڵیداوە لە لێکۆڵینەوە فەلسەفییەکاندا تێیانپەڕێنێت) کە لە روانگەی ئەودا هەموو دۆزێک بە هێز پەسەندکراوە: «هەموو ئەوەی روودەدات بریتییە لە گەردوون»، ئەگەر دۆز (قضية) رووداو بێت، ئەوا بە هەمان شێوە سەر بە گەردوونە، لەبەرئەوەی وێنەی لۆژیکیی

رووداوەکان خۆی لە بیرکردنەوەدا دەبینێتەوە. ئەگەر دۆز بریتیبێت لە وێنەیەکی لۆژیکیی ماناکەی خۆی، کە ناشێت لای خۆیەوە بریتیبێت لە کۆمەڵە رووداوێکی تایبەتی رێککراو لە بونیادی دۆزدا، ئەوا دۆز وێنەیەکی گەردوونە بەوپێیەی لە کۆمەڵە رووداوێک پێکهاتووە، هەر لەبەرئەوەشە زمان وێنەی بیرکردنەوەیە، بەوپێیەی پێکهاتووە لە کۆمەڵە رووداوێک. بەم شێوەیە ویتگنشتاین مشتومڕێکی دوولایەنە لەنێوان دۆز و گەردووندا، پاشان لەنێوان لۆژیک و زماندا دێنێتەئاراوە، هەربۆیە سەیر نییە کە بە راشکاویی گوتویەتی هەموو رستەیەک لۆژیکییە و هەموو دۆزەکانیش بێگومان بەو شێوەیەن، گەڕان بەدوای زمانێکی ئایدیالیدا هیچ سوودێکی نییە، هەموو زمانێک، بەوپێیەی زمانە، کەواتە زمانێکی ئایدیالییە.

خوێندنەوەی کتێبەکەی (ویلیام جەیمس) بە ناوی «پڕەنسیپەکانی سایکۆلۆژیا» کاریگەرییەکی گەورەی هەبوو لەسەر دیدگای ویتگنشتاین بۆ چەمکە بنەڕەتییەکانی کتێبی لێکۆڵینەوە فەلسەفییەکان، وەک تێگەیشتن

و خوێندنەوە و ئاگایی، هەروەها کاریگەر بوو بە نزیکبوونەوەی لە تیۆری پراگماتیکیی ئەمریکی کە لە بنەڕەتدا خۆی دەبینێتەوە لە کارەکانی (چارلز پێرس)، هەروەها ئەو بابەتە فەلسەفییانەی جێگەی گفتوگۆ بوون لە کۆڕە ئەکادیمییەکانی ئینگلتەرا، بەتایبەت بابەتی «ریالیزمی هەستی گشتی»ی (مۆر). هەر لە بازنەی سایکۆلۆژیادا، (فرۆید) کاریگەرییەکی قووڵ و بەردەوامی لەسەری هەبوو. ئەگەر ویتگنشتاین رەخنەی لە تیۆری دەرونشیکاریی فرۆید هەبێت، هۆکارەکەی ئەوەیە کە گەلێک سەرسام بووە پێی، هەروەها گرنگی دەدا بە سایکۆلۆژیای ئەزمونگەریی، تیۆرییەکەشی لەم بارەیەوە بەسەر میوزیکدا جێبەجێدەکرد. لە کتێبی تێبینییە پەرشوبڵاوەکاندا چەندین جار ناوی فرۆید دەهێنێت، کارەکانی لە سایکۆلۆژیادا هاوشێوەیە لەگەڵ کارە سەمفۆنییەکانی (براهمەز) لە میوزیکدا. هەروەک چۆن روانگەیان گەلێک لێکەوە نزیکە سەبارەت بە ئەخلاقی سەردەمی باڵادەست، بەتایبەت لە ڤییەنا.

بەڵام سەبارەت بە زمانناسی و فەلسەفەی

زماناسی، کاریگەرییەکانی (دی سوسێر) ئەگەرچی ناڕاستەوخۆش بن، بەڵام گەلێک روون و ئاشکران لەسەر ویتگنشتاین، کە دەشێت ئەم کاریگەرییە لە ڕێگەی (ماوتنەر)ـەوە بێت، کە لە تراکتاتوسدا ئاماژەی پێدەدات بۆ ناساندنی فەلسەفە، هەر لەوێدا ئەوەی دۆزییەوە کە پێویستییەتی، ویتگنشتاین گفتوگۆ دەربارەی گرنگترین تێزەکانی دو سوسێر دەکات، کە پێیوایە مەدلولی رەمزیی زمانیی، خۆی لە چەمکدا دەبینێتەوە بەوپێیەی وێنەیەکی زیهنییە و وێنەی دەنگیی دەیوروژێنێت. لە کتێبی «کارتەکان»دا و لەنێوان دوو کەوانەدا ئەم رستەیە دەبینیت: «رەمز لە دەرەوەی سیستەم ناژی»، کە وەها رستەیەکیش تەواو گونجاوە بۆ تیۆری سیمیۆلۆژیی دی سوسێر، کاتێک بە شێوەیەکی دیکە ئەم بابەتە دەردەبڕێت، لەوە دڵنیامان دەکاتەوە کە لە (دی سوسێر)ی وەرگرتووە یاخود نا، لە نامیلکەی شیندا دەڵێت: «نیشانە (رستە) واتای خۆی لە چوارچێوەی سیستەمی نیشانەکان، یاخود لەو سیستەمە زمانە وەردەگرێت کە سەر بە خۆیەتی».

«کاتێک لە رستەیەک تێدەگەیت، ئەوا لە راستیدا لە زمانێک تێدەگەیت». لە بابەتێکی دیکەی هەمان کتێبدا دەڵێت: «رستە لەناو سیستەمی زمانییدا نەبێت هیچ مانایەکی نییە... »، لەبەرئەوەی سیستەم خاڵی دەستپێکی نییە، بەڵکو ئەو جێگە زیندووەیە کە گەشەی تێدا دەکات، بەڵام وەها دیارە ئایدیای زمان (واتە دۆز) وەک تابلۆ یان وێنەیەک لە فەیلەسوفێکی دیکە وەردەگرێت، کە گەلێک بەویش کاریگەرە، ئەگەرچی لە زۆر بابەتیشدا لەگەڵیدا لێکدژە، ئەویش بریتییە لە (هاینریش هارتز). کاریگەربوونەکەشی بە تیۆریی وێنە لای هارتز لە تراکتاتوسدا گەلێک بە روونی دەردەکەوێت، کە لەوێدا پێیوایە ئێمە لە رێگەی ئەو وێنەیەی پێماندەگات ناو لە شتەکان دەنێین. کەواتە ئەم وێنەیە چۆن دروستدەبێت؟ دەشێت لە رێگەی رووداوێک لە رووداوەکانەوە پێمانبگات، کاتێک رووداو و وێنەکە لە فۆڕمێکی لۆژیکیی پێکەوەگونجاودا هەردووکیان پێکەوە دێن. ئەگەر فۆڕمی لۆژیکی بریتیبێت لەو پەیوەندییەی کە هەیە، ئەوا ئاماژەیە بۆئەوەی پەیوەندیی نێوان رەگەزەکانی

رووداو هاوسازن لەگەڵ پەیوەندیی نێوان ڕەگەزەکانی وێنە. دواجار بەوە کۆتاییپێدێنێت کە بیرکردنەوە هیچ نییە جگە لە وێنەیەکی لۆژیکیی ڕووداوەکان، هەربۆیە نواندن گرنگیی خۆی لەوەوە وەردەگرێت، کە ئامرازێک و بەڵگەیەکە لەسەر پێکگرتنی بیرکردنەوە و زمان و لۆژیک و گەردوون، دۆز بەوپێیەی سەر بە زمانە، وێنەیەکی واقیعە، بەوپێیەی پێکهاتەیەکە لە ڕەگەزە سەرەتاییەکان و لەنێوانیاندا هەمان ئەو پەیوەندییە لۆژیکییانە هەیە (واتە سیستەمی پێکهاتنی لۆژیکی) کە دۆزیان پێکهێناوە. بەم جۆرە ویتگنشتاین دەگاتە ئەوەی کە دەتوانین ناوی بنێین «Bildhaftigkeit»، کە هاوکات لە کتێبی «تراکتاتوس»دا دوو جار ئەم دەستەواژەیەی بەکارهێناوە. کە ئەم دەستەواژەیە لە کتێبی لێکۆڵینەوە فەلسەفییەکاندا بەتەواوی بزرە، بەڵام لە کارەکانی دواتریدا دەیبینین، وەک ئەوەی لە «گرامەری فەلسەفی»دا دەڵێت «لەبری هاوسازیی، واتە هاوتابوونێکی تەواوی نێوان واقیع و بیرکردنەوە، دەتوانین بڵێین: پێکهاتەی بیرکردنەوە، بەڵام ئایا پێکهاتە

هاوتایە؟ من لە کتێبی تراکتاتوسدا گوتومە ئەوە هاوتابوونێکی شکڵییە. ئەمەش هەڵەیە»، بەڵام ویتگنشتاین چۆن گەیشتە ئەوەی لە «گرامەری فەلسەفی»دا بڵێت: «هەندێک شت ناتوانین بیانڵێین، بەڵکو دەریاندەخەین»، هەروەک چۆن لە تراکتاتوسیشدا دەڵێت پێویستە لەسەر دۆز «دەرخەر و گەیەنەری مانا بێت»، لەبەرئەوەی ناوەڕۆکی دۆز بریتییە لە دەرخستنی فۆڕمی لۆژیکیی واقیع، ئایا روانین دەگۆڕینەوە بە لۆژیک و بیستن، کاتێک یەکێک لە هەستەکان رێگەیەک بە باش دەزانێت بۆ گەیاندن: «ئەوەی دەتوانین دەریبخەین، پێویست بە وتنی ناکات»، یاخود کاتێک داوامان لێدەکات روانین بخەینە جێگەی بیرکردنەوە: «بیرمەکەرەوە، بڕوانە». ئایا ئەمە بەو مانایە نایەت، کە زمان دوو هێزی هەیە: یەکەمیان لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە واقیع دەڵێت و دەردەبڕێت، دووەمیش لەوەدا خۆی دەبینێتەوە ئەو شتانە دەردەخات کە ناتوانین بیانڵێین (لە رێگەی ئەو فۆڕمە لۆژیکییەی وێنای واقیع دەکات؟).

ویتگنشتاین لانی کەم لە سێ بابەتدا ئاماژە بە

«Hertz» دەدات، کە هەرسێکیان چەند ساڵێکیان نێوان بوو: یەکەمیان لە تراکتاتوسدا، دوومیان لە نامیلکەی شیندا، سێیەمیشیان لە نامیلکەی قاوەییدا، هەر کەسێکیش ئاگاداری تیۆریی فیزیکی هارتز بێت، هەروەها لێکۆڵینەوەکانی لە بواری میکانیکدا، بێگومان تێبینیی ئەوە دەکات، کە ویتگنشتاین چۆتە ژێرباری زمانی هارتزەوە دەربارەی فیزیا.

هەروەها ویتگنشتاین، سەرەڕای لێکدژیی و بەریەککەوتنی میتۆدەکانیان، کاریگەربووە بە (هیلبەرت Hilbert). هیلبەرت یەکێک بوو لە ناودارترین ماتماتیکزانەکانی سەدەی بیستەم. دانەری میتۆدی «بەڵگەنەویستی axiomatic» و دامەزرێنەری فۆرمالیزم بووە، لە بەرامبەر حەدسگەرا هاوچەرخەکانی وەک پرۆڤەر و بوانکاریە.

فەیلەسوفێکی دیکە –ئەگەرچی کەمتر لە ریزی فەیلەسوفاندا هەژمار دەکرێت– کاریگەرییەکی راستەوخۆی هەبووە لەسەر پێکهاتنی ناخ و بیرکردنەوەی ویتگنشتاین، ئەویش رۆماننوسی روسیی (لیۆن تۆڵستۆی)

بوو، کە هاودەم و یارمەتیدەرێکی رۆحانی بوو بۆ ویتگنشتاین کاتێک زیندانی بوو لە ئیتاڵیا. مانای سادەی ژیان لە تۆڵستۆیەوە فێربوو، پێدەچێت هۆکاری یاخیبوونیشی لە خێزانەکەی و دەستبەردابوونی لە مافە میراتییەکانی هەمان هۆکار بووبێت، واتە کاریگەرییەکانی تۆڵستۆی. پێویستە لێرەدا ئاگاداری ئەوەبین کە ویتگنشتاین هەر بە تەنها بە خوێندنەوەی رۆمانەکانییەوە نەوەستاوە، بەڵکو ئەوەی زۆر بە توندی پێوەی پەیوەست بوو بریتیبوو لە لێکدانەوەی تۆڵستۆی بۆ تەورات و ئینجیل.

هەروەها (ئۆگەستین) گەورەترین کاریگەریی هەبوو لەسەر ویتگنشتاین، هەر لە لایەنی فکرییەوە نا، بوڵکو لە شێوازی نوسینیشدا. ئایا ویتگنشتاین راستەوخۆ دەقە ئۆرجیناڵەکەی خوێندۆتەوە بە زمانی لاتینی، یاخود نوسخەیەکی وەرگێردراوی «دانپێدانانەکانی ئۆگەستین»ی لەبەردەستدا بووە؟ ناتوانین بە یەکلاکەرەوەیی وەڵامی ئەمە بدەینەوە، تەنها مەگەر بگەڕێینەوە بۆ گەواهییەکانی خێزانەکەی.

## (4) کاریگەرییەکانی ویتگنشتاین لەسەر فەلسەفەی سەدەی بیستەم

کاتێک باس لە کاریگەریی دەکەین، مەبەستمان دوو شتە. لە مانای یەکەمدا مەبەستمان لەو کەسانەیە کە شتیان لێوەرگرتووە و ئایدیاکانیان کردووە بە خاڵێک بۆ دەستپێک لە فەلسەفەیەکی تازە و بەردەوامیدان بە بیرکردنەوەی بە ڕێگەیەک لە ڕێگەکان. لە مانای دووەمیشدا مەبەستمان هەموو ئەو کەسانەیە، کە هەوڵیانداوە فەلسەفەکەی لێکبدەنەوە و لە ڕوانگەی جیاوازەوە خوێندنەوەی بۆ بکەن. ئەوەش لەبەرئەوەیە کە ویتگنشتاین، سەرەڕای دووپاتکردنەوەی چەندین جارەی سەبارەت بە پێویستیی ڕوونیی کردەی فەلسەفی، کە تاکە یەک ئامانجی دەخاتە پێش چاو، ئەو ئامانجەش خۆی دەبینێتەوە لە ئەرکە وەسفییەکەی فەلسەفەدا، کە پێویستە خۆی لە گریمانە و تیۆرییە میتافیزیکییەکان ڕزگاربکات و گرێی فکر بکاتەوە و بگاتە سادەترین ئەنجامەکان بە شیکردنەوەی خودی زمان: «فەلسەفە گرێکانی بیرکردنەوەمان دەکاتەوە، لەبەرئەوە پێویستە ئەو دەرئەنجامانەی پێیان دەگەین سادە بن،

بەڵام کاری فیزیۆلۆژی پێویستە بە رادەی ئاڵۆزیی ئەو گرێیەی کە دەیکاتەوە ئاڵۆزبێت»، فەلسەفە و ئامانجەکان و میتۆدەکەی بە ناڕوونی و داخراویی و بە گران تێگەیشتوو دەمێنێتەوە، بەڵام بۆچی شتەکان راستەوخۆ ناڵێت، بە وشەیەک یان بە رستەیەک، یاخود بە پەڕەگرافێک ئەم شتانە دەرناخات؟ هەر ئەمەشە هەوڵیداوە لە تراکتاتوسدا ئەنجامی بدات، بەڵام کتێبێکی چڕ بڵاودەکاتەوە، کە ناڕوونییەکی زۆر باڵی بەسەردا کێشاوە. لێرەدایە جیاوازییەکانی کارکردنی (ویتگنشتاین) مان بۆ دەردەکەوێت لەنێوان «قۆناغی یەکەم» و «قۆناغی دووەم»دا. لەم قۆناغی دووەمەدا زۆربێژی و دووبارەکردنەوە و گەڕانەوەی زیاتر لە جارێک بۆ هەمان بابەت بەدیدەکرێت، ئەمە ئەگەر نەڵێین سیما سەرەکییەکەیەتی. ئەم شێوازە لە فەلسەفەدا لاوازیی یاخود بێئاگایی نییە، بەڵکو میتۆدۆلۆژییەکی ئاگایانەی فەلسەفاندنە. ویتگنشتاین لە «کارتەکان»دا پێماندەڵێت: «لە فەلسەفەدا، پێویستە لەسەرمان پەتی نەخۆشیی فکریی نەپچڕێنین. پێویستە

ڕەوتـە سروشتییەکەی خۆی وەربگرێت و لە هەموو شتێکیش گرنگتر ئەوەیە چاکبوونەوە لەو نەخۆشییە بە هێواشیی بێت (ئەمە ئەو هۆکارەیە وەهـای لـە زانـایـانـی ماتماتیک کـردووە ببنە فەیلەسوفگەلێکی خراپ)». هێواشیی چارەسەر و چاکبوونەوە پێویستیی بە درێژەپێدانی زەمەنی وەسفکردن و تیمارکردن هەیە، بەڵام ئایا ئەمە جەختکردنەوە نییە لەسەر میتۆدێک کە ڕەنگ و بۆیەکی ئەدەبیی بە نوسینەکان دەبەخشێت و پاساوی بۆ دەهێنێتەوە؟ لەبەرئەوەی هیچ ڕێگـەیـەک نییە بـۆ نکۆڵیکردن لـەم لایـەنـەی نوسینەکانی، بەڵکو خوێنەر ئەندێشەی ئەوە دەکات کە لەبەردەم ڕۆمانێکدایە، کە لە جێگەی پاڵەوان و کارەکتەرەکان چەمکەکان دانراون، لە جێگەی میتافۆر و بابەتی چیرۆکی ڕۆمانەکە، ئەرگومێنتسازی و بەڵگاندن دانراوە.

(1-4) فەلسەفەی ویتگنشتاین، بەتایبەت یەکەم کتێبی «تراکتاتوس»، کاریگەربوو بە کۆڕی ڤییەنا، هەر خوێندنەوەکانی ئەم کۆڕە بۆ بـیـروبـاوەڕە لۆژیکییەکانی ویتگنشتاین، ئـەوەی لـێ بـەرهـەمـهـاتـووە کـە لـەمـڕۆدا بە

پۆزەتیڤیزمی لۆژیکیی نوێ ناودەبرێت، بەتایبەت ئەو فەیلەسوفەی زۆر بە وردی و جدی و دڵسۆزییەوە موتابەعەی کارەکانی ویتگنشتاینی دەکرد، واتە (مۆریتس شیلک) ی دامەزرێنەری کۆڕی ڤییەنا، کە زۆرینەی تێکستەکانی لەم فەلسەفە نوێیەدا بەرهەمهێناوە. گرتنگترین ئەم تێکستانەش دەگەڕێنەوە بۆ نوسینەکانی (ڕۆدۆلف کارناب)، کە بە سیمبولێکی پۆزەتیڤیزمی لۆژیکی دادەنرێت، بەتایبەت لە کتێبەکەیدا کە تیۆری شیکاری و بونیادی لۆژیکیی گەردوونی خستۆتەڕوو، هەروەها یەکێکی دیکە لە ئەندامانی کۆڕەکە بە ناوی (فریدریک فایزمان) لە دانانی تیۆری گریمانەگەراییەکەیدا پێی کاریگەر بوو، هەر خۆشی دانی بەمەدا ناوە و قەرزداریی خۆی بۆ ویتگنشتاین نیشانداوە.

بەڵام کتێبی «لێکۆڵینەوە فەلسەفییەکان» بووە بنەمای زۆرێک لە توێژینەوەکانی گەمە زمانییەکان و فەلسەفەی زمان بە شێوەیەکی گشتی، بگرە تەوژمێکی گەورە بوو بۆ ئاڵوگۆرکاریی زمانیی، کە لە کارەکانی

(ستراوسن) و (ریێڵ) و بەتایبەتتر (ئۆستین)دا ئەم کاریگەرییە بە روونی دەبینین، کە دواتر ئەمانە بە قوتابخانەی ئۆکسفۆرد بۆ شیکاری «زمانی رۆژانە (زمانی باو)» ناسران، هەروەک چۆن گورو و تینێکی بەهێز بوو بۆ لۆژیکی ناوێنەیی (لاصوریـة) و لۆژیکی نافۆرمالی و لۆژیکی ناڕوون. هەروەها تیۆری بەڵگەسازی لە زماندا و ئاڵوگۆڕیی بە هەردوو جۆرەکەیەوە، زمانی و لۆژیکی. هەروەها کتێبی یەکەمی ویتگنشتاین «تراکتاتوس» کاریگەریی خۆی هەبوو لە نەمسا، دواتریش لە جیهانی خۆرئاوادا، ئەوەش لە ڕێگەی کۆڕی ڤییەناوە کە لەژێر کاریگەریی کتێبی دوومیدا «لێکۆڵینەوە فەلسەفییەکان»، پۆزەتیڤیزمی نوێیان دامەزراند، پاشان لە ئینگلتەرا و ئەوەی بە قوتابخانەی شیکاریی ئۆکسفۆرد دەناسرا بۆ زماننـاسی و کارە زمانییەکان. هەروەک چۆن ویتگنشتاین گەر بە شێوەیەکی ڕێژەییش بێت ئەوەی رەتدەکردەوە کە لە تێزەکانی کۆڕی ڤییەنادا هاتبوو، هاوکات پۆزەتیڤیزمی لۆژیکییش بە هەمان شێوە ئەوەی رەتدەکردەوە، کە لە قوتابخانەی ئۆکسفۆرددا

هاتبوو و بە فەلسەفەی زمانی ئاسایی ناسرابوو.

گرنگترین فەیلەسوفەکانی جیهان، ئەوانەی هەتاوەکو ئێستاش کاریگەرییان بەسەر فکری جیهانی هاوچەرخەوە هەیە، بە ویتگنشتاین کاریگەر بوون، لە نموونەی (هینتکا، جیمس کۆنان، ستانلی کافل، هیلاری بۆتنام، ریچارد رۆرتی، سۆل کرایبکی، ژاک بۆفراس).

سەرەڕای هەڵوێستە رەتکەرەوەکانی ویتگنشتاین بۆ دەرونشیکاری کە لە «لێکۆڵینەوە فەلسەفییەکان»دا بەدیاردەکەوێت، بەڵام کتێبەکە پاڵنەرێکی بەهێز بوو بۆ گەڕان لە گۆڕەپانی یادگە و هەستەوەرییە تایبەتییەکان و تێگەیشتندا، لەبەرئەوەی ئەو دەروونناسانەی پێی کاریگەر بوون، دەستبەرداری میتۆدە کۆنەکەیان بوون و هەوڵیاندا بۆ چەسپاندن و سەلماندنی ئەوەی کە تێگەیشتنی باڵادەست لە زمان و گرامەری گوزارشتەکاندایە، نەوەک لە پەیوەندیی نێوان شتەکان لە واقیعدا.

(4--1أ) لە میانەی سەردانەکەی (ویتگنشتاین)دا بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە مەبەستی بینینی (نۆرمان ماکلوم)ی

هاوڕێی، کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر (ماکس بلاک) دانا. لەگەڵ بلاک و چەند بیرمەندێکی دیکە کۆبوونەوە و گفتوگۆی بەردەوامیان هەبوو.

(4--1ب) (ڤاکۆ هینتکا) لە فەیلەسوفەکانی نەوەی دووەمە کە بە قۆناغی دووەمی فکری ویتگنشتاین کاریگەر بوون، بۆ نموونە بە جۆرێک هەستا بە بەکارهێنانی چەمکی گەمە زمانییەکان و پراکتیزەکردنی، کە ویتگنشتاین نەیکردبوو، هەژمارێکی لۆژیکیی لێ گەڵاڵەکرد، بەڵکو تیۆری ئاماژەگەری بووە ئەڵتەرناتیڤی تیۆرە باڵادەستەکان.

(4--2أ) کۆڕی ڤییەنا و دەستپێکە پۆزەتیڤیستییە لۆژیکییەکەی لە بەرگێکی نوێدا، بریتیبوو لە خوێندنەوەی فەلسەفەی ویتگنشتاین، کە ئەمیش لای خۆیەوە نوسینەکەی خۆی بە دەستووری دامەزراندنی پۆزەتیڤیزمی نوێ دادەنا، تەنانەت لەنێوان تێزەکانی تراکتاتوس و تێزەکانی کۆڕی ڤییەنادا لێکدژییەکی روون دەبینرێت لە بابەتە سەرەکییەکاندا (بۆ نموونە کۆڕی ڤییەنا پێیوابوو ئەو دۆزانەی مانایەکیان هەیە، ئەو دۆزانەن کە دەکرێت بە تێبینیکرد و

ئەزموونکردن لە بەرامبەر دۆزە میتافیزیکییەکاندا بسەلمێندرێت، واتە ئەو دۆزانەی پرسە غەیبییەکان لەخۆدەگرێت، بەڵام ویتگنشتاین پێیوایە مانای دۆز پەیوەست نییە بە پێکهاتەیەک یان بابەتێکەوە، هێندەی پەیوەستە بە پێکهاتنە گرامەرییەکەیەوە، واتە پێکهاتنە لۆژیکییەکەی، لەبەرئەوە هەڵە و راستی پەیوەست نین بە گونجان لەگەڵ واقیعدا، تەنها مەگەر لە رێگەی ئاوێنەکانی پێکهاتنەوە بێت). کاتێک فەیلەسوفان گوزارشتگەلی وەک «مەعریفە، بوون، شت، من، دۆز، ناو» بەکاردەهێنن و هەوڵی درککردنی جەوهەری شت دەدەن، هەمیشە پێویستە بپرسین: ئایە بەڕاستی ئەم گوزارەیە لە شوێنی خۆی بەم شێوە ئاساییە بەکاردێت لە زماندا؟ ویتگنشتاین پشتبەست بە مێژووی گەڕانەوەی بۆ فەلسەفەوە دەڵێت لەبەرئەوەی گوزارەکان لە بەکارهێنانێکی میتافیزیکییەوە دەگۆڕێن بۆ بەکارهێنانی رۆژانەیی».

(4--2أ) خوێندنەوەی فایزمان بۆ کتێبی «تراکتاتوس» راوەستاوەتە سەر پێکەوە بەستنەوەی مانای دۆز و رووداوەکان لەلایەن

ویتگنشتاینەوە، وەک ئـەوەی لـە پێشوودا ڕوونـمـانـکـردەوە، بـەڵام ئـەم پێکەوەبەستنە لـە ڕێـگـەی پەیوەندیی نـێوان گوتە و دۆزی شـتـەکـانـەوە دەبـێـت، بگـرە بـە شیکردنەوەی بونیادی دۆز، بەڵام لێرەدا مەبەستمان لەو دۆزە نییە، کە لە زمانی لۆژیکیی تایبەتدا بەکاردێت، بەڵکو ئـەوەی لە زمانی ئاساییدا بەکاردێت. تاڕادەیەک ئەمەش نزیکە لەوەی لە تراکتاتوسدا هاتووە و کەمتر نزیکە لـەوەی لە لێکۆڵینەوە فەلسەفییەکاندا هاتووە، لەبەرئەوەی پەیوەندیی نێوان بونیادی لۆژیکی و بونیادی زمانی، بەپێی پێویست لە «تراکتاتوس»دا ڕوونەبوونەتەوە و ئاسەوارەکانی لە «لێکۆڵینەوە فەلسەفییەکان»دا بەدەرکەوتوون.

(4--2ب) خـوێـنـدنـەوەکـەی (گـرتـرۆد ئینسکۆمب) بۆ کارەکانی ویتگنشتاین کە پاش مردنی ئامادەکرا و بڵاوکرایەوە، کە هاوکات بڵاوکەرەوەی گشت کتێبەکانیشی بوو، گەلێک گرنگە، لەبەرئەوەی بابەتگەلێکی تەمومژاویی ڕوونکردەوە، کە لەو لێکدانەوە و خوێندنەوانەدا هـەبـوو پشـت بـە مـیـتـۆدی ئـەمـوونـگـەری –

کە لەگەڵ فەلسەفەی دژە ئەزموونگەریی ویتگنشتایندا هەڵناکات- و لۆژیکی راسل دەبەستن. ئەنسکۆمب بەتایبەتی فۆکەس دەخاتە سەر گرنگیی کۆنتێکست و بونیادی لۆژیکیی زمانناسی لە دەستنیشانکردنی مانا، جیاواز لە زانستی دەلالەتی لۆژیکی باڵادەست، بەتایبەت لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هەندێک لە وڵاتانی ئەوروپا.

(4--2ج) دەتوانین خوێندنەوەکەی ماکس بلاک بۆ بەرهەمەکانی ویتگنشتاین و زۆرێکی دیکە لەو فەیلەسوفانەی بە فەیلەسوفە شیکارییەکانی ئۆکسفۆرد ناسراون، وەک (ئەلفرێد ئایەر، جیمس گریفین)، بە راستترین و گرنگترین لێکدانەوەی کارەکانی ویتگنشتاین دابنێین، کە دەتوانین بڵێین بە رێگەیەکی ناڕاستەوخۆ گەیشتوون بە میراتی فەلسەفیی ویتگنشتاین، بەڵام بەهۆی نزیکیی زیاتری لە زمانناسی و کێشەکانی مانا و دەلالەتەوە، هێندەی گرنگییان داوە بە لێکۆڵینەوە فەلسەفییەکان، هێندە گرنگییان نەداوە بە تراکتاتوس.

(4--2د) (ئێریک ستینیۆس) بەتایبەتی

لەسەر تراکتاتوس راوەستاوە، لێکدانەوەی خۆی بۆ فەلسەفەی ویتگنشتاین لەسەر بنەمای عەقڵانیەتی لۆژیکی ئەنجامداوە. کە ئەمەش لێکدانەوەیەکی چاوەڕواننەکراوە هێندەی ئەوەی لێکدانەوەیەکی سەرنجڕاکێش بێت، بەڵام ئەم لێکدانەوەیە وەک (جیاکۆمینی) دەڵێت، دەکرێت درێژبکرێتەوە بۆ کتێبی لێکۆڵینەوە فەلسەفییەکانیش.

(3-4) پێشتر وتمان ویتگنشتاین پەرۆشییەکی زۆر هەبووە بۆ هونەر بەتایبەتی میوزیک، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گرنگییەکی زۆری بە سیاسەت داوە، بەڵام بەهۆی دەرکەوتنی لەڕادەبەدەری تامەزرۆیی بۆ مۆسیقا لە ژمارەیەکی زۆری نموونە فەلسەفییەکانیدا دەربارەی میوزیک و پێکگرتنەکان و تەریبییەکان، کە کردونیەتە نێوان ئەو شتانە و زمان و ماتماتیک و هارمۆنیا و... هتد، سیاسەت غایب بووە (تەنها مەگەر بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، ئەمەش لە رێگەی لێکۆڵینەوە و بەراوردکردنی بە ئەخلاقناسییەوە)، بەڵام هەریەکە لە (تۆلمین) و (یانیک) بەوپەڕی دڵنیاییەوە ئەوە رووندەکەنەوە

کە پێکهاتنی کەسێتیی ویتگنشتاین لە کۆمەڵگەی نەمساییدا، ناکرێت کاریگەریی قوڵی بەسەرەوە جێنەهێشتبێت، بەڵکو گرنگترین دۆزینەوەیان ئەوەیە کە کتێبەکانیان وەک کاردانەوەیەک بەرامبەر ئەخلاق و کولتووری باڵادەست دانــەوە، کە تێکەڵەیەک لە ڕەوانبێژیی بەتاڵ و فەلسەفەی پۆزەتیڤیزم باڵیان بەسەر ئەم بابەتانەدا کێشابوو.

**(5) گەشەسەندنی بیرکردنەوە فەلسەفییەکەی**

بیرکردنەوەی ویتگنشتاین دابەشکراوەتە سەر دوو قۆناغ، واتە قۆناغی تراکتاتوس و قۆناغی لێکۆڵینەوە فەلسەفییەکان، وەک چۆن بەشێک لە توێژەران بەشداربوون لەم دابەشکردنەدا، تەنانەت هەندێکیان فەلسەفەکەی دابەشدەکەنە سەر زیاتر لە سێ قۆناغ، هەندێکیش بۆ زیاتر لە شەش قۆناغ. پێمانوایە جگە لە لایەنەکانی پێداگۆگی (پەروەردەیی) یان سەرچاوەی مێژووی، ئەو دابەشکردنانە هیچ نین، جگە لە لێکدانەوە.

(1-5) «تراکتاتوس» بۆ یەکەمجار و

به دەقە ئەڵمانییەکە لە ساڵی 1921دا لەژێر ناونیشانی «Logisch- philosophische Abhandlung»دا بڵاوکرایەوە. کتێبێکی بچوکە، بەڵام بە رادەیەک چڕە تێگەیشتن لە بابەتەکانی لەلایەن کەسانی ئاساییەوە ئاسان نییە. کتێبەکە 7 پرسی بنەڕەتی لەخۆدەگرێت، کە شیکاری و قوڵبوونەوەکانی بەپێی رەوتێکی تۆڕئاسایە و ئەو 7 بەشە 526 گوتەی لێ پێکهاتووە. پرسی یەکەمی لەژێر ژمارە (1)دا خستۆتەڕوو، ئەو پرسەش کە لەژێر بڕگەی (1. 1)دا دەیخاتەڕوو، هەمان ئەو پرسەیە کە لە بڕگەی (1. 1. 1)دا راڤەکەی دەخاتەڕوو، بەوجۆرەش بەردەوامدەبێت هەتاوەکو پرسی ژمارە 7، کە هیچ راڤەیەکی نییە لەبەرئەوەی داوا دەکات هەوڵی وتنی قسەیەک نەدرێت، کە وتنی پێویست نییە. ئەو 7 پرسەش کە تراکتاتوسیان لێپێکهاتووە، ئەمانەن:

1. هەموو ئەوەی روودەدات بریتییە لە گەردوون.

2. ئەوەی روودەدات و واقیعە، بریتییە لە بوونی حاڵەتی شتەکان.

3. وێنەی لۆژیکی شتەکان بریتییە لە بیرکردنەوە.

4. بیرکردنەوە ئەو دۆزەیە کە مانای هەیە.
5. دۆز نیشانەیەکە لە نیشانەکانی حەقیقەتی پرسە سادەکان.
6. فۆڕمی گشتیی نیشانەکانی حەقیقەت بریتییە لە. ئەمە فۆڕمە گشتییەکەی پرسە.
7. کاتێک ناتوانین قسە دەربارەی شتێک بکەین پێویستە بێدەنگ بین.

بۆئەوەی هەڵە تێگەیشتن بەرامبەر ئەم پرسانە و خودی کتێبەکە روونەدات، پێویستە پێش هەموو شتێک ئەو پێگەیە لەبەرچاوبگرین کە میتافۆر لەناو ئەم کتێبەدا هەیەتی (وەک ماکس بلاک دەڵێت تراکتاتوس کارگەی دروستکردنی میتافۆرە)، هەر بەتەنها میتافۆری بەلاغی (rhetorical) نا، بەڵکو میتافۆری بەڵگەیی کە دەیکاتە خاڵی دەستپێکی لاوازیی ئایدیایەک یان مشتومڕێک کە کتوپڕ پڕمانایی یان بێمانایی تێزێک پیشاندەدات، بۆ نموونە دەربارەی ئەخلاق دەڵێت، بەبێ ئەوەی پەنا بۆ میتافۆر بەرین ناتوانین ئەوە نیشانبدەین کە بیری لێدەکەینەوە. گەر بواری بۆ هەڵکەوتایە کە کتێبێک دەربارەی ئەخلاق بنووسێت، ئەوا

چەشنی بۆمبێک دەبوو، کە دەتەقییەوە و هەموو ئەو نوسینانەی دەخستەلاوە کە دەربارەی ئەخلاق نووسراون. ئایا هەر ئەمەش مەبەستی پش ئەوە نییە کە داوای بێدەنگی دەکات بەرامبەر شتێک کە ناتوانین بیڵێین؟

پێویستە بە جۆرێک تراکتاتوس بخوێنینەوە کە ئەم کتێبە لە چەند روویەکەوە رەخنەیە لە تیۆری (راسل) و (وایتهاد)، وەک لە کتێبەکەیاندا «پرەنسیپەکانی ماتماتیک» دەردەکەوێت. لەوێدا ویتگنشتاین رەخنە لە ئەتۆمیزمی لۆژیکیی دەگرێت –سەرەڕای ئەوەی یەکەم کاری خۆی لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراندبوو– وەک چۆن رەخنە لە هەوڵەکەشیان دەگرێت بۆ دامەزراندنی ماتماتیک لەسەر بنەمای لۆژیکی. راسل و وایتهاد هەوڵی ئەوەیان داوە کە زمانی لۆژیک لە چەند سیمبولێکدا قەتیسبکەن و بیگۆڕن بۆ رەگەزی تەواو بچوکتر، هەروەک چۆن گەردوون لەو رەگەزە یەکەمینانە پێکدێت کە راسل ناویاندەنێت «individuals»، کە هەر لەسەر ئەو رەگەزە ئەتۆمیزمی لۆژیکی پێکدێت، کە وەها لەم رەگەزە یەکەمیانە

دەكەن ببنە سنوورێک بۆ شیكاری، هەتاوەكو جیاوازیی نێوان شتەكان بزرنەبن. ئەوەی جێگەی رەتكردنەوەی ویتگنشتاینە بۆ راسل و وایتهاود، ئەوەیە كە ئەوان پێیان وایە زانینمان بۆ رەگەزەكان، پەیوەستە بە زانینمان بۆ ئەو شتانەی ئەم رەگەزانەیان پێكهێناوە، بەڵام ئەم رەگەزانە هیچ نین جگە لە كۆمەڵە پەیوەندییەک، بەوەش قورسایی فەلسەفیی و بابەتی شیكار لە «شت»ەوە دەگۆڕێت بۆ «پەیوەندیی شت بە شت»ەوە. رێگەی دروستی تێگەیشتن لە سروشتی ئەم پەیوەندییانە بە زەرووری بە ناو لۆژیكدا تێدەپەڕێت، ئەمەش تاكە زامنە بۆ رێكخستنی زانینمان بەرامبەر گەردوون، وێناكردن و روانگەمان بۆ گەردوون بەشەرعیی دەكات، بەڵام ئەوەی راسل پێیوایە سەرمەشقی ئەزموونە، ویتگنشتاین بە پێشمەرجێک دایدەنێت بۆ زمان و دواتر بۆ ئەزموونیش.

دەتوانین بڵێین كە تراكتاتوس دەلاقەیەكی تیۆریی نوێ بوو بەسەر لۆژیک و ماتماتیكدا، ئەم كتێبە كاریگەرییەكی گەورەی لە فەلسەفەی سەردەمی دوای خۆیدا دروستكرد. لەوێدا

پێیوایە گەردوون لە شوێنێکی لۆژیکیدا جێکەوت بووە، کە وەها دەکات رووداوەکان ببنە رەگەزی پێکهێنەری ئەم شوێنە، بەوپێیەی سیستەمێکە هەموو پەیوەندییە پێکهاتووەکان دیسپلین دەکات، جیاوازیی فۆڕمی شتەکان بۆ نموونە، هیچ نییە جگە لە جیاوازیی هێزەکانی پێکهێنانی پەیوەندییەکان. هەر بەمەش لە پرۆژەی یەکێک لە گرنگترین ئەندامەکانی کۆڕی ڤییەنا تێدەگەین، ئەویش (رۆدۆلف کارناب) و کتێبەکەیەتی «دەربارەی بونیادی لۆژیکیی گەردوون»، کە ئەمیش بەرهەمی ئەو تێزەیە کە بە «ئەتۆمیزمە لۆژیکییەکان» ناسراوە و کاریگەرییەکی قوڵی لە فەلسەفەی خۆرئاوادا هەبووە، بەتایبەت لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

ئەگەر تراکتاتوس داوای بێدەنگی بکات (وەک ئەوەی لە بڕگەی حەوتەمدا هاتووە)، بەتەنها لەبەر نەکارایی و نەتوانینی قسەکردن نییە، بەڵکو لەبەر پێویستیی بێدەنگییە، دواتریش بە مەبەستی خۆتەرخانکردنە (تفرغ) بۆ شتەکانی دیکە، کە کتێبی «لێکۆڵینەوە فەلسەفییەکان» هیچ جێگەیەکی بۆ خۆتەرخانکردن

نەهێشتۆتەوە، دەکرێت روونکردنەوەی زمانی تەواو لەناو روونکردنەوەی گشت فۆڕمەکانی گەمە زمانییەکاندا بێت، بەڵام ئەمەی دواییان هیچ سنوورێکی نییە! ئەو بابەتەی فەیلەسوف زەمەنێکە جێگەی سەرقاڵییەتی، ئەوەی بۆ دەمێنێتەوە کە بە شێوەیەکی بێ کۆتا کورتدەبێت و درێژدەبێتەوە. ئەگەر ویتگنشتاین —لە سازانێکی تەواوی نێوان تیۆر و پڕاکتیکدا- دەستبەرداری فەلسەفە بووبێت، لەبەرئەوەی پێیوابووبێت تراکتاتوس لە کۆتاییەکانیدا هەستاوە بە حکومدانێکی هەتاهەتایی بەسەر خۆیدا بە حکومی بێدەنگی، ئەوا هەستاوە بە دەرخستنی سنوورە رێگەپێدراوەکانی گوتەکەی، لەگەڵ گەڕانەوەشیدا بۆ فەلسەفە، یاخود روانینەوە لە فەلسەفە بە روانگەیەکی نوێ (کە وانەبێژییەکەی پرۆڤەر دەستپێکی بوو)، لەو باوەڕەدا بووە کە کاری فەیلەسوف هەرگیز کۆتای نایەت، لەبەرئەوەی بە تازەبوونەوەی خودی زمان، کاری ئەویش تازەدەبێتەوە. ئەم تێڕوانینە دینامیکییە زەمەنییە، کە وەهای لێدەکات هەڵوێستێکی دژبەر بە هەڵوێستی

سەرەتای وەربگرێت، دان بەودا دەنێت کە کاری فەیلەسوف هەرگیز کۆتای نایەت: «بەوەش کارەکەمان هیچ کۆتاییەکی نابێت! بەدڵنیاییەوە، هیچ کۆتاییەکی نییە»، وەک ئەوەی رێگەی فەلسەفە هێڵێکی شەمەندەفەر بێت، سەرەتاکەی ببینین، بەڵام کۆتاییەکەی نەبینین.

ئەو بەشانەی کۆکراونەتەوە و لە چوارچێوەی کتێبی «چەند تێبینییەک دەربارەی بنەماکانی ماتماتیک»دا بکڵاوکراونەتەوە، گشتیان لەماوەی نێوان ساڵانی 1937 و 1944دا نووسراون. ئەم کتێبەش هەتاوەکو ساڵی 1956، واتە پاش 5 ساڵ لە مەرگی خۆی و 3 ساڵ دوای بڵاوبوونەوەی لێکۆڵینەوە فەلسەفییەکان، هەلی بڵاوکردنەوەی بۆ نەڕەخسا. لەنێوان کتێبی یەکەم و دووەمدا یەکتربڕێک و بەریەککەوتنێک هەیە کە پێویستە جەختی لێبکەینەوە، بەشێکی زۆری ئەم کتێبە، واتە «چەند تێبینییەک دەربارەی بنەماکانی ماتماتیک»، لەناو کتێبی لێکۆڵینەوە فەلسەفییەکاندا بوونی هەیە، بەشێکی گەورەی ئەو نوسینانەش کە بڕیار وابوو لەناو لێکۆڵینەوە فەلسەفییەکاندا بڵاوبێتەوە

لەناو ئەم کتێبەدا هەیە، پێدەچێت ویتگنشتاین خواستبێتی بەشدارییەکانی لەو گفتوگۆیەی لەئارادا بوو دەربارەی بنەماکانی ماتماتیک، بخاتە ناو کتێبی لێکۆڵینەوە فەلسەفییەکانەوە. وەک بڵاوکەرەوەکانی ئەم کتێبەش دەڵێن ئەگەر ویتگنشتاین خۆی ئەم کتێبەی بۆ بڵاوکردنەوە ئامادەبکردایە، کتێبەکە شێوەیەکی دیکەی دەبوو.

نوسینی «گرامەری فەلسەفی» دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای پێداچوونەوەکانی بەو تێکستەی بە «تایپکراوە گەورەکە The Big Typescript» ناسراوە. کە بریتییە لەو تاقیگەیەی ویتگنشتاین کتێبی «لێکۆڵینەوە فەلسەفییەکان»ی تێدا ئامادەکردووە، کە هەمان ئەو بابەتانە لەخۆدەگرێت، کە لە کتێبی لێکۆڵینەوە فەلسەفییەکاندا هەن. کە پێدەچێت لەماوەی نیوان سالانی 1932 و 1933دا ئامادەی کردبێتن، واتە سەردەمی نوسینی «نامیلکەی شین». شێوەیەکی زارەکیی (شفهي) بەم بەرهەمەوە دەبینرێت، کە بڕێکی زۆر لە دووبارەکردنەوە و دوودڵی تێدا دەبینرێت،

وەک ئەوەی میتۆدۆلۆژییەکی بەراوردکاریی نوێ تاقیبکاتەوە، کە هەندێک لە شێوازی سوکراتیی پێودیارە (سەرەڕای ئەوەی خۆی لە جێگەیەکدا دەڵێت، ئەوەی گفتوگۆکانی سوکرات بخوێنێتەوە، کاتی خۆی بەفیڕۆدەدات)، لەبەرئەوە واباشە تەنها وەک تاقیکردنەوەی میتۆدێکی نوێ هەژماری بکەین، بەڵگەش لەسەر ئەمە ئەوەیە کە دوای چەندین جار پێداچوونە، نوسینە تایپکراوەکەی فڕێداوە و وتویەتی بە کەڵکی بڵاوکرانەوە نایەت (هەربۆیە هیچ ناونیشانێکی بۆ دانەناوە و داوایکردووە پاش مردنی بیسووتێنن).

(5-2) دەتوانین کتێبی «لێکۆڵینەوە فەلسەفییەکان» بە وەرچەرخانێکی گەورەی بیرکردنەوەی ویتگنشتاین دابنێین، بەبێ پەیوەستبوون بە گوتەی ئەو کەسانەی پێیان وایە لەنێوان ئەم قۆناغە و قۆناغی دواتردا دابڕانێک هەیە، ویتگنشتاین لە تراکتاتوسدا جیاوازیی دەکات لەنێوان فۆرمی لۆژیکی و جیهانی دەرەکیدا، و پێشبڕکێ و ململانێی نێوان لۆژیک و پوختەی ئەو لۆژیکە دووپاتدەکاتەوە،

له لێکۆڵینەوە فەلسەفییەکانیشدا پێیوایە فۆڕمە لۆژیکییەکان لە گەمە زمانییەکاندا هەن، بە مانایەکی دیکە بەکارهێنانێکی زمانیی کە خۆی دەبینێتەوە لە ڕێساکانی سازان لە کۆمەڵگەی زمانییدا، بەڵام ئایا خودی ئەمە بریتییە لە دابڕانێک لە میتۆد یاخود فەلسەفەی ویتگنشتایندا؟ ئەمەیە کە توێژەران لەسەری کۆک نین، بەڵام پێمانوایە باشترە قسە دەربارەی گەشەکردن – یان بە مانایەکی دیەک خەملێنی هەڵوێستگەلێک، بەهۆی پێگەیشتوویی فکریی و کاریگەربوونی بە هەندێک لە فەیلەسوفەکان- بکەین لە فکری ویتگنشتایندا، نەوەک دابڕان. دابڕان بریتییە لە دەستبەرداربوون لە بابەت و ئیشکالەکان و نکۆڵیکردن لە هەڵوێستە بنەڕەتییەکان نەوەک لە شتە وردەکان، بەڵام ئێمە دەبینین لەو قۆناغەی کە بە قۆناغی دووەمی فکری ویتگنشتاین دادەنرێت، هەمان بابەت و هەمان پرسیار و هەمان میتۆد هەیە و جگە لە شێوازی دەربڕین و نوسینەوەیان هیچ نەگۆڕاوە. لەکاتێکدا لە تراکتاتوسدا کێشەکانی فەلسەفە دەگەڕێنێتەوە بۆ هەڵەتێگەیشتن لە لۆژیکی

زمانەکەمان، لە لێکۆڵینەوە فەلسەفییەکاندا کێشەکانی فەلسەفە دەگەڕێنێتەوە بۆ هەڵە تێگەیشتنمان لە بەکارهێنانی گوزارەکانی زمانی ئاسایی، جیاوازیی نێوان ئەم دوو تێڕوانینە چییە؟ ئایا دابرانە، یان گەشەسەندنێکی پێکەوە گرێدراوە؟ بەڵێ ئەمە بە «دابڕان» دادەنرێت بۆ کەسێک ئەم جیاوازییە بە گۆڕانێکی گرنگی بابەتی توێژینەوەی فەلسەفی دابنێت، هەروەها بە «بەردەوامی»یش دادەنرێت گەر پێمانوابێت هەمان میتۆدۆلۆژی بوونی هەیە و ئەوەی بەرەو پێشەوە چووە ئەوەیە کە زمانی ئاسایمان بە لۆژیک داناوە. ئەگەر لە «تراکتاتوس»دا پێوەر بریتیبێت لە فۆرمی لۆژیکی، لە «لێکۆڵینەوە فەلسەفییەکان»یشدا نیشانەکانی بەکارهێنان بریتیین لە گرامەر، ئایا ویتگنشتاین لە تراکتاتوسدا دەربارەی «گرامەری لۆژیکی» نەدواوە؟ بەڵام ئەوەی دەتوانین لە تراکتاتوسدا تێبینی بکەین و لە لێکۆڵینەوە فەلسەفییەکاندا نایبینین، بریتییە لە کاریگەریی (فریگە) و (راسل). وەک ئەوەی یەکەم پێکگەیشتنی گەورەترین دوو عەقڵی سەردەمەکی خۆی بێت بۆ سەلماندنی

تیۆرییەکی نوێ، هەروەها دووەم ریسکی ئازایانە و ناوازەی فەلسەفیی بووە. ئایا هەر بەراست ناوازە بووە؟ خودی ویتگنشتاینیش نکۆڵی لەمە ناکات. دواتر دەگەڕێینەوە سەر ئەم بابەتە. ئەم ئازایەتییە خۆی لە رەفتارێکی دژە ئاڕاستەدا دەبینێتەوە، بۆ نموونە لە میتۆدۆلۆژیی خۆیدا رێگەیەک پەیڕەودەکات کە پێچەوانەی ئاڕاستەی سوکراتییە، کە ئەو رێگەیەی سوکرات بە میتۆدی «Maieutics» ناسراوە [واتە هێنانە بوونی راستییەکان لەرێگەی گفتوگۆ و پرسیارەوە]، لەو دەمەی (سوکرات) لە بارێکی تایبەتییەوە دەستدەکات بە –یان لە هەندێک کاتدا تەنانەت لە دۆخێکی تایبەتییەوە دەستدەکات بە دواندن- گشتاندن و بیرکردنەوەی خۆی فراواندەکات، بەو پێیەی وەهای لێبکات بگاتە چەمکێکی گشتی یاخود یاسایەکی لۆژیکی، (ویتگنشتاین) هەموو گشتاندنێک رەتدەکاتەوە، لەبەرئەوەی بەسادەیی پێوەری لێکچوو رەتدەکاتەوە و پێیوایە ئەوەی بۆ بارێکی تایبەتی گونجاوە ناکرێت بۆ هەموو بارێک گونجاو بێت. سوکرات لە «رێژەی»یەوە

دەستپێدەکات بەرەو گەیشتن بە «رەها»، بەڵام ئەوەی بەلای ویتگنشتاینەوە گرنگە بریتییە لە روونکردنەوی بێسوودیی رەها و سەرنجدان لە رێژەیی. ویتگنشتاین سەبارەت بە پرسیاری «رەمز (سیمبول) چییە؟»، هەڵوێست و وەڵامێکی گشتێنەرانە رەتدەکاتەوە، بژاردەی خۆی بەرەو وەسفکردنی باری تایبەتی ئاڕاستە دەکات. واتە بەرەو «ئەو پڕۆسانەی بەهۆی رەمزەکانەوە بەدییان دەهێنین». ئەم پڕۆسانەیە کە بە گەمە زمانییەکان ناویاندەبات، (بڕوانە لە نامیلکەی شین، کە بۆ یەکەمجار گوزارشتی «گەمەی زمانیی» بەکارهێناوە)، کە بەوە پێناسەی دەکات فۆڕمێکی سەرەتایی زمان یان زمانە سەرەتاییەکانە، هەروەها دۆشدامانمان لە بەرامبەر کێشە و تێکئالۆزییەکان دەگەڕێنێتەوە بۆ خواستی بەردەواممان بۆ گشتاندن (یان وەک دەڵێت دەگەڕێتەوە بۆ «بە سووک تەماشاکردنی بارە تایبەتییەکان».

هەر کەسێک بەدوای یاسایەکی گشتی و رێسایەکی گەردوونیدا دەگەڕێت، ئەوا بەدوای راڤەکردندا دەگەڕێت، بەڵام ویتگنشتاین پێیوایە

هەوڵی ڕاڤەکردن هۆکارێکە بۆئەوەی بکەوینە کێشە ساختە و ناڕاستەکانەوە، هەربۆیە دەڵێت ئەرکی فەیلەسوف ڕاڤەکردن نییە، بەڵکو هێماکردنە، هەربۆیە زیاتر لە «خەملاندن»، «وەسف» لەم فەلسەفەیە وەردەگرێت و لە «یاسا» زیاتر «نموونە»ی لێوەردەگرێت. ئەمەیە دابەشکاریی نێوان «تراکتاتوس» و «لێکۆڵینەوە فەلسەفییەکان»، بەڵام ئەوەی تێیاندا جیاوازە ئەوەیە، کە چیتر دەلالەت لەنێو بونیادە لۆژیکییەکان و پێچەکانی زماندا شاراوە نییە. «توس»دا شتێک هەبێت، کە پێویستبێت لە ئاستیدا بێدەنگ بین (واتە بێ واتا و بێ ناوەڕۆک)، ئەگەر هەرچی شاراوەش بێت پێویستی بە شیکار نەبێت، ئەوا لە «لێکۆڵینەوە فەلسەفییەکان»دا هەموو شتێک جێگەی گەڕان و پشکنین و شیکارکردنە، بەبێ مەرجی بەکارهێنانی زمانی قسەپێکراو. بەپێی ویتگنشتاین زمانی کۆمەڵەکان، هاوکات زمانی بزاوتەکان و میوزیکەکان و ڕەنگەکانە. زمانی قسەپێکراویش هیچ نییە جگە لە یەکێک لە زمانە هەبووەکان، بەڵام «ئەوەی سەر بە جەوهەری

گەردوونە، زمان ناتوانێت دەریبڕێت، لەگەڵ ئەوەشدا لەبەرئەوەی جەوهەری زمان وێنەیەکە لە جەوهەری گەردوون، ئەوا زمان بەوپێیەی بەرپرسیارێتیی گرامەری لە ئەستۆدایە، دەتوانێت درک بە جەوهەری گەردوون بکات. ئەگەر لە تراکتاتوسدا ئەرکی فەیلەسوف خۆی لە دۆزینەوەی ئەم نادیارییانەدا ببینێتەوە، ئەی لە توێژینەوە فەلسەفییەکاندا ئەرکی چییە؟ ئەرکەکەی ئەوەیە کە لە پشت فرەیی گەمە زمانییەکان و هێنان و بردنەکانی زمانەوە، گەشەیەکی سروشتیی —لە میانەی پەرەسەندی رەگەزەکانەوە- زمانی سەرەتایی و فۆڕمە سەرەتاییەکانی زمانمان پیشانبدات، واتە پێویستە لەسەر فەیلەسوف بمانگەڕێنێتەوە بۆ ئەو گەمە زمانییانەی کە فۆڕمە سادە و سەرەتاییەکانی پەیوەندیکردن دەنوێنێت.

(3-5) فەلسەفە و بنەماکانی ماتماتیک: بەپێی ئەو کەسانە بێت کە لێکۆڵینەوەیان دەربارەی کتێبی «چەند تێبینییەک دەربارەی بنەماکانی ماتمایک» کـــردووە، بەشێک لەم کتێبە، بەشێکە لە کتێبی «لێکۆڵینەوە

فەلسەفییەکان»، یاخود هەندێک لەوەی لە «تێبینییەکان دەربارەی بنەماکانی ماتماتیک»دا خراوەتەڕوو، دەبوو بەشێک بوونایە لە کتێبی «لێکۆڵینەوە فەلسەفییەکان». ئایا دەتوانین بیر لەوە بکەینەوە، ئەگەر ئەم بابەتانە لە دوو کتێبی جیاوازدا بڵاونەکرانایەوە، شیاو بوون بۆئەوەی لە یەک کتێبدا بڵاوبکرێنەوە؟ بەتایبەت کە نوسین و ئامادەکردنی هەندێک بەشی هەردوو کتێبەکە لە هەمان زەمەندا بوون.

پێویستە ئاماژە بەوە بدەین کە شتێکی سەیر دەبێت، گەر گرنگی بەوە نەدەین کێ لە دۆخ و پێکهاتەی ویتگنشتایندایە لە بنەماکانی ماتماتیکدا، لەژێر کاریگەریی (راسل) و (فریگە)دا هاتە ناو فەلسەفەوە، هەردووکیشیان وەهایان لێکرد ئەم بابەتە ببێتە چەقی سەرەکیی بیرکردنەوەکانی.

«کەواتە ماتماتیک بەم هەموو توندوتۆڵییەوە لە کوێوە دێت؟». کێ شوێن ژمارەکان دەکەوێت! کە ئەم شوێنکەوتنەش دەچێتە ژێر باری رێسایەکی سادەوە، هەربۆیە ویتگنشتاین پێیوایە کە هەژمارکردن (Kalkul) دەتوانێت مەدلولی گوزارشتی دەربڕین ڕوونبکاتەوە، بگرە

ویتگنشتاین وەک وردترین و دەقیقترین ئامڕاز دایدەنێت بۆ دەستنیشانکردنی مەدلول. بەم جۆرە فەیلەسوف پەنادەباتە بەر توندوتۆڵیی، کە بە یەک دەلالەت دایدەنێت و وەک پێکهاتەیەک تەماشایدەکات بۆ شیکردنەوەی پێکهێنەرەکانی مانا لە زمانی رۆژانەدا، کە ناڕوونیی و کەرتبوونێکی هاوبش دەرویانداوە: «پێوستە لەسەر دۆزی ماتماتیکی ئەوەمان پیشانبدات، کە دەتوانین بە دەربڕینی «مانا» بیڵێین». دەکرێت رووەیەکی لێکچوون و نزیکیی لەنێوان هەژمارکردن و زماندا هەبێت، بەوپێیەی هەژمارکردن رووخسارێکە لەو رووخسارانەی دەتوانین بە هەژمارکردن پێناسەی بکەین، وەک چۆن زمانیش لە رێگەی زمانەوە دەناسین».

لەسەر بنەمای ئەوەی ئاماژەمان پێدا، دەتوانین زۆر بە ئاسانی لە قۆناغی تراکتاتوسدا بەر وێنەگەرایی (التصويرية) بکەوین، بەوپێیەی لۆژیک (یان فۆڕمی لۆژیکی دۆزەکان)، پێوەری سەرەکییە بۆ هەڵە و راستی، بەڵام شوێنی ماتماتیک لە زمان و گەمە زمانییەکاندا لەکوێدایە، پاش ئەوەی ویتگنشتاین

دەستبەرداری ئارگومێنتەکەی یەکەم جاری بوو، ئیدی وردەوردە مەیلی بەلای حەدسانییەتدا دەڕۆیشت، چونکە پێیوابوو کە لۆژیک ناکرێت وەک بنەمایەکی ماتماتیک بەکاربهێندرێت، هەروەها ناشکرێت ببێتە تەکنیکێکی یارمەتیدەر لەناو ماتماتیکدا و دەستتێوەردانی لۆژیک تێیدا هیچ نییە، جگە لە نەفرەتێکی گەورە؟ لەم لۆژیکەوە دەتوانێت ئەم بەرامبەرێتییە دابنێت: «کە لە دۆز تێبگەیت واتە لە زمان تێدەگەیت. کە لە زمان تێبگەیت، واتە کۆنترۆڵی تەکنیک دەکەیت».

باوەڕبوون بە تاکێتیی مرۆڤ لە زماندا هیچ نییە جگە «ئەفسانە»یەک، کە لەسەر هەڵە خوێندنەوەی گرامەری دامەزراوە. بەم پێیە ئەو باوەڕەش کۆتاییدێت، کە قسەکەر پێیوابێت لۆژیک «زانستێکی پێوەرییە»، لەبەرئەوەی زمانی ئایدیاڵی بوونی نییە بەو مانایەی راسل دەیبەخشێتە چەمکەکە، بەڵام ئایا زمانی رۆژانە زمانێکی ئایدیاڵی نییە؟ دەتوانین ئەوەش پیشانبدەین کە سیستەمی ئایدیاڵی ئامادە لە زۆر رستەدا خۆی پیشاندەدات: «روون و ئاشکرایە

کاتێک مانا بوونی دەبێت پێویستە سیستەمێکی پلەبەندیی ئایدیالٚی بوونی هەبێت، پێویستە لە رستە هەرە ئاڵۆز و ناڕوونەکاندا پلەبەندیی ئایدیالٚی ئامادەبێت». هەڵەیە وەهای دابنێین کە فەلسەفە ناچارە مامەڵە لەگەڵ زمانێکی ئایدیالٚیی دەستکرددا بکات (کە لۆژیککار و فەیلەسوفەکان دایانناوە) یاخود زمانێکی سروشتی جگە لە زمانی رۆژانە، لەبەرئەوە پێمانوایە کەموکوڕی یاخود خەلەلێکی تێدایە، یاخود لاوازییەکی مەفهومی و تەمسیلی هەیە پێویستە درکی پێبکەین. نەخێر. لێرەدا هەڵەیەک هەیە: زمانی رۆژانە زمانێکی ئایدیالٚییە».

وەڵامەکە پەیوەست نییە بە گۆڕانی دیدگای ویتگنشتاین سەبارەت بە ماتماتیک، هێندەی پەیوەستە بە تێڕوانینیەوە بۆ زمان، زمانی ئایدیالٚی زیاتر لە لۆژیکدا خۆی دەبینێتەوە، زمانی رۆژانە ئایدیالٚییە، زمانێکی «لۆژیکی»یشە گەر بمانەوێت بەوجۆرە بێت، پێویستی بە ئیزافەکردنی چەمی نوێ نییە بەو شێوەیەی کە راسل داوایدەکات، هەروەها پەیوەندیی نوسینی ئیدیۆگرافی و فکریی نییە، وەک ئەوەی

فریگە داوایدەکات، لەبەرئەوە سروشتییە گەر ویتگنشتاین خۆی پێیوابێت خودی ماتماتیک زمانێکە، لەبەرئەوەی ئەگەر توندوتۆڵی و خۆگری ماتماتیک گونجاو بێت و بنەمای سیستەمی پلەبەندیی بێت، ئەوا لای خۆیەوە زمان دەچێتە ژێرباری سیستەمی پلەبەندییەوە. ئایا خودی بیرکردنەوە بریتی نییە لە زمان و زمانیش بیرکردنەوە نییە؟ لەبەرئەوەی بە گوێرەی (ماوتنەر Mauthner) زمان گەمەیەکە مەحکومە بە کۆمەڵە ڕێسایەکەوە. بەم جۆرە دەکرێت پەیوەندیی زمان بە گەمەوە، لە بیرکردنەوە سەبارەت بە بنەماکانی ماتماتیکدا دەرگای میتافۆر بکاتەوە، بەوپێیەی ماتماتیکیش زمانە. هیچ شتێکی تاز لە ماتماتیکدا پەسەند نییە کە خەڵکی ئاسایی نەتوانێت لە ژیانی ڕۆژانەیدا بەکاریبهێنیت، وەک چۆن لە ژیانی ڕۆژانەیاندا زمان بەکاردەهێنن. ویتگنشتاین پێیوایە ماتماتیک –چەشنی زمان– بوونی نییە، ئەگەر سازانێکی گشتی لەسەر نەبێت، کەواتە یەک کەسی دیاریکراو ناتوانێت ئەم ڕێسایە بنوێنێت، لەبەرئەوەی ڕێساکە دووبارەکردنەوە

و ڕێکوپێکی لەخۆدەگرێت، لەبەرئەوەی هیچ ڕێکوپێکییەک، هیچ سیستەمێک بوونی نییە بەبێ دووبارەبوونەوە، چونکە ئەو شتەی یەک جار ڕوودەدات، نابێتە ڕێسا و ناکرێت لە چوارچێوەی سیستەمدا هەژماربکرێت: «ئایا ڕێکهاتن بەبێ دووبارەکردنەوە دەبێت؟».

بەم جۆرە دەتوانین سازانی دیدگای ویتگنشتاین ببینین، کە دەڵێت لۆژیک سەر بە مێژووی سروشتیی مرۆڤە و ماتماتیک دیاردەیەکی مرۆییە.

دەتوانین لەم هاوتەریبییەوە درک بەوە بکەین، کە بۆچی ویتگنشتاین پێیباشە هەژمارکردن بە زانستێکی دامەزراو لەسەر لۆژیکێکی یەکگرتووە هەژمارنەکەین، کە بتوانێت هەموو میکانیزمەکانی ڕاڤە و دامەرزاندن فەراهەمبکات، بەو جۆرەش بە زانستێکی سەربەخۆی دانەنێین، بەڵکو ئەم زانستە-وەک دەڵێن- چەشنی گەمە زمانییەکانە کە پێکهاتووە لە تێکەڵەیەک لە تەکنیک و ڕێوشوێنی ئامادەکراو، کە بوون و نەبوونی دەبەستێتەوە بە پێویستبوون پێی، زیاتر لە هەڵواسینی بە سیستەمێکی

یەکگرتووەوە، کەواتە بە زەرووری ناچێتە ژێرباری ڕێسایەک یان کۆمەڵە ڕێسایەکی دەستنیشانکراوی ئیلزامی یان ڕێکخراو. لەبەرئەوە لە چەندین بۆنەدا جەخت لەوە دەکاتەوە، ماتماتیک وەک تەکنیکێک، هێندەی خەریکی داهێنانە هێندە خەریکی دۆزینەوە (إكتشاف) نییە، هێندەی ناونیشان و بابەتی نوێ دادەهێنێت هێندە بریتییە نییە لە ئەنجامی بابەتەکان. لێرەدا رووخسارە لێکچوەکانی لەگەڵ گەمە زمانییەکان دەردەکەوێت، لەبەرئەوەی پێیوایە کرداری «گەمەدەکات» هیچ ڕێگەیەکی لەبەردەمدا نییە جگە لە مامەڵەکردن بەپێی ڕێسا دەستنیشانکراوەکان.

زمان خۆی دەبینێتەوە لە کۆی گەمە زمانییە مومکینەکان، هەروەک چۆن ماتماتیک بریتییە لە زمانی کۆی سازانە مومکینەکان. هەردوولا بە ئاستی جیاجیا سازانی مرۆیی لەخۆدەگرن، گەمە دامەزراوەیە، زمان دامەزراوەیە، ڕێساش دامەزراوەیە. کاری ئەم دامەزراوەیەش بریتییە لە بەکارهێنان و سادەبوونی کۆمەڵایەتی کە لە بواری فۆڕمی ژیاندا دامەزراون.

بەمجۆرە فەلسەفەی زمـان و ماتماتیکی ویتگنشتاین رووخـساریێکی مرۆیـی پوخت وەردەگریێت. بەهای ئـەم لیێکنزیکییەی نیێوان زمان و هەژمارکردن و ماتماتیک، تەنها کاتیێک بەتەواوی دەردەکەویێت کە هەمووواین بخەینە بازنەیەکی حەدسگەراییەوە، کە هـەر خودی ئەم بازنەیە سنوورەکانیان بیێت. گرنگی گەمە زمانییەکان، کە بەسەر ماتماتیکدا پەسەنددەکریێت، وەک چۆن بەسەر زمانیشدا پەسەنددەکریێت، لـەوەدا دەردەکـەویێت کە نموونەیەکە هەرگیز لە چالاکی و کارکردن ناوەستیێت، لەبەرئەوەی ناچیێتە ژیێرباری لۆژیکی دوانـەیی و جگە لە رووبەڕووکردنەوەیەکی توندی نیێوان هەڵە و راستی دان بە هیچی دیکەدا نانیێت، نە پڕەنسیپی سیێیەم و نە لیێکدژی ناتوانن بەتاڵیبکەنەوە.

**سەرچاوە:**

- تحقيقات فلسفية، لودفيك فتغنشتاين، ترجمة وتقديم وتعليق: عبد الرزاق بنور، مركز دراسات الوحدة العربية، الطبعة الاولى، بيروت 2007.

# فەلسەفە لە تراکتاتۆسدا

دڵشاد حامید دەروێش

فەیلەسوفی مەزنی نەمسایی لۆدڤیگ جۆزێف یوهان ڤیتگنشتاین (Ludwig Josef Johann Wittgenstein - 1889 1951) بۆ یەکەمجار شاکاری لێکۆڵینەوەیەکی لۆژیکی فەلسەفی(تراکتاتۆس)ی لە ساڵی (1921) بە زمانی ئەڵمانی بڵاوکردەوە، ئەم پەرتووکە قەبارە مامناوەندە بە بانگەشە پەڕگیر و تێگە و تیوریا بنەغەیی و ڕادیکاڵەکانی بووەتە خاوەن شوێنپەنجەی حاشاهەڵنەگر لەسەر تەواوی فەلسەفەی زانست و کاریگەریەکی بەرچاوی لەسەر ڕەوتی پۆزەتفیستی لۆژیکی (Logical Positivism) بەتایبەت ئەندامانی بازنەی ڤیەنا (Vienna Circle) داناوە، نەک هەر ئەوەندە بگرە تا وێستاش ئەم دەقە ناوازەیە و بابەتی مشتومڕ و گفتوگۆ و گەنگەشەی گەرم و لیکۆڵینەوەی ئەکادیمی ناوەند و خانەکانی فکر و فەلسەفەیە لە تەواوی جیهاندا.

تراکتاتۆس نوێنەرایەتی قۆناغی یەکەمی بیروبۆچوون و تێڕامانە فەلسەفیەکانی ڤتگنشتاین دەکات، بەشی دووەمی فەلسەفەکەی کە خۆی لە کتێبی (لێکۆڵینەوە فەلسەفیەکان)

دا گەلاڵەدەکات بەهیچ جۆرێک تەواوکەر و درێژەپێدەری سەرەتای گەشتە فەلسەفیەکەی نییە و هیچ ڕایەڵبەدنییەک لە نیوان ڤتگنشتاینی تراکتاتۆس و ڤتگنشتاینی لێکۆڵینەوە فەلسەفیەکاندا بەدیناکرێت تەنها ئەوە نەبێت کە دواجار هەردووکیان کارکردنێکن لە یەک کێڵگەی فەلسەفیدا، بەڵگەشمان بۆ ئەمە تورهەڵدانی زۆرێک لەو تیۆریا و تێگە بنەڕەتیانەیە کە لە تراکتاتۆسدا بانگەشەی بۆ دەکردن و وێنەیەکی ستاتیکی و ڕەقهەڵهاتووی زمانیان دەنەخشاند، هەرچی وێنە و چەمکاندنی زمانە لە لیکۆڵینەوە فەلسەفیەکاندا رەهەندیکی دینامیکی هەیە و زمان زیاتر پەیوەستکراوە بە بەکارهێنانەوە و لە ڕێگەی چەمکی (گەمەکانی زمان Language– Games) چەمک و بیژە و وشەکان بە زیاد لە ڕێگە و شێوازیک بەگەڕدەخرێن.

تراکتاتۆس ڕووی شێوەییەوە بەڕەچاوکردنی پرەنسیپی گوێزانی ئۆکام (Occam›s Razor و لە رێگەی دەستەواژەی کورت و پوخت و چرەوە دارێژراوە، هەر دەستەواژەیەکیش یاخود بڕگە و ئایدیایەک ژمارەی تایبەت

بەخۆی وەرگرتوە، ڕەنگە هەر ئەم کورتبێژی و چڕبێژیەش هۆکاری ئەو ناڕوونی و ڕاجیایی و دیدلێڵیە بێت کە توێژەرانی ئەم کتێبە لەمەڕ چەمکهایەکی وەک (شت، جیهانی دەرەکی، فاکتی ئەتۆمی... . هتد) دەرگیری بوون و بەناچاری دەست و پەنجەیان لەتەکدا نەرمکردوە، بەهەرحاڵ ئەمە بابەتیکی دیکەیە ناشێت لێرەدا لەسەری ڕاوەستین.

بەشێوەیەکی گشتی تراکتاتۆس لە (7) تێزی بناغەیی پێکهاتووە کە بریتین لە تێزەکانی (1-2-3-4-5-6-7)، بەڵام بە بڕوای خاکیانەی بەندە ناتوانین ڕەهابێژی لەمەدا بکەین، نەخاسمە ئەوەتا ڤتگنشتاین خۆی لە بڕگەی (4-0312) دا دەنوسێت «شیاوەکی پڕۆپۆزیشنەکان بەندە بە بنەمای نوێنەرایەتیکردنی بابەتەکانەوە، بیرۆکەی بناغەیی من ئەوەیە کە: نەگۆڕە لۆژیکیەکان نوێنەرایەتی هیچ شتێک ناکەن...».

### 1. میتۆدی شیکاری (Analytic Method)

میتۆدی کارپێکراو لە تراکتاتۆسدا میتۆدێکی شیکاریە (Analytic)، ئەو دوو بابەتە

سەرەکیەشی لە تراکتاتۆسدا شیکاری دەکرێن بریتین لە هەریەکە لە چەمکەکانی (جیهان) و (زمان).

لە ڕووی زمانەوانییەوە شیکردنەوە بە شیکردنەوەی شتی ئاوێتە دەوترێت بۆ ڕەگەز و بنەما سەرەتاییەکانی. هەرچی لە ڕووی زاراوەییەوەیە بریتیە لە بەشکردنی شتێک (فیزیکی، یاخود مێنتاڵی) بۆ بەشکانی لە بنچینە و تایبەتمەندیەکانی، یان دابڕینی هێندێکە لە هیندێکی دیکە، پاشان لێکۆڵینەوە و لیتوێژینەوەی یەک بە یەکی ئەم بەشانە بۆ گەیشتن بە زانین و درکپێکردنی پەیوەندی نیوانیان و پەیوەندیان بە هی دیکەوە. کەواتە کەسی شیکار دواجار چاو لەوە دەبڕێت، کە رەگەز و پێکهێنەرەکانی بابەتێک دەربخات و شۆڕبیتەوە بە ناواخنی ئەم یەکە و بنەما سادانەدا بەئامانجی دەستگەیشتن بە کۆمەڵێ زانیاری ورد لەمەڕ سروشت و پەیوەندیەکانی ئەم ڕەگەزانە.

جێی خۆیەتی ئەوە بڵێین کە شیکاریخوازی تەنها لە کایەی فەلسەفەدا وەگەڕناخرێت، بەڵکو میتۆدێکی دیاری نیو زۆرێک لەکایە گرنگەکانی

دیکەی هونەر و زانستە و بەشێوەیەکی گشتیش دابەش دەبێت بۆ دوو جۆری سەرەکی:-

### 1-1 شیکردنەوەی ئەستوویی

لێرەدا بابەتی شیکراوە ئەستوویییە و وەک دیاردەیەکی فیزیکی - مادی لە دونیای دەرەکیدا خۆی دەردەخات، نموونەش بۆ ئەم جۆرە شیکردنەوەی ئاوە ($H2O$) بۆ هەریەک لە ڕەگەز و توخمە سەرەکیاکەنی ($H$) و ($O$).

### 2-1 شیکردنەوەی ئەقڵی، یاخود لۆژیکی

شیکردنەوەی ئەقڵی دەکەوێتە سەر بەبەتێکی نائەستوویی، یاخود بابەتە ئەقڵی و لۆژیکیەکان، بۆ نموونە ئەوەی کە فەیلەسوفی گەورە ئیمانوئێل کانت (1724-1804) دەیکات لە دابەشکردنی بڕیارەکان بۆ پێش ئەزموون (A priori) و دوای ئەزموون (A posteriori) لێکۆڵینەوە و قاڵبوونەوە و ڕۆچوون بە ناواخنی هەریەکەیاندا پرۆسەیەکی شیکاری ئەقڵی، یاخود لۆژیکی بوو، بە هەمان شێوە شیکاری زمان لەلای ڤتگنشتاین سەر بەم جۆرەی شیکاریە.

## 2. تێگە وتیوریا بناغەییەکان لە تراکتاتۆسدا

### 2ـ1. جیهان

ڤتگنشتاین سەرەتا بە شیکردنەوەی جیهان گەشتەکەی دەخاتەگەڕ، ئەو پێیوایە جیهان هەموو ئەوەیە کە لەوێیە (تراکتاتۆس:1) و کۆی فاکتەکانە (Facts) نەک شتەکان(تراکتاتۆس: 1-1)، جەغد دەکاتەوە و دەنوسێت جیهان شیدەبێتەوە بۆ فاکتەکان(تراکتاتۆس: 1-2)، فاکتەکانیش فاکتی سەرەتایی-ئەتۆمین(تراکتاتۆس: 2)، ئێرەش دواسنورە کە پرۆسەی شیکاری دەیگاتێ، بەمانایەکی دیکە فاکتە ئەتۆمییەکان بچوکترین یەکەی لۆژیکی جیهانن، ئێمە دەتوانین فاکتە ئاوێتەکان (لێکدراوەکان) شیبکەینەوە بۆ فاکتی ئەتۆمی، وەلێ فاکتی ئەتۆمی تەعبیرە لە سادەیی لە ئەوجی خۆیدا و قابیلی شیکاری نییە، بەڵام فاکتە ئەتۆمیەکان چین؟!

بەبڕوای ڤتگنشتاین فاکتە ئەتۆمیەکان بریتین لە پێکەوەبەستنی شتەکان(تراکتاتۆس: 01-2)، بێژەی (پێکەوەبەستن)یش ئەوە دەگەیەنێ کە تەنها ڕەگەزی فرەیی شت (شمەکەکان) ڕۆڵنابینن لە دروستکردنی فاکتە ئەتۆمیەکاندا، ئاشکرایە

کۆمەڵێک شمەک بەبێ بوونی هاوبەندی و پەیوەندیەک فاکت دروستناکەن، هەروەک چۆن واژەکانی (زایەڵە، چرپا، کازیوە، پێنووس) ناتوانن ببنە دەستەواژەیەکی واتا بەخش لە زماندا، کەواتە فاکتە ئەتۆمیەکان بریتین لە کۆمەڵێک شت بە ڕێکخستن و پێکەوەبەستنێکی دیاریکراو. بەڵام دەبێت ئاگاداری ئەوەبین کە (شت) لێرەدا ڕەگەرێکی شیکراوە نییە، شت – شمەک زادە و دەرەنجام و لێکەوتەی شیکاری فاکتە ئەتۆمیەکان نییە، ڕاستە شت واتای ناوە(تراکتاتۆس: 203-3)، وەلێ (شت) بۆ ئەوەی (شت) بێت دەبێت لە فاکتێکدا بێت، فاکتەکان ئەو چوارچێوەیەن کە تیایاندا (شت) دەچەمکێندرێت و وێنادەکرێت، وەک ڤتگنشتاین لە بڕگەی) 011-2) دا دەڵێت» بۆ شت گەوهەریە کە بتوانێت بەشێک بێت لە فاکتەکان»، بە کورتی تەسەوری بوونی (شت) ناکرێت گەر توخمێک، رەگەزێک، بەشێک، یاخود پێکهێنەرێک نەبیت لە هاوکیشەیەکی دیاریکراودا، بێژەی (ئاسمان) شت نییە تا خۆی نەخزێنێتە دووتوێی فاکتێکی وەک (ئاسمان ساماڵە).

### 2-2. زمان

زمان کۆو سەرجەمی پڕۆپۆزیشن، یاخود دەستەواژەکانە (تراکتاتۆس: 4)، وەکچۆن پێشتر بینیمان کە فاکتی ئەتۆمی بچوکترین یەکەی شیکراوەبوو، لێرەشدا پڕۆپۆزیشنە سەرەتاییەکان - ئەتۆمیەکان دوا سنوری پڕۆسەی شیکارین.

خالیک کە فتگنشتاین پیداگیری لەسەر دەکات و لە ڕیزی حەوت تێزە بناغەییەکاندا جێپیدەگرێت ئەوەیە کە پڕۆپۆزیشنە لێکدرەوەکان هاوبەندی ڕاستی پڕۆپۆزیشنە ئەتۆمیەکانە، وەلێ پڕۆپۆزیشنی ئەتۆمی هاوبەندی ڕاستی خۆیەتی(تراکتاتۆس: 5)، بەو مانایەی ڕاستی و دروستی پڕۆپۆزیشنی ئاوێتەی (D K) پەیوەست و هاوبەندی راستی هەریەک لە پڕۆپۆزیشنە ئەتۆمیەکانی (K) و (D) یە.

### 3-2. تیوریای وێنەگری زمان

پەیوەندی زمان (پڕۆپۆزیشن) بە جیهانەوە (فاکت) پەیوەندی وێنەیە بە وێناکراوەوە، ڤتگنشتاین لە بڕگەی (2، 01) دا دەنوسێت

(ئێمە بۆ خۆمان وێنەی فاکتەکان دەکێشین)، ئەم وێنە کێشانەی واقعیش دواجار لە زماندا گەڵاڵە دەبێت، ئەمەش تیوری وێنەگری زمانە کە یەکێکە کە تیوریا هەرە بنەڕەتیەکانی تراکتاتۆس (هەرچەندە دواتر لە کتێبی لێکۆڵینەوە فەلسەفیەکاندا کە نمایندەی قۆناغی دووەمی هزری ڤتگنشتاینە لێی پەشیمان دەبێتەوە و زمان زیاتر گرێدەدات بە بەکارهێنانەوە).

سەبارەت بە چۆنییەتی دروستبوونی ئەم وێنانەش لە بڕگەی (4، 0311) دا دەنوسێت «ناوێک بەرامبەر بە شتێکە، یەکێکی دیکە بەرامبەر شتێکی دیکەیە و لە نێوخۆیاندا بەیەکەوە بەستراونەتەوە، تێکڕاییەکە وەک وێنەیەکی زیندوو فاکتەکان وێنا دەکات».

هەرچی پەیوەندی نێوان هزر و زمان و وێنەیە، ڤتگنشتاین لەو بڕوایەدایە، کە زمان جەستەی وێنەیە و وێنەکانیش بیرۆکە و هزرن، بۆ نموونە دەستەواژەکانی (ئاسمان ساماڵە)، (زەوی بە دەوری خۆردا دەسوڕێتەوە) هەر یەکەیان وێنەن بۆ فاکتێکی دیاریکراو، یەکەمیان وینەی دۆخێکی تایبەتی کەش و هەوایە و

دووەمـیـان وێنەی فاکتێکی کۆسمۆلۆجیمان نیشاندەدات، ئەم وێنانە بیرۆکەن و لە زماندا خۆیان مانیفێست کردوە، هەر لێرەشەوە دەگەینە ئەو دەرەنجامەی، کە بیرۆکە و هزر هیچ نین، جگە لە پڕۆپۆزیشنێکی پڕواتا. (تراکتاتۆس: 3 و 4).

### 2ـ4. پڕۆپۆزیشنەکان

سـەرەکـیـتـریـن پـرسـێـک کـە ڤیتگنشتاین سەرگەرمانە لە تەکیدا دەرگیرە (هەڵبەت لە نێو چەندین پرسی گرنگی دیکەدا) بریتیە لەو جیاکاریەی کە لە نێوان ئـەم سێ جۆرە لە پرۆپۆزیشندا دەیکات:-

#### 2ـ4ـ1. پڕۆپۆزیشنی پڕواتا

ئەمجۆرە لە پڕۆپۆزیشن وێنەی فاکتەکان دەگرن، بەڵام مەرج نییە ئەم وێنەیەی لەهەناوی پڕۆپۆزیشـنـەکـەدا خـۆی مـەڵاسـداوە وێنەی راستەقینەی فاکتەکان بن، پڕۆپۆزیشنەکان (وێـنـەکـان) وەک دەسـتـەواژەگـەلـێـکـی پـڕواتـا شیمانەی ڕاست، یاخود هەڵە هەڵدەگرن بەگوێرەی

هاتنەوە و تەماهیکردن لەتەک ئەو فاکتانەی کە وێنایاندەکەن، یاخود بەگوێرەی هاتنەوە لەتەک بوونی دەرەکیدا(تراکتاتۆس:2-222)، پڕۆپۆزیشنی (ئاسمان سامالە) واتابەخشە گەر ئاسمان سامالیش نەبێت، لەبەرئەوەی دواجار ئەم پڕۆپۆزیشنە قودرەت و پۆتاسیۆنی وێنەگرتنی فاکتێکی هەیە.

لێرەشەوە دەگەینە بەرەنجامێکی بێئەنداز سەراسیمەکەر ئەویش ئەوەیە، کە لەلای ڤتگنشتاین دەکرێت پڕۆپۆزیشن لەتەک فاکتە وێنەگیراوەکاندا نەیەنەوە یەک وەلێ واتابەخش بێت، بەمانایەکی دیکە پرۆپۆزیشنی هەڵە دەکرێت واتابەخش بێت.

**2-4-2. پڕۆپۆزیشنی بێواتا (بۆش)**

ئەم جۆرەیان وێنەی فاکتەکان ناگرن، کەواتە نە ڕاستن وهەڵەن لەبەر نەبوونی فاکتێک تا بتوانین بەرمەبنای کاری بەراوردکاری بکەین و حوکم لە دروستی بدەین، گوتاری میتافیزیکیش وەک بەشێک لە جەستەی فەلسەفە بەمانا کلاسیکیەکەی دەچیتە ئەم خانەوە.

### 2-4-3. پرۆپۆزیشنی دەر- واتا

ئـەم جـۆرە لـەنـێـوان دوانــەکــەی دیـکـەدا جـێـدەگـرن، وێـنـەی فـاکـتـەکـان نـاگـرن وەک جۆری یەکەم، وەلی بێواتاشنین وەک ئەوەی لەجۆری دووەمدا بینیمان، ئەمانە پرۆپۆزیشنە لۆژیکیەکانن کە بەبڕوای ڤتگنشتاین سەرجەمیان هـاوبـێـژیـن (تـۆتـۆلـۆجـی- تحصیل حـاصـل)، ئەمانە هیچیان نییە بۆ وتن، ئەوەی دەشیلێن بە ناچاری دروستە. بۆ نمونە دەستـەواژەی (ئاسمان سامالە، یاخود سامالٚ نییە)، دروستە بەشێوەیەکی پێشینەیی (A priori)، هەمان حوکمیش دروستە سەبارەت بەوەی پێیدەوترێت دژیەکی وەک دەستەواژەی (ئاسمان سامالٚ و سامالٚ نییە). (تراکتاتۆس:4-461 و 4-464 و 6-1 و 11-6)

جێگەی خۆیەتی لێرەدا ئاماژە بەوە بدەین، کە خالٚی هاوبەش لەنیوان جۆری دووەم و سێیەم ئەوەیە، کە هیچیان وێنەی فاکتەکان ناگرن، ئـەم دوو جـۆرە تـەنها بوونێکی زمانەوانیان هەیە، هیچ پردێک بە واقیعەوە نایانبەستێتەوە، بەپێی ڕێسا گشتیەکەی ڤتگنشتاینیش ئەوەی خۆیدەربخات و فاکت دەرنـەخـات ناتوانرێت

بوترێت، ئەوەشی نەشتوانرێت بوترێت پێویستە بێدەنگەی لێبکەین، وەلێ جیاوازیشیان هەیە و لەبەشەکانی داهاتووداو لە شوێنی گونجاوتردا ئاماژەیان بۆ دەکەین.

### 3. فەلسەفە لە تراکتاتۆسدا

دوا ئامانجی تراکتاتۆس وەک لە پێشەکیەکەیدا ئاماژەیەکی سەرپێی بۆ کراوە بریتە لە دیاریکردنی ئەوەی کە دەتوانرێت بوترێت، سەرەنجام دەسنیشانکردنی ئەو سنورەش کە پێویستە بێدەنگەی تێدابکەین.

بە بڕوای ڤتگنشتاین پرۆپۆزیشنەکانە فەلسەفیەکان لە وتن نەهاتون و لە بڕگەی (4-003) دا دەنوسێت «زۆربەی پرسیار و دەستەواژە فەلسەفیەکان ڕاست یاخود هەڵە نین، بەڵکو بێواتان... . . »، بۆیە بە بڕوای ئەو پێویستە فەلسەفە چاوببڕێتە شرۆڤە و ڕونکردنەوەی بیرۆکە و ئایدیاکان، فەلسەفە ناشێت و ناکرێت خۆبە خۆ شتێک بڵێت، تاکە کاری ئەو بریتیە لە شرۆڤە و ڕوونکردنەوەی ئەوەی کە وتراوە، بەواتایەکی دیکە فەلسەفە

تەنها ڕەخنەگرتنی زمانە (تراکتاتۆس: 0031–4)، لە کۆتا بڕگەی تراکتاتۆسیشدا (بڕگەی 7) کە زیاتر لە ئامۆژگاری دەچێت ڤتگنشتاین دەنوسێت» ئەوەی مرۆڤ نەتوانێت لەبارەیەوە بدوێت، پێویستە بێدەنگەی لێبکات».

**3ـ1. میتافیزیك**

بەشێوەیەکی گشتی فەیلەسوفەکان لە دیدگایەکی میتافیزیکیەوە گەشتە فەلسەفیەکانیان دەسپێدەکرد، وەلێ لە فەلسەفەی مۆدێرندا – بەتایبەت– شاهیدی ئاقار و ڕەتێکی تولانی فەلسەفین کە دژی بە میتافیزیک کاردەکات، ئیمانوئێل کانت لە دیارترینی فەیلەسوفانی ئەم ڕەوتەیە و کتێبەکەی (ڕەخنە لە ئاوەزی پەتی) یش باشترین بەڵگەیە بۆ ئەمە، وەلێ کانت پاش ئافەرۆز کردن و تورهەڵدانی میتافیزیک لەدەرگاوە، کەچی لە پەنجەرەوە و لەرێگەی چەمکگەلێکی وەک (ئازادی) و (فەرمانی ڕەها) و (ویستی چاکە) و چەندانی دیکەوە جارێکی دیکە میتافیزیک دەخزێنێتە نێو سیستمە فەلسەفیەکەیەوە.

ئەم ڕەوتە درێژە دەکێشی و ڕادیکاڵتر دەبێت، بەشێوەیەک لە بازنەی ڤیەنادا دەگاتە ئەوجی خۆی، کاتێک کە فەیلەسوفانی بازنەکە بانگەشەی ئەوەیانکرد کە فەلسەفە تا ئەو سەردەمە بەم (3) جۆرە لە کێشەوە دەرگیربووە:-

- کۆمەڵێک کێشە و پرسیار دەربارەی بابەتە ئەزموونی ئیمپریکی، ئەمانە کێڵگەی زانستە ئەزموونییەکانن.

- هەندێک پرس و کێشەی پەیوەندیدار بەزمانەوە، ئەمانە دەکرێت لە ڕێگەی ڕوونکردنەوەی چەمک و دەستەواژەو پرۆپۆزیشنەکانەوە دەربازبین لێیان.

- پرس و کێشەی میتافیزیکەکان، کە بێوەڵامن.

بەمشێوەیە کۆڕ، یاخود بازنەی ڤیەننا نەک هەر خۆیان لە میتافیزیک تەرێز دەکەن، بەڵکو بەیداخی مەرگی فەلسەفەشیان بەرزکردەوە. ڤیتگنشتاینیش سەر بەم ئاقارە فەلسەفیەیە، وەک ئاماژەمان پێدا لەلای ئەم جیهان ئەوەیە، کە لەوێیە و کۆو تێکڕای فاکتەکانیشیەتی، واتە ئەوەی هەیە فاکتە و هەڵکەوتەی لە

ئارادابووە، ئەم دیدگا ئۆنتۆلۆژیە بۆ جیهان بە تەواوەتی میتافیزیک دووردەخاتەوە، بەوپێیەی فەکتەکان پێکەوەبەستنی شتەکانن. لێرەشەوە دەگەینە ئەو ئەنجامگیریەی کە جیهانێکی وەک جیهانی فۆڕمەکانی پلاتۆ و نۆمینای کانت و جیهانی ویست لای شۆپنهاوەر بوونی نییە، ئەوەی هەیە ئەم جیهانە و فاکتەکانییەتی. بەکورتی میتافیزیک، یاخود وردتر بڵێین ئەو فۆڕمەی میتافیزیک کە هەڵگری بانگەشەی جیهانێکی دیکەی نائەستوویە جێگای نییە لە تراکتاتۆسدا.

### 3-2. ئاکار و ئێستاتیکا

بەبڕوای ڤتگنشتاین دەستەواژە و بنەما نۆرماتیڤەکان لەوانەن کە ناشێت بگوترێن، ئەمەش دەرەنجام و لێکەوتەیەکی حەتمی چەسپاندنی تیوریای (وێنەگری زمانە). لەبەر ئەوەی پڕۆپۆزیشنە ئاکاری و ئیستاتیکیەکان ناتوانن وێنەی فاکتەکان بگرن. (تراکتاتۆس:42-6 و 421-6).

ڤتگنشتاین پێیوابوو کە دوالیزمەی (چاکە-خراپە)، بوونێک نین لە جیهاندا و خاسیەت و تایبەتمەندی جیهان نین، جیهان لە خودی خۆیدا- گەر بۆمان هەبێت ئەم بێژە کانتیە وەگەڕخەین- نە چاکە نە خراپ، نە جوانە نە ناشرین، ئەوەشی سەرچاوە و کانگای چاکە و خراپە سوبێکتە (Subject) و ئەمیش سەر بە جیهان نییە. بەو مانایەی کە جیهان خالیە لە حوکمی ئەخلاقی، لەبەر ئەوەی دواجار ئەخلاق و ئیستاتیک وابەستەی خودن و خودیش سەر بە جیهان نییە، ئەو وەک چاو وەهایە، شتەکان دەبینێ وەلێ خۆی ناکەوێتە بواری بینینەوە (تراکتاتۆس: 41-6 و 631-5 و 63331-5).

### 3_3. لۆژیك

#### 3_3_1. پرۆپۆزیشنە لۆژیکییەکان هاوبێژین

پێشتر ئاماژەیەکی خێرامان بۆ ئەوەکرد، کە لۆژیک لە تراکتاتۆسدا بریتیە لە هاوبێژی (تۆتۆلۆژی) و دژیەکی (پارادۆکس)، ئاماژەشمان بۆ ئەوەکرد کە ڕاستی و دروستی هەریەک لەم دوانە وابەستەی فاکتەکان نییە، پرۆپۆزیشنە

تۆتۆلۆژیەکان بە شێوەیەکی پێشینەیی دروستن و ناکۆکەکانیش نادروست، یاخود وەک ماک دونوە (Mc Dounough) دەڵێت لە هاوبێژیدا ئێمە لەبەردەم ئاماژەدان بەخود داین (Self- Reference)، ئاماژەدانیش بە خود بەو مانایەی کە دەستەواژە لۆژیکیەکان هەڵگری وەڵامی (ڕاست یاخود هەڵە) بوونی خودی خۆیانن بەبێ کاری بەراوردکاری لەتەک فاکتێکی دەرەکیدا.

### 3ـ3ـ2. نەگۆڕە لۆژیکیەکان نمای هیچ نین

هەرچەندە نەگۆڕە لۆژیکیەکان پەیوەندی و وابەستەیی لە نیوان پرۆپۆزیشنەکاندا دادەمەزرێنن، بەڵام خودی خۆیان نوێنەرایەتی هیچ ناکەن. (تراکتاتۆس: 42-5)

### 3ـ3ـ3. پرۆپۆزیشنە لۆژیکیەکان وێنەی جیهانن

لە بەشەکانی ڕابردودا پرسیارێکمان وروژاند، ئەویش ئەوەبوو کە بۆچی پرۆپۆزیشنە دەرواتاکان ناچنە خانەی (بێمانا) وە؟! یاخود

جیاوازی چیە لە نێوان پرۆپۆزیشنە دەرواتا و بێواتاکاندا؟

گەر بە وردی ڕۆبچینە ناواخنی تراکتاتۆسەوە دەبینین، کە ئەم جۆرە لە دەستەواژە بەتەواوی خۆی لە جیهان دانەبڕیوە، لەڕاستیدا هەمانگۆی و ناکۆک بێواتانین، بەڵکو ئەوان سەر بە جیهانی سومبولین وەک چۆن (0) سەر بە ڕێبازی سیمبولی ژمارەیە، یاخود ئەوان دەرخەری لۆژیک و پەیکەری جیهانن. وبیرکاریش وەک میتۆدێکی لۆژیکی سەربەم جۆرەیە و هیچ دەرنابڕێت. (تراکتاتۆس: 124-6 و 2-6 و 21-6)

#### 4. زانست وەك تاكە كایەی گوتراو

بە بڕوای ڤتگنشتاین جگە پڕۆپۆزیشنەکانی زانستە سروستیەکان سەرجەم پڕۆپۆزیشنەکانی دیکە بەتایبەت فەلسەفیەکان لە وتن نەهاتوون، ئەو لە بڕگەی (11-4) دا دەنووسێت «تێکڕای دەستەواژە پڕماناکان سەرجەمی زانستی سروشتە یان تێکڕای زانستە سروشتیەکانن».

ئەوپرسیارەی کە خۆیقوتدەکاتەوە لێرەدا

ئەوەیە کە ئایە خودی تراکتاتۆس لە وتن هاتووە؟ مەگەر خودی تراکتاتۆسیش لەدەرەوەی پرۆپۆزیشنەکانی زانستە سروشتیەکان نییە؟!

کارڵ پۆپەر (1902-1994) بۆ خۆ دەربازکردن لەرەخنەیەکی هاوشێوە پەنا بۆ ئەوەدەبات کە پرەنسیپی (فۆلسەبڵیتی Fouls ability) کە بەبڕوای ئەو داوپێنگی جوداکردنەوەی زانستە لە نازانست دەکەوێتە بۆتەقەی فەلسەفەی زانستەوە نەک خودی زانست، واتە ناتوانین ئەم پرەنسیپە بەسەر خۆیدا بچەسپێنین، لەبەرئەوەی ئەوە زانستە کە دەبیت ملکەچی ئەم پرەنسیپە بێت نەک فەلسەفەی زانست.

هەرچی ڤتگنشتاینە بەمشێوەیە دەرگیری ئەم پرسە دەبێت و لە برگەی (54-6) دا دەنووسێ» دەستەواژەکانم بەو رێگایە ڕووندەکەمەوە: کە کەسێک لەمن تێدەگات لە کۆتایدا بەبێ واتایان دەزانێ، ئەگەر بەهۆیانەوە سەرکەوێتە سەرەوە تێیان دەپەڕێنێ (ئەو دوای ئەوەی کە سەردەکەوێ وەک پەیژە پڕێی دەدات...).

**- بۆ زیاتر بڕوانە:**

لودفیک فتغنشتاین, تحقیقات فلسفیه, ترجمه: د. عبد الرزاق بنور, مرکز دراسات الوحده العربیه, بیروت 2007, الفقرتان (1 و 2).

– بە گوێرەی ئەم بنەمایە ناتوانین بوونەوەر و شتەکان بەبی هیچ بیانوویەک زیاد و فرە بکەین. بۆ زیاتر لەمەڕ ئەم پرەنسیپە بڕوانە: جمیل صلیبا , المعجم الفلسفی – الجزو الپانی. دار الکتاب اللبنانی. بیروت , 1982, ص 469.

– لۆدڤیگ ڤتگنشتاین، توێژینەوەیەکی لۆجیکی فەلسەفی (تراکتاتۆس) وەرگێڕانی لە ئەڵمانیەوە: د. حەمید عەزیز، ناوەندی مێژوویی جەمیل ڕۆژبەیانی، 2015.

– جعفر الحسینی, معجم مصطلحات المنطق (عربی– انجلیزی– فرنسی), دار الاعتصام للگباعه والنشر, ب. س. ن, ص65.

– لەساڵی 1929 نامیلکەیەک لە ژێر ناونیشانی (تێگەیشتنی زانستیانەی جیهان–کۆڕی ڤیەننا) بڵاوکرایەوە، لە پێشەکیەکەیدا ناوی هەر یەک لە (هانزمان، ئۆتۆنیوران، ڕۆدۆلف کارناپ) هاتووە، ئەم نامیلکەیە یەکەم مانیفێستی (بازنەی ڤیەننا) بوو بەسەرۆکایەتی (مۆریتس شلیک)، وتیایدا نیگەرانی خۆیان لەمەڕ بڵاوبوونەوە و پەخشبوونەوەی هزری میتافیزیکی و لاهوتی دەربڕیوە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : د. حەمید عەزیز، فەلسەفەی سەردەم لە ئەوروپا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، 2012، ل 160 و دواتر.

– هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل 164.

Mc Dounough, The Argument of the – Tractatus, state University of New York, 1986, .P. 7

– بە گوێرەی ئەم بنەمایە بانگەشەیەک زانستیە گەر هات شیمانە و ئەگەری بەهەڵەخستنەوەی لەخۆگرتبوو.

– دکتۆر فاروق رەفیق، کۆرسی فەلسەفەی زانست، کلاسی تایبەت بە کارل پۆپەر، سلێمانی، 2016.

# بەرهەمە چاپکراوەکانی دەزگای ئایدیا

| ژ | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە کیرکە گۆر | شۆڕش مستەفا | | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە کارل پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | لوقمان ڕەئوف | | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | سەرهەنگ عەبدولڕەحمان | | 214 |
| 10 | ئاشنابوون بە جان جاك ڕۆسۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤید هیوم | مستەفازاهیدی | | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | عەتا جەمالی | | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 16 | ئاشنابوون بە ئەریك فرۆم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون بە قوتابخانەی فرانکفۆرت | عوسمان حەمە ڕەشید | | 2014 |
| 18 | ئاشنابوون بە بزووتنەوەی فێمێنیزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و شێتی | بازگر | | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون بە سیکۆلاریزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 23 | ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف | لوقمان ڕەئوف | | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون بە یۆرگن هابرماس | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون بە دریدا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 26 | مەکری ئیسلامییەکانی کوردستان | ماجید خەلیل | | 2013 |
| 27 | کتێبی سور | ماوتسی تۆنگ | فازڵ حسێن مەلا ڕەحیم | 2014 |
| 28 | سەیران بۆ سەرێکانێ | ستران عەبدوڵڵا | | 2014 |
| 29 | گەندەڵی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 30 | یوتۆپیا | کۆمەڵێک نوسەر | پێشەوا فەتاح | 2015 |
| 31 | لەقەندیلەوە بۆ کوبانێ | ئەنوەر حسێن - شۆڕش مستەفا | | 2015 |
| 32 | پرۆیسترۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن (بازگر) | | 2015 |
| 33 | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەک | بریتا بولەر | رێکەوت ئیسماعیل | 2015 |
| 34 | داعش و داعشناسی | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 35 | گروپی قەیرانی چارەسەری پرۆسەی ئاشتی نێوان تورکیاو پەکەکە | ماجد خەلیل | | 2015 |
| 36 | گۆڕینی رژێم و شۆڕشەکان، ئەو رووداوانەی سیستمی سەدەیەکیان سڕییەوە | سەجعان میلاد ئەلقزی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2015 |
| 37 | ئاشنابوون بە بێرکلی | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 38 | ئاشنابوون بە باشلار | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 39 | ئاشنابوون بە دیکارت | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 40 | ئاشنابوون بە هایدگەر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 41 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز – بەرگی یەکەم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 42 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز – بەرگی دووەم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 43 | ئاشنابوون بە هانا ئارێنت | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 44 | ئاشنابوون بە هیگڵ | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 45 | ئاشنابوون بە سارتەر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 46 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 47 | ئاشنابوون بە ڤۆڵتێر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 48 | ئاشنابوون بە سلاڤۆی ژیژەک | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 49 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی یەکەم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 50 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی دووەم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 51 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی سێیەم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 52 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی چوارەم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 53 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی پێنجەم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 54 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی شەشەم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 55 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی حەوتەم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 56 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی هەشتەم | جەلال حەمید | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 57 | بۆچی مارکس لەسەر حەق بوو | تێری ئیگڵتۆن | پێشرەو محەمەد | 2015 |
| 58 | خەوتن لەگەڵ شەیتان | رۆبێرت بایەر | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |
| 59 | ئاشنابوون بە فیورباخ | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 60 | ئاشنابوون بە تۆماس مۆر | وریا غەفوری | | 2015 |
| 61 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 62 | ئاشنابوون بە گرامشی – بەرگی یەکەم | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 63 | ئاشنابوون بە گرامشی – بەرگی دووەم | ئومێد عوسمان | | 2015 |
| 64 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 65 | ئاشنابوون بە دیموکراسی | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 66 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ – بەرگی یەکەم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 67 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ – بەرگی دووەم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 68 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ – بەرگی سێیەم | مستەفا زاهیدی | | 2015 |
| 69 | ئاشنابوون بە ئەرکون | د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد | | 2015 |
| 70 | ئاشنابوون بە فۆکۆ | جەبار ئەحمەد | | 2015 |
| 71 | ئاشنابوون بە تۆماس ئەکیونی | ماجید خەلیل | | 2015 |
| 72 | ئاشنابوون بە ئەنگڵس | ئارۆ هەورامی | | 2015 |
| 73 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل – بەرگی یەکەم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 74 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل – بەرگی دووەم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 75 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل – بەرگی سێیەم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 76 | ئاشنابوون بە جاک لاکان | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 77 | ئاشنابوون بە لایبنتز | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 78 | ئاشنابوون بە میکاڤیلی | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 79 | مارکس کێ بوو | د.عبدلعلی مقبل | مەجید مارابی - جەواد حەیدەری | 2015 |
| 80 | حركة الحداثة فی الشعر الكردی | د.سەروەر عەبدوڵڵا | | 2015 |
| 81 | فیتنه | هشام جعیط | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 82 | داعش و میلیشیاکان | ئەنوەر حسێن | 2016 |
| 83 | ئاشنابوون بە پۆڵ ریکۆر | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 84 | ئاشنابوون بە ئاڵتۆسێر | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 85 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | 2016 |
| 86 | ئاشنابوون بە پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 87 | ئاشنابوون بە دۆرکهایم | ئارام مەحمود - دانا لەتیف جەلال | 2016 |
| 88 | ئاشنابوون بە دریدا | ئارام مەحمود | 2016 |
| 89 | ئاشنابوون بە لیوتار | ماجید خەلیل | 2016 |
| 90 | ئاشنابوون بە لینین - بەرگی یەکەم | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 91 | ئاشنابوون بە لینین - بەرگی دووەم | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 92 | ئاشنابوون بە ترۆتسکی | پێشڕەو محەمەد | 2016 |
| 93 | ئاشنابوون بە بێرتراند راسڵ | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 94 | ئاشنابوون بە پۆپۆلیزم - بەرگی یەکەم | ب. لیڤا | 2016 |
| 95 | ئاشنابوون بە پۆپۆلیزم - بەرگی دووەم | ب. لیڤا | 2016 |
| 96 | ئاشنابوون بە ئەفلاتون | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 97 | ئاشنابوون بە رۆزا لۆکسۆمبۆرگ | ئاکام بەسیم | 2016 |
| 98 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 99 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | شاسوار کەمال | 2016 |
| 100 | ئاشنابوون بە تۆتالیتاریزم - بەرگی یەکەم | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 101 | ئاشنابوون بە تۆتالیتاریزم - بەرگی دووەم | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 102 | ئاشنابوون بە مانفێستی حزبی کۆمۆنیست | موصڵح شێخ شیسلامی | 2016 |
| 103 | سێگۆشەی گڕگرتوو | سابیر عەبدوڵلا کەریم | 2016 |
| 104 | دەروازەیەك بۆ ناسینی جەنگی عێراق - کوەیت | هەڵگورد جەلال | 2016 |
| 105 | گەشتی دوورو درێژی ئەتۆمی ئێران تێچوون و مەترسییەکانی | سۆران عەلی | 2016 |
| 106 | چەتەکانی دەریا لە باشوری خۆرهەڵاتی ئاسیا، خۆرئاوای ئەفریقیاو سۆماڵ | هەڵگورد جەلال | 2016 |
| 107 | خەبات لەپێناو فرەییدا دوای شۆڕشەکانی باکوری ئەفریقیا | سۆران عەلی | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 108 | جوڵانەوەی ئەمازیغی و دینامیکیای ژیانی سیاسی لیبیا | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2016 |
| 109 | نەوت و گازی شیلی ئەمەریکاو ئاکامە جیۆپۆلۆتیکەکانی | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 110 | کۆچ لە جیهانێکی بێئۆقرەدا | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2016 |
| 111 | تیرۆر، تیرۆریزم و تیرۆریزمی نێودەوڵەتی | ڕێباز مستەفا | 2016 |
| 112 | چین و سیستەمی بازرگانی جیهانی | بابان ئەنوەر | 2016 |
| 113 | ئومێدی خۆرهەتاوی من | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | 2016 |
| 114 | ئازادی و خیانەت لە ئازادی | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 115 | فاکتەرەکانی سەرهەڵدانی ڕەوتە ئیسلامییەکان | فوئاد مەجید میسری | 2016 |
| 116 | کورد و ئیسلام لە یەکتربردا | نەوزاد جەمال | 2016 |
| 117 | کارل مارکس و لیۆن ترۆتسکی | بابان ئەنوەر | 2016 |
| 118 | مارکسیزم لە هەزارەی سێیەمدا | بژار سەردار - ئازاد ئارمان | 2016 |
| 119 | چوار سندوق | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 120 | گفتوگۆ | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 121 | سەڵتەکان | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 122 | چیرۆکی ورچەکانی پاندا | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 123 | وردە تاوانەکانی ژیانی هاوسەرێتی | مەریوان هەڵەبجەیی | 2016 |
| 124 | کورد و مێژووی جەژنی نەورۆز | د.کەیوان ئازاد ئەنوەر | 2016 |
| 125 | ئەو شتانەی لێیان بێدەنگ بووم | ساراڵ فەهمی شەریف - هێمن تاهیر | 2016 |
| 126 | چۆن ئیسلامی میانڕەو دەبێتە کارگەی بەرهەمهێنانی تیرۆر؟ | سۆران سێوکانی | 2016 |
| 127 | ئومێد بە زیندووی بهێڵەرەوە | یاسین محەمەد عەلی - هێمن تاهیر | 2016 |
| 128 | باوەڕدارە تیرۆریستەکە | سۆران عەلی | 2016 |
| 129 | پێغەمبەرو پرۆلیتاریا | پێشڕەو محەمەد - هێرۆ خوسرەوی | 2016 |
| 130 | مارکسیزم چۆن کاردەکات | بابان ئەنوەر | 2016 |
| 131 | ئامانجی فەلسەفە | شاسوار کەمال | 2016 |
| 132 | پرسی ژن | عادل عەلی | 2016 |
| 133 | چەپی نوێ | د.ئەکرم میهرداد | 2016 |
| 134 | نامیلکەی لێبوردەیی | فەرشید شەریفی | 2016 |
| 135 | یاداشتەکانی جەنگ | ستران عەبدوڵڵا | 2016 |
| 136 | ژنێك لە نێو سەردەستەی میلیشیاکاندا | دڵشاد محەمەد - هێمن تاهیر | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 137 | مارکس و ڕەخنەی سیاسەت | هاوار محەمەد | 2016 |
| 138 | لە بڵاوکردنەوەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان | یوسف محەمەد بەرزنجی | 2016 |
| 139 | فەلسەفە لە ئێستادا | دانا شوانی | 2016 |
| 140 | تێۆری زانینی زانستیانە | د.حەمید عەزیز | 2016 |
| 141 | مارکس و ئازادی | دانا شوانی | 2016 |
| 142 | شرۆڤەی ئەفسانەی سیزیف | ئیسماعیل ئیسماعیل زادە | 2016 |
| 143 | سەلەفییەت لە کوردستانی ئێران | ماجد خەلیل | 2016 |
| 144 | هەژمونی نەوت | سۆران عەلی | 2016 |
| 145 | دەوڵەت | سمکۆ محەمەد | 2016 |
| 146 | مێژوی ئابوری جیهان | محەمەد چیا | 2016 |
| 147 | لە تۆڵەیتۆڵەوە بۆ ناوزەنگ | خەڵەف غەفور | 2016 |
| 148 | پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکان لە تورکیا | محەمەد فاتح | 2016 |
| 149 | دەقی شیعری کوردی لە ڕوانگەی سیمیۆلۆژییەوە | د.لوقمان ڕەئوف | 2016 |
| 150 | تیۆری چوارەمی سیاسەت | وریا غەفوری | 2017 |
| 151 | هونەری شێوەکاری نوێ | ڕامیار مەحمود | 2017 |
| 152 | جیهانگیری لە ڕوانگەی جیاوازەوە | حەسەن بارام | 2017 |
| 153 | پاکستان و گۆڕانیەکانی ناوخۆو دەرەوە | بابان ئەنوەر | 2017 |
| 154 | پەیوەندی ئێران و هندستان | ماجید خەلیل | 2017 |
| 155 | چین و ئێران | محەمەد چیا | 2017 |
| 156 | ژنان لە بەهاری عەرەبیدا | ئەرسەلان حەسەن | 2017 |
| 157 | سیستمی نێودەوڵەتی هێز یان دادپەروەری | ئارام مەحمود ئەحمەد | 2017 |
| 158 | ڕکابەری ئەمەریکاو ئێران لە ئەمەریکای لاتین و ئەفەریقیا | کۆشان عەلی زەمانی | 2017 |
| 159 | کاریگەرییەکانی دابەزینی نرخی نەوت | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2017 |
| 160 | پێگەی ئێران لە خۆرهەڵات ناوەڕاستدا | بەختیار ئەحمەد ساڵح | 2017 |
| 161 | مۆریتانیا وڵاتێکی درەوشاوەی کەنارو بیابان | شاناز هیرانی | 2017 |
| 162 | هەرێمی کوردستان و ململانێ ناوچەییەکان | ئەنوەر حسێن (بازگر) | 2017 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 163 | فەلسەفەی هانا ئارێنت | ئارام مەحمود | 2017 |
| 164 | نەوت بەرامبەر زەوی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2017 |
| 165 | پوختەی سەرمایەی مارکس | بابان ئەنوەر | 2017 |
| 166 | چوارینەی دیموکراسی | رەنجەی نابینا | 2017 |
| 167 | نفوذ الهلال الشیعی فی الشرق الاوسط | عەلی محەمەد صالح | 2017 |
| 168 | هەڵسەنگاندنی دەسەڵاتی نەرمی قەتەر | ئەرسەلان حەسەن | 2017 |
| 169 | سۆفیزم لە ئاسیای ناوەڕاستدا | عەبدوڵڵا مەلا ئەحمەد | 2017 |
| 170 | لە ئیسلامی قورئانەوە بۆ ئیسلامی فەرموودە | سۆران سێوکانی | 2017 |
| 171 | مێژووی درۆ | هاوار محەمەد | 2017 |
| 172 | پرسی کورد | ماجید خەلیل | 2017 |
| 173 | پۆست کۆمۆنیزم | ئەرسەلان حەسەن | 2017 |
| 174 | پرۆگرامە ئەتۆمییەکان | جەواد حەیدەری | 2017 |
| 175 | پەیوەندی روسیا و ئەمەریکا | ئەرسەلان حەسەن | 2017 |
| 176 | دەربارەی میواندۆستی | هاوار محەمەد | 2017 |
| 177 | بەرەو ئاشتی هەمیشەیی | رێبین رەسوڵ | 2017 |
| 178 | رۆشنگەری چییە؟ | رێبین رەسوڵ | 2017 |
| 179 | چەند لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی و رۆژنامەوانی | یوسف ئەحمەد مەنتك | 2017 |
| 180 | سەرەتایەك لەسەر ئاسایشی سروشتی | ئەرسەلان حەسەن | 2017 |
| 181 | مێژووی پەیەدە | ماجید خەلیل | 2017 |
| 182 | کتێبی سور - چاپی سێیەم | فازڵ حسێن مەلا رەحیم | 2017 |
| 183 | مەحرەمی راز شەرحی غەزلیاتی حافز | ئەکرەم عەنەبی | 2017 |
| 184 | مارکس کێ بوو؟ چاپی دووەم | مەجید مارابی - جەواد حەیدەری | 2017 |
| 185 | ئالان بادیۆ | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 186 | رولان بارت | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 187 | جۆرج باتای | هاوار محەمەد | 2017 |
| 188 | چۆمسکی | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 189 | جۆن دیۆی | د. لوقمان رەئوف - ئارام محمود | 2017 |
| 190 | رۆدۆلف کارناب | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 191 | کۆنفۆشیۆس | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 192 | جولیا کریستیڤا | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 193 | لیڤی شتراوس | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 2017 | کۆمەڵێك نوسەر | مارتین بوبەر | 194 |
| 2017 | کۆمەڵێك نوسەر | ماوتسی تۆنگ | 195 |
| 2017 | سیار خورماڵی | مۆنتیسکۆ | 196 |
| 2017 | کۆمەڵێك نوسەر | پیەر بۆردیۆ | 197 |
| 2017 | کۆمەڵێك نوسەر | سپێنوزا | 198 |
| 2017 | کۆمەڵێك نوسەر | ویتگنشتاین | 199 |
| 2017 | کۆمەڵێك نوسەر | والتەر بنیامین | 200 |
| 2017 | کۆمەڵێك نوسەر | فرانسیس فۆکۆیاما | 201 |
| 2017 | کۆمەڵێك نوسەر | مارتن لۆسەر | 202 |
| 2017 | کۆمەڵێك نوسەر | سان سیمۆن | 203 |
| 2017 | کۆمەڵێك نوسەر | دێڤد هارڤی | 204 |

## پرۆژەی 25 نامیلکەی فەلسەفی

| ژمارە | ناوی نامیلکە | ناوی نوسەر | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | ڕێباز مستەفا | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | کۆمەڵێك نوسەر | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە کیرگە گۆر | شۆڕش مستەفا | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە کارل پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | کۆمەڵێك نوسەر | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | لوقمان ڕەئوف | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | ڕێباز مستەفا | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | 214 |
| 10 | ئاشنابوون بە  جان جاك ڕۆسۆ | کۆمەڵێك نوسەر | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤد هیوم | مستەفا زاهیدی | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | کۆمەڵێك نوسەر | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | عەتا جەمالی | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | کۆمەڵێك نوسەر | 2014 |
| 16 | ئاشنابوون بە ئەریك فرۆم | کۆمەڵێك نوسەر | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون بە قوتابخانەی فرانکفۆرت | عوسمان حەمە ڕەشید | 2014 |
| 18 | ئاشنابوون بە بزوتنەوەی فیمینیزم | کۆمەڵێك نوسەر | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و  شێتی | بازگر | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | کۆمەڵێك نوسەر | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون بە سیکۆلاریزم | کۆمەڵێك نوسەر | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێك نوسەر | 2014 |
| 23 | ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف | لوقمان ڕەئوف | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون بە یۆرگن هابرمانس | کۆمەڵێك نوسەر | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون بە دریدا | کۆمەڵێك نوسەر | 2014 |

پرۆژەی 100 نامیلکەی **فەلسەفی** 1 – 20

| ژمارە | ناوی نامیلکە | ناوی نوسەر | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە بێرکلی | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |
| 2 | ئاشنابوون بە باشلار | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 3 | ئاشنابوون بە دیکارت | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 4 | ئاشنابوون بە هایدگەر | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 5 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز – بەرگی یەکەم | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 6 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز – بەرگی دووەم | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 7 | ئاشنابوون بە هانا ئارێنت | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 8 | ئاشنابوون بە هیگڵ | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 9 | ئاشنابوون بە سارتەر | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 10 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 11 | ئاشنابوون بە ڤۆڵتێر | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 12 | ئاشنابوون بە سلاڤۆی ژیژەك | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 13 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی یەکەم | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 14 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی دووەم | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 15 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی سێیەم | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 16 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی چوارەم | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 17 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی پێنجەم | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 18 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی شەشەم | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 19 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی حەوتەم | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 20 | ئاشنابوون بە مارکس – بەرگی هەشتەم | جەلال حەمید | 2015 |

پرۆژەی 100 نامیلکەی **فەلسەفی** 21 – 40

| ژمارە | ناوی نامیلکە | ناوی نوسەر | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|
| 21 | ئاشنابوون بە فیورباخ | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 22 | ئاشنابوون بە تۆماس مۆر | وریا غەفوری | 2015 |
| 23 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 24 | ئاشنابوون بە گرامشی – بەرگی یەکەم | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |
| 25 | ئاشنابوون بە گرامشی – بەرگی دووەم | ئومێد عوسمان | 2015 |
| 26 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 27 | ئاشنابوون بە دیموکراسی | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 28 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ – بەرگی یەکەم | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 29 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ – بەرگی دووەم | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 30 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ – بەرگی سێیەم | مستەفا زاهیدی | 2015 |
| 31 | ئاشنابوون بە ئەرکون | د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد | 2015 |
| 32 | ئاشنابوون بە فۆکۆ | جەبار ئەحمەد | 2015 |
| 33 | ئاشنابوون بە تۆماس ئەکیونی | ماجید خەلیل | 2015 |
| 34 | ئاشنابوون بە ئەنگڵس | ئارۆ هەورامی | 2015 |
| 35 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل – بەرگی یەکەم | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 36 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل – بەرگی دووەم | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 37 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل – بەرگی سێیەم | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 38 | ئاشنابوون بە جاك لاکان | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 39 | ئاشنابوون بە لایبنتز | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 40 | ئاشنابوون بە میکاڤیلی | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |

پرۆژەی 100 نامیلکەی **فەلسەفی** 41 – 60

| ژمارە | ناوی نامیلکە | ناوی نوسەر | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|
| 41 | ئاشنابوون بە پۆڵ ریکۆر | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 42 | ئاشنابوون بە ئاڵتۆسێر | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 43 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | 2016 |
| 44 | ئاشنابوون بە پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 45 | ئاشنابوون بە دۆرکهایم | ئارام مەحمود – دانا لەتیف جەلال | 2016 |
| 46 | ئاشنابوون بە دریدا | ئارام مەحمود | 2016 |
| 47 | ئاشنابوون بە لیوتار | ماجید خەلیل | 2016 |
| 48 | ئاشنابوون بە لینین – بەرگی یەکەم | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 49 | ئاشنابوون بە لینین – بەرگی دووەم | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 50 | ئاشنابوون بە ترۆتسکی | پێشڕەو محەمەد | 2016 |
| 51 | ئاشنابوون بە بێرتراند راسڵ | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 52 | ئاشنابوون بە پۆپۆلیزم – بەرگی یەکەم | ب. لیڤا | 2016 |
| 53 | ئاشنابوون بە پۆپۆلیزم – بەرگی دووەم | ب. لیڤا | 2016 |
| 54 | ئاشنابوون بە ئەفلاتون | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 55 | ئاشنابوون بە رۆزا لۆکسۆمبۆرگ | ئاکام بەسیم | 2016 |
| 56 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 57 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | شاسوار کەمال | 2016 |
| 58 | ئاشنابوون بە تۆتالیتاریزم – بەرگی یەکەم | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 59 | ئاشنابوون بە تۆتالیتاریزم – بەرگی دووەم | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 60 | ئاشنابوون بە مانفێستی حزبی کۆمۆنیست | موصلح شێخ شیسلامی | 2016 |

پرۆژەی 100 نامیلکەی **فەلسەفی** 61 - 80

| ژمارە | ناوی نامیلکە | ناوی نوسەر | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|
| 61 | ئالان بادیۆ | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 62 | رولان بارت | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 63 | جۆرج باتای | هاوار محەمەد | 2017 |
| 64 | چۆمسکی | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 65 | جۆن دیوی | د. لوقمان رەئوف - ئارام محمود | 2017 |
| 66 | رۆدۆلف کارناب | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 67 | کۆنفۆشیۆس | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 68 | جولیا کریستیڤا | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 69 | لیڤی شتراوس | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 70 | مارتین بوبەر | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 71 | ماوتسی تۆنگ | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 72 | مۆنتیسکۆ | سیار خورماڵی | 2017 |
| 73 | پیەر بۆردیۆ | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 74 | سپێنوزا | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 75 | ویتگنشتاین | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 76 | والتەر بنیامین | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 77 | فرانسیس فۆکۆیاما | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 78 | مارتن لۆسەر | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 79 | سان سیمۆن | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |
| 80 | دێڤد هارڤی | کۆمەڵێك نوسەر | 2017 |

## پڕۆژەی 100 توێژینەوەی جیهانی (1 - 10)

| ژمارە | ناوی توێژینەوە | ناوی نوسەر | ناوی وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | سێگۆشەی گڕگرتوو | ولیام داریمپڵ | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2016 |
| 2 | دەروازەیەك بۆ ناسینی جەنگی عێراق - کوەیت | هەڵگورد جەلال | / | 2016 |
| 3 | گەشتی دوورو درێژی ئەتۆمی ئێران تێچوون و مەترسییەکانی | عەلی فائیز – کەریم سەجادپور | سۆران عەلی | 2016 |
| 4 | چەتەکانی دەریا لە باشوری خۆرهەڵاتی ئاسیا، خۆرئاوای ئەفریقیاو سۆماڵ | مارتن میرفی | هەڵگورد جەلال | 2016 |
| 5 | خەبات لەپێناو فرەییدا دوای شۆڕشەکانی باکوری ئەفریقیا | ئەنتۆنی دۆرکن | سۆران عەلی | 2016 |
| 6 | جوڵانەوەی ئەمازیغی و دینامیکیای ژیانی سیاسی لیبیا | بیلال عەبدوڵڵا | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2016 |
| 7 | نەوت و گازی شیلی ئەمەریکاو ئاکامە جیۆپۆلۆتیکەکانی | بەهزاد ئەحمەدی لفورکی – مەسعود درەخشان | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 8 | کۆچ لە جیهانێکی بێئۆقرەدا | ئەلشێخ بای ئەلحەبیب – رەشید خەشانە | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2016 |
| 9 | تیرۆر، تیرۆریزم و تیرۆریزمی نێودەوڵەتی | د.عەلیرەزا سەمیعی ئیسفەهانی – عەبدولکەریم سالکی | رێباز مستەفا | 2016 |
| 10 | چین و سیستەمی بازرگانی جیهانی | ئادیتیا ماتۆ – ئارڤیند سوبرامانیان | بابان ئەنوەر | 2016 |

## پڕۆژەی 100 توێژینەوەی جیهانی (11 – 20)

| ژمارە | ناوی توێژینەوە | ناوی نوسەر | ناوی وەرگێر | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 11 | پاکستان و گۆڕانیەکانی ناوخۆو دەرەوە | کۆمەڵێك نوسەر | بابان ئەنوەر | 2017 |
| 12 | پەیوەندییەکانی ئێران و هندستان | یەدوڵڵا دهقان – مەهدی کازمی | ماجید خەلیل | 2017 |
| 13 | چین و ئێران | د.فهد مزبان خزار – منوشهر دوراج – مایکل سینگ | محەمەد چیا | 2017 |
| 14 | ژنان لە بەهاری عەرەبیدا | کۆمەڵێك نوسەر | ئەرسەلان حەسەن | 2017 |
| 15 | سیستمی نێودەوڵەتی هێز یان دادپەروەری | هاکان ئالتینای | ئارام مەحمود ئەحمەد | 2017 |
| 16 | رکابەری ئەمەریکاو ئێران لە ئەمەریکای لاتین و ئەفەریقیا | براندۆن فایت – کلۆی کۆگلین – شولت | کۆشان عەلی زەمانی | 2017 |
| 17 | کاریگەرییەکانی دابەزینی نرخی نەوت | راپۆرتی وەرزیی بانکی نێودەوڵەتی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2017 |
| 18 | پێگەی ئێران لە خۆرهەڵات ناوەڕاستدا | بەختیار ئەحمەد ساڵح | / | 2017 |
| 19 | مۆریتانیا وڵاتێکی درەوشاوەی کەنارو بیابان | ئەنوار بوخرس | شاناز هیرانی | 2017 |
| 20 | هەرێمی کوردستان و ململانێ ناوچەییەکان | ئەنوەر حسێن (بازگر) | / | 2017 |

IDEA FOUNDATION

دەزگای ئایدیا

بۆ فکرو لێکۆڵینەوە